# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی
## 2015 - 2016

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر - زریان محەمەد



2016

پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە ترۆتسکی

وەرگێڕانی
پێشڕەو محەمەد

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێرانی: پێشڕەو محەمەد
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولڕەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (92)

# لیۆن ترۆتسکی

## ڤۆدکا، کلێسا و سینەما
## دەربارەی شۆڕش، فاشیزم، تیرۆریزم، ئایین، سیاسەت، هونەر، شیعر و بارودۆخی جیهان

## پێشەکیی وەرگێڕ

«جگەرەکێشان، مەیخواردنەوە، خواردن، تەنها ئامرازێک نییە بۆ بژێوی تاکەکان. بەیەکەوە بوون، هاوبەشبوون، بەیەکەوە چێژوەرگرتن و پێویستبوون بە کۆمەڵگەیش بۆ ئەوان زەروورەتێکی حەتمییە».

«کارڵ مارکس»

### -ژیانی بۆهیمیایی یان شۆڕشگێڕ؟

هەر بەڕاست بکەویتە بەردەم بارودۆخێکەوە، یان دەبێت بۆهیمیایی بیت، یان لەناوچوون و مەرگ، یاخود سازشکردن بۆ دوژمن؟ بۆهیمیایی بوون بۆ فەرماندەی سوپای سوور، شۆڕشگێڕی ڕەسەن و بەوەفا - پراکتیکەڵ - و شەرحکردنی حەمافەتی بۆهیمیایی - وەک مامۆستایەکی تیۆریزەکەر - چارەنووسە، یاخود زۆرلێکردن؟ ئایا بۆهیمیایی ڕەتکردنەوەی دابونەریتی بۆرژوازیی (یان وازهێنانی خۆویستانە) لە شوێنی جێگیربوونی هەمیشەیی و کاری بــەردەوام، چوونی هەمیشە بۆ یانەکان، کافێکان، میوانخانە قەرەباڵغەکان، حەزێکی زۆر بۆ ژیانی شەوانە، ئازادیی سێکسیی بێ پەروا، جۆرێک گروپگەرایی شاراوە بە سوودوەرگرتن لە کۆدگەلێکی رەمزئاسا، کە تەنها لەبەردەستی ئەندامە متمانەپێکراوەکانی گروپەکەدا بێت: ئایا ئەمانە خەسڵەتە کلاسیکییەکانی ژیانی بۆهیمیایین؟ ئەمانە ئەو خەسڵەتانەن

که هێنری مۆرگن له ساڵی 1846 لەکاتی بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکەیەوە، برەویانسەند. یان بۆهیمیا برینییە لە عەشق بۆ هونەر و نەفرەت لە بۆرژوازی؟ ئایا بۆهیمییایی بەدوای قەرەباڵغیدا دەگەڕێت، بێ ئەوەی تیایدا نقوم ببێت، بەڵکو تا بتوانێت خۆی تیادا بشارێتەوە؟

بەڵام دەکرێت دوو جۆر بۆهیمیایی دیاریبکەین:

1. ژیانی بۆهیمیایی هەڵبژێردراو.
2. ژیانی بۆهیمیایی سەپێندراو

ئایا مارکس، ترۆتسکی و زۆرێکی دیکە، کە خاوەن خەسڵەتە کلاسیکییەکانی بۆهیمیایی بوون، سەر بەخاڵی یەکەم بوون یان دووەم؟ بێگومان ئەوان بۆهیمیاییان بەسەردا سەپێنرابوو، نەک ئەوەی خۆیان ئەو ژیانەیان هەڵبژاردبێت، چونکە دواجار ئایدیالی ئەوان دروستکردنی ئایدیایەکی یونیڤێرسال بوو، بۆ شۆڕشی ئازادیی ئینسان و ڕزگارکردنی ئینسان لەکۆت و بەندی نەزمی سەرمایە و چەوساندنەوە، یان ئەوەی واڵتەر بنیامین پێیدەوت: رزگارکردنی ستەملێکراوان، چونکە ئەگەر لای مارکس و ترۆتسکی، شۆڕشی سۆسیالیستی رزگارکردنی ئینسانی ئەمڕۆ و داهاتوو بێت، لەو کۆت و بەندانەی نەزمی سەرمایە و چاوچنۆکیی بازاڕی ئازاد بەسەر ئینسانیدا دەیسەپێنن، ئەوا لای بنیامین، شۆڕشی سۆسیالیستی دەبێت ئەو ستەملێکراوانەش رزگاربکات، کە لە رابردوودا کەوتوونەتە ژێرپێوەو چەوسێنراونەتەوە، رزگارکردنی رابردوو واتا هەم رزگارکردنی داهاتوو، هەم کردنەوەی دنیایەکی بێ چین، بەڵام نەک لەئاستی دونیای کولتووریدا، بەڵکو لەئاستی دروستکردنی کۆمەڵێکی ئینسانیی نیوڤێرسالدا.

بە قەولی ترۆتسکی، بۆهیمیای هونەری، شاری و کۆسمۆپۆلیتیان، لەگەلێک ڕەگەزی جۆراوجۆر پێکدەهاتن کە ڕیشەیان لەنێو زۆرێک لە چینە

کۆمەڵایەتییەکاندا هەبوو، لە فەردە ئاساییەکانی کاروانسەرا گشتییەکانەوە، تاکو کاروانسەرای خاوەن هۆڵی ڕازاوەی ئەریستۆکراتی، کە بەپێی ئەو کۆمەڵگەیەکی تازەیان دروستکردبوو. ترۆتسکی، بۆهیمیایی بوو، بەڵام نەک هەڵبژێردراو، بەڵکو سەپێنراو، لەلایەن ئەو دامودەزگا داپڵۆسێنەرەی ستالینەوە، کە ترۆتسکی تا کاتی تیرۆرکردنی بەدەستی خزمەتگوزارێکی ستالینیی ئیسپانی: ڕۆمەن مەرکادۆ، تیرۆرکرا.

مارکسیش بۆهیمیایی بـوو، بـەڵام سەپێنراو بـوو، دوورخــراوەو ڕەتکراوە و دەرکراو بوو، واڵتەر بنیامینیش هەر بۆهیمیایی بوو، ئەگەرچی دوورخـراوە بوو، لە مەنفاو پەراوێزدا دەژیا، بەڵام دەیویست ڕەهەندە گرنگەکانی بۆهیمیایی لە سیاقی خۆی دەربهێنێت و بیانباتەوە ناو ستراتیژیی شۆڕشگێڕییەوە، ویستی ژیانی بۆهیمیایی ماتریالیزەبکاتەوە، هەروەک چۆن لەگەڵ بودلێردا کردی. ترۆتسکیش هەر بۆهیمیایی بوو، ساڵانێک ژیانی وەک ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕ بەسەربرد، بەڵام ئەمانە بخەرە ناو کەوانەوە بەراورد بە ساڵانی ڕاوەدوونان، لەهەلومەرجێکی ناجێگیریی ئابووریدا، کەچی بیر لە نووسینی مانیفێستی هونەری شۆڕشگێڕی سۆسیالیستی دەکاتەوە لەگەڵ ئەندرە بریتۆندا: نە ئۆتۆرینە، نە ئیجبار، نە کەمترین نیشانەی فەرمان!.

ترۆتسکی ڕاستە بۆهیمیایی بـوو، بـەڵام هەموو تەمەنی وەک شۆڕشگێڕ مایەوە، ویستی بە دامەزراندنی ئەنتەرناسیۆنالی چوارەم، کە هەموو چەپەکانی دنیا تیایدا کۆببنەوە، ڕەوایەتیی چەپ لەدەستی دەزگای ستالینیستی دەربهێنێت، هەر ئەو دەزگایەی بەگشتی (ئەگەرچی پێچەوانەی تێگەیشتنەکەی پێری ئەندرسن) ڕۆڵێکی دژەشۆڕشگێڕی دەگێڕا، تەنانەت دەزگـای ستالینیستی، ڕێگربوو لەبەردەم شۆڕشی ڕزگاریخوازی زۆرێک لە وڵاتانی چەوساوەی ژێر چەتری کۆلۆنیالیزم. ترۆتسکی داوای ئازادی دەکـرد، وەڵامـی داواکارییەکەی ئەو تـەورە بوو کە ڕۆمـەن مەرکادۆی

ئیسپانیی بەکرێگیراوی ستالین کێشای بەنێوچاوانیدا و کوشتی، بەڵام بەر لە مردنی، هیوای سەرکەوتنی بۆ شۆڕشی ڕزگاری و ئازادیخوازی و لایەنگرانی ئەنتەرناسیۆنالیزمی چوارەم خواست(..).

دوای مەرگی ئەو، ئەمڕۆ لەنێو بزووتنەوە سۆسیالیستییەکاندا ئارەزوویەکی گەورە هەیە بۆ گەڕانەوە بۆ ترۆتسکی، هەم لەڕووی تیۆری و هەم پراکتیکییەوە، و زۆرێک لە بیرمەند و تیۆریزەکەرەکانی ئەمڕۆ سەر بە ڕەوتی ترۆتسکین، یان لە پارتە ترۆتسکیستییەکاندا ئەندام بوون، وەک نەڤیل ئەلێکساندەر، پێری ئەندرسن، دانیاڵ بن سەعید، رۆبین بلەکبورن، ڕۆبەرت بێرنەر، پییەر برویە، تۆنی کلیف، هال درییەر، تێری ئیگڵتۆن، ئەلێکس کالینیکۆس، نۆرمەن گراس، ئەدۆڵتۆ گیلی، دونکەن هالاس، نیگڵ هەریس، میشێل لووی، و ئێرنست مەندڵ.

شایانی باسە، ئەزموونی ستالین، پاشان وردە وردە زاڵبوونی لیبراڵ دیموکراسی لە خۆرئاوا، زۆرێک لە بیرمەندە چەپەکانی بەرەو گەڕانەوە بۆ بواری سەرتاپا تیۆریی و دوورکەوتنەوە، لە هەر کردەوەیەکی سیاسیی و ڕێکخستنی دەستەجەمعی برد، و لەو ئان و ساتەدا بوو ئادۆرنۆ لە ڕەخنەکردنی وتارێکی بنیامیندا دەنووسێت: تەنها تیۆرییە دەتوانێت تەلەسم و جادو تێکبشکێنێت. یان مارکوزە دەڵێت بەرانبەر بە هەیمەنەی دەسەڵات، دەبێت بە قوڵی بنووسین، ئەگەرچی مارکۆزە خۆی ئەکتیڤیستێکی بەرچاویش بووە لە هەمانکاتدا، بەڵام ئەمانە نەبوونە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە ئەم بیرمەندانە بەرانبەر بە هەیمەنەی سەرمایەداری یەکبگرن و بەرەو ڕێکخستنێکی سەرتاپاگیر بچن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەرە بەرە تا دەگاتە ئەمڕۆ، سەرمایەداری ببێتە تاکە مۆدێلی ژیانی بێ بەدیل و ئەڵتەرناتیڤ، یان هەر ئەوەی زیگموند باومەن پێیدەڵێت: ژیانی بێ ئۆپۆزیسیۆن.

بەڵام لە دەیەی 1940ـەوە تا ئەمڕۆ تەنها ڕەوتی ترۆتسکیستی بووە، کە ڕۆڵی لە ڕێکسختنەوە و ستراتیژیی شۆڕشگێڕیدا هەبووە بەرانبەر بە سەرمایەداریی کارەساتی ئەمڕۆ، کە لەسەر بەرهەمهێنانی زیادەبەها دەژی، ئەویش بە بەهای وێرانکردنی سروشت و هەموو سەرچاوە سروشتییەکان و دروستکردنی بێکارییەکی گـەورە لە جیهاندا. تەنانەت تا دەگـاتە بەمرۆش لەلایەن چەپە ڕادیکاڵەکانەوە، هێشتایش بچووکترین ستراتیژیی شۆڕشگێڕی سۆسیالیستی نابینرێت، هەر لە ئادۆرنۆ، ئالتووسێر، دولا ڤۆلپ، هۆرکهایمەر، مارکوزە و سارتەرەوە بیگرە، تا چەپە ڕادیکاڵەکانی وەک سلاڤۆی ژیـژەک، ئالان بادیۆ، ژاک ڕانسێر، ئەرنستۆ لاکلاو و ...هتد، خاوەن هیچ ستراتیژێکی شۆڕشگێڕی نەبن و ڕەخنەکانیان زیاتر لە ئاستی تیۆریدا بمێنێنەوە، ئەمەش وابکات بەباشی لە بارودۆخ و واقیعی باڵادەست تێنەگەن، هەر لەبەر ئەمەش زۆربەی جار تێزەکانیان ساڵێک زیاتر بڕناکات لەسەر نارەزایەتییەکان و پوچەڵ دەبێتەوە، بۆ نموونە لە واڵ ستریتەوە بیگرە تا دەگاتە بەهاری عەرەبی، کە ئەم بیرمەندانە ئەم دیاردانەیان وەک ڕوودانـی ئەکتی سیاسیی ڕادیکاڵ و هاتنە مەیدانی خەڵک لەقەڵەم دا، بەڵام بەهۆی نەناسینی واقیعەکە بەباشی، ئەمڕۆ ئەم خەڵکانە لەکوێن و چی دەکەن؟ دەکرێت بڵێین تێزەکانی چەپە ڕادیکاڵەکانی ئەمڕۆ خەریکی بەفەلسەفیکردن و جوانیناسانەکردنی ڕووداوەکانەوەن، بەبێ ئەوەی مەسەلە و کێشە ئابوورییەکانی ئەمڕۆ، کە دەستیان ناوەتە بینەقاقای ئینسانەوە، گرنگییەکی ئەوتۆی هەبێت. ئایا خۆگڕدانی محەمەد بوعەزیزی بۆ ئەوە بوو کە پۆلیسی تونس نەیدەهێشت خەریکی مەسەلە فەلسەفییەکان بێت و ڕێگای تیۆریزەکردنی ئێستاتیکایان لێگرتبوو؟ نەخێر. مارکس لە مانیفێستی پارتی کۆمۆنیستدا باس لە ڕۆشنبیرانێک دەکات، کە وەک بۆرژوازیی لەقەڵەمیان دەدات و پەیوەندیی بە چینی کرێکارەوە دەکەن، تاکو ئایدیاکانی خۆیان

بەپێی ڕەوتی مێژوو، فۆرمولە بکەن، بەڵام دەکرێت بڵێین تەنها ئەوە ڕەوتی ترۆتسکیست بوو لە دوای مەرگی خۆیەوە، هێشتا لە مەسەلەکانی ڕێکخستن و پارت و ستراتیژیی شۆڕشگێڕی دانەبڕاون.

بەکورتی: ئەم کتێبە هەڵبژاردنی کۆمەڵە وتارێکە لە کتێبە جیاوازەکانی ترۆتسکیی، یان وتارە ڕۆژنامەوانییەکانی هەڵمبژاردوون و کۆمکردوونەتەوە، کە بەجۆرێک لەسەر زۆر مەسەلەی تیۆریی و پراکتیکی دەوەستێت، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو دیدگا باوەی پێیوابوو (دیارە باسی دونیای خۆمان دەکەم) ترۆتسکی تەنها چەکبەدەستێکی لینین بووە، بەپێچەوانەوە ترۆتسکی مامۆستای تیۆریزەکردن بووەو هەردوو کتێبی «مێژووی شۆڕشی ڕووسیا» (نزیکەی 1500 لاپەڕە) و «ڕووسیا بەرەو کوێ ملدەنێ» (کە بە ئینگلیزی بووەتە: ئەو شۆڕشەی خیانەتی لێکرا!) بەڵگەن لەسەر قوڵایی فیکری ترۆتسکی، تەنانەت لەڕووی ستایلی ئەدەبی-هونەریشەوە، دەکرێت وەک بەهێزی ستایلی ئەدەبی و پەخشان سەیر بکرێن. زۆربەی وتارەکانی ترۆتسکی، لە ئەرشیفی مارکسیستەکان وەرگیراون و کراون بە کوردی، جگە لە وتارەکەی پێری ئەندرسن لەسەر تەفسیری ترۆتسکی بۆ دیاردەی ستالینیزم، کە لە ژۆرنالی سۆسیالیزم و شۆڕش وەرگیراوە و کراوە بە کوردی.

دواجار، ئەم کتێبە سەر بە زنجیرە کتێبی ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستییە و دەزگای ئایدیا بۆ لێکۆڵینەوەی فیکر، چاپ و بڵاوی دەکاتەوە و سوپاسیان دەکەم.

**پێشڕەو محەمەد**

**2015 ·7 ·15**

**سلێمانی**

## -ترۆتسکی و تیۆریی شۆڕشی بەردەوام

**ئەلێکس کالینیکۆس**

دەکرێت لەنێو ئەو ڕووداوانەدا، بەدوای سەرچاوەکانی ئەو شتەدا بگەڕێین، کە دەبێت پێیبوترێت ترۆتسکیزم، واتا ئەو ڕووداوانەی ترۆتسکی خستووەتە نێو ڕیزی یەکەمی سۆسیالیستەکانی ڕووسەوە، واتا شۆڕشی 1905. تا بەر لەم ڕووداوانە، کە لە لوتکەدا لە زستانی 1905–1906 ترۆتسکی لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا گەیشتە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی نوێنەرانی سان پیترزبۆرگ، ترۆتسکی دەربارەی داهاتووی نزیکی ڕووسیا کۆک بوو لەگەڵ مارکسیستەکانی دیکەدا. دەرکەوتنی مارکسیزم لە ڕووسیا لە سەرەتای دەیـەی 1880، کاردانەوەیەک بوو بـەڕووی نەریتی شۆڕشگێڕیی باو و باڵادەستی نێوان ڕۆشنبیران، واتا بزووتنەوەی پۆپۆلیزم. لای هیومانیستەکان کە بە قوڵی کەوتبوونە ژێر کاریگەریی سۆسیالیزمی خۆرئاوا، گەشەکردنی کۆمەڵگەی ڕووسیا - کۆمەڵگەیەی فیودال و لە بنەڕەتدا کشتوکاڵی کە لەژێر چەتی حاکمییەتی ستەمکاریی تیزاریدا بوو - بۆ وڵاتێکی پیشەسازیی وەک بریتانیا، کارەساتێک بوو، دەبوو بەهەر نرخێک بێت بەری پێبگیرێت. فۆرمەکانی «کۆمۆنە»ی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، کە لەنێوان چینی جوتیاراندا هەبوو، ئەو توانا و ئیمکانەی بەڕووسیا دەبەخشی لە قورسی و سەختییەکانی

سەرمایەداری ڕابکات و ڕاستەوخۆ بەرەو سۆسیالیزم هەنگاو هەڵێنێت. «هیومانیستەمان» بە چەشنێکی بەرفراوان ڕۆڵی هۆیان لە «بەرەوپێشبردنی مێژوو»دا دەبینییەوە، هـەروەک ژێلیابۆڤ، ڕێبەری گروپی تیرۆریستی «ناردۆنایا ڤۆل» ، ئەم کارەی لەڕێگای وێرانکردن و لەناوبردنی فیزیکیی دەسەڵاتی ستەمکاریی ڕووسیادا دەبینییەوە کە ڕێگای سۆسیالیزمی ئەم وڵاتە بوو. پلیخانۆڤ، دامەزرێنەری مارکسیزمی ڕووسی، دژایەتیی وێرانکردنێکی ئیرادییەکی وەهای ستەمکاریی سیزاری دەکرد. ئەو دەیوت سۆسیالیزم بریتییە لە پێشگریمانەی گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان، کە تەنها سەرمایەداری دەتوانێت ئەم هێزانە بەرهەم بهێنێت. گەشەکردنی بازاڕی (سەرمایەداری) و دابەشبوونی کۆمەڵگە جوتیارییەکان لە قۆناغی دواتردا، کە لینین لە سەدەی بیستەمدا دەستیکرد بە شیکارکردنی و بە خستنەڕووی گەلێک بەڵگە و دۆکۆمێنت ئەمەی سەلماند، لە پێشمەرجە سەرەکییە مێژووییەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی بوون.

مارکسیستە ڕووسەکان لەبەردەم دەروازەی شۆڕشی 1905، هەمووان پێیانوابوو دەرەنجامی لۆژیکی ئەم بەڵگەهێنانەوەیە (پلیخانۆڤ و لینین) لەوەدایە، کە شۆڕشی داهاتووی ڕووسیا دەبێت شۆڕشێکی «بۆرژوازیی-دیموکراتی» بێت. ئەم شۆڕشە، هاوشێوەی شۆڕشەکانی بریتانیا و فەڕەنسا لە ڕابردوودا، سیستەمی ستەمکاریی لەنێو بردووە و چوارچێوەیەکی سیاسیی دەهێنێنە بوون، تاکو سەرمایەداری بتوانێت بە چەشنێکی بێ جڵەو گەشە بکات. بەمجۆرە، گەلێک بیروڕای جیاوازی سەرەکیی دەربارەی ڕۆڵی چینە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان (کرێکاران و بۆرژوازی) لە شۆڕشی بۆرژوازیی ڕووسیدا بوونی هەبوو. لەڕاستیدا ئەو درزە مێژووییەی لە کۆنگرەی 1903ی پارتی سۆسیال دیموکراتیی کرێکارانی ڕووسیا، لەنێوان بەرەکانی بەلشەڤیک و مەنشەڤیکدا دەرکەوت، ئەگەرچی بەهۆی کێشە تەشکیلاتی و ڕێکخستنەکانی

حزبەوە خێرایی بەخۆیەوە بینی، بەڵام خێراتربوون و بەهێزبوونی بەهۆی جیاوازیی بۆچوونی دوو بەرە دەربارەی ڕۆڵی چینە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان بوو. پلیخانۆڤ و مەنشەڤیکەکان چاوەڕوانیی ئەوە بوون بۆرژوازیی لیبراڵ هەمان ڕۆڵی ڕێبەری بگێڕێت، کە بەپێی باوەڕی ئەوان، هاوتا ئینگلیزی و فەرەنسییەکانی خۆیان لە شۆڕشەکانی خۆیاندا ئەم ڕۆڵانەیان گێڕابوو؛ بەپێی ئەم پێشبینییە، وەزیفەی بزووتنەوەی تازەدامەزراوی کرێکارانی ڕووسیا هەمان پشتیوانیکردن بوو لە لیبراڵەکان لە بەرانبەر بە تزاردا – تەنها کاتێک سەرەی کرێکاران دێت کە سیستەمی ستەمکاری هەڵوەشابێتەوە و سەرمایەداریی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیکردبێت. بەپێچەوانەی ئەوانەوە، لینین و بەلشەڤیکەکان، پێیانوابوو گەشەکردنی دووچاری دواخراوی سەرمایەداریی ڕووسی، بووەتە هۆی ئەوەی بۆرژوازیی لەڕوانگەی ئابوورییەوە، وابەستە بێت بە دەوڵەت و سەرمایەی دەرەکییەوە و لەڕووی سیاسییشەوە فەرمانبەر و ئەڵقەلەگوێی دەوڵەت بێت. لیبراڵەکان هەرگیز ناتوانن هەنگاوێکی جەماوەری دژ بە دەوڵەتی ستەمکاری هەڵبێنن، ئەوان تەنانەت لە بەرانبەر بە پرۆلیتاریادا، پشتیوانیی دەوڵەت دەکەن، ئەو پرۆلیتارییایەی ماوەیەک پێش نیشانەگەلێکی وەک «لەبەردەستدانەبوون»ی پیشاندابوو. بزووتنەوەی کرێکاری دەبێت لەم هەلومەرجەدا هەمان ئەو ڕۆڵە بگێڕێت، کە بۆرژوازیی بێ هێز بەجێی هێشتووە، و ئەم بزووتنەوەیە بتوانێت توێژە جوتیارییەکان دژ بە تزار بوروژێنێت. ئەگەر پارتی سۆسیال دیموکراتی کرێکارانی ڕووسیا جڵەوی کردەوەکە لە زەمەنی ڕاپەڕینێکی گشتیدا بەدەستەوەبگرێت، ڕەنگە بتوانێت «دیکتاتۆرییەکی دیموکراتیی شۆڕشگێڕیی پرۆلیتاریا و جوتیاران» بکاتە جێگرەوە و ئەڵتەرناتیڤی حکومەتی ستەمکاری، و حکومەتی نوێ هەوڵدەدات لەنێو سنووری سەرمایەداریدا، هەلومەرجەکانی گواستنەوە و تێپەڕین بۆ سۆسیالیزم فەراهەمبکات و بیرەخسێنێت.

شیکارییەکەی لینین، دروستتر و ڕاستتر دەرچوو لە شیکارییەکەی پلیخانۆڤ، هەم لە شۆڕشی 1905 و هەم لە شۆڕشی 1917دا: سەرمایەدارە لیبراڵەکان لە هەردوو شۆڕشەکەدا، زیاتر لە جوتیاران و کرێکارانی ڕاپەڕیو دەترسان نەک ڕژێمی کۆن. ترۆتسکی ئەگەرچی شیکارییەکەی لینینی قبوڵکرد، بەڵام لەمەش تێپەڕی. لە هەنگاوی یەکەمدا، ئەو پاساوی بۆ گەشەکردنی سەرمایەداریی ڕووسی لەنێو هەلومەرجی ئابووریی جیهانیدا هێنایەوە. بەپێی ئەم پاساوە، بەپیشەسازیکردنی خێرا، کە بەرهەمی هاوکاریی ڕژێمی پاشایەتیی ڕووسیا بوو لەگەڵ سەرمایەگوزارە دەرەکییەکانی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، وەڵامێک بوو بۆ فشارە کێبڕکێخوازییەکان، کە لە سیستەمی دەوڵەتیدا بە مانا ئەوروپاییەکەی، بوونی هەبوو: دەسەڵاتی سەربازی ئێستا پێویستیی بە بناغەیەکی پیشەسازیی پێشکەوتوو هەبوو. بۆیە، نموونە و پشتڕاستکردنەوەکەی شتێک بوو ترۆتسکی دواتر ناوی «یاسای گەشەکردنی تێکەڵ»ی بەسەردا بڕی، واتا «کۆبوونەوەی قۆناغە جیاوازەکانی گەشتێک (گەشەکردنێک)، تێکەڵێکی هەنگاوە سەربەخۆکان، پێکهاتەیەکی فۆرمە کۆن و تازەکان». لەسەر بنەمای «ئیمتیازیی دواکەوتوویی ئابووریی»، ڕووسیا لەبری ئەوەی کۆی قۆناغە جیاوازەکان بەجێبێڵێت، کە وڵاتانی وەک بریتانیا و فەڕەنسا لە تێپەڕین بۆ سەرمایەداری، بڕیان، دەتوانێت سوود لە پێشکەوتووترین فۆرمەکانی تەکنەلۆژیا و ڕێکخراوە هەبووەکانی ناو غەرب وەربگرێت و نوێترین یەکە پیشەسازییەکان هاوردە بکات. کارگە جیهانییەکان لە ڕووسیا هەبوون، ئەویش لە هەلومەرجێکدایە، کە ژمارەیەکی زۆری جوتیاران هەژار بوون. پرۆلیتاریای نوێ، کە لەنێو چەند سەنتەرێکی شارە گەورەکاندا چڕ بووبوونەوە، توانیبووی نفوزی تەواو بەرزتر لە ژمارەی ئەندامەکانی دەربخات. چینی کرێکار کەوتبوونە بەردەم تەواوی بەدبەختییە کۆمەڵایەتییەکان، واتا ئەو بەدبەختییانەی لە گەشەکردنی پیشەسازیی خێرادا

سەرچاوەیان گرتبوو، هەروەها مەحرومبوون لە مافی سیاسیی، و بەباوەڕی ترۆتسکی (وەک لینین)، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کرێکاران ڕۆڵێکی سەرەکیی لە خەباتی دژ بە تزاریزمدا بگێڕن.

لەم قۆناغە بەدواوە، ڕێگای ترۆتسکی لە لینین جیابووەوە. ترۆتسکی باسی لەوە کرد، کە بەلشەڤیکەکان زیادەڕەویی دەکەن لە توانای جوتیاران بۆ کاری شۆڕش وەک هێزێکی سەربەخۆی کۆمەڵایەتی و سیاسی:

جوتیاران بەهۆی پەرتەوازەییانەوە، بەهۆی دواکەوتوویی سیاسییانەوە، بەتایبەتی بەهۆی پارادۆکسییە ناوەکییە قووڵەکانیانەوە، کە لەنێو چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریدا مەحاڵە چارەسەر بکرێت، تەنها دەتوانێت چەند لێدانێکی بەهێز لە پشتە سەری ڕژێمی کۆن بدەن، وەک ڕاپەڕینە خۆڕسکەکانی ناوچە گوندنیشنەکان لەلایەکەوە، و لەلایەکی دیکەوە دروستکردنی ناڕەزایەتی و بێزاری لەناو سوپادا.

بەبۆچوونی ترۆتسکی، چینی جوتیار تەنها دەتوانێت وەک هێزێکی نەتەوەیی و لەژێر کاریگەریی چینێکی شارنشیندا، چالاکی بنوێنێت. پارتە جوتیارەکانی وەک «سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان»، کە بەپێی پێشبینییەکەی لینین بەشداریی لە «دیکتاتۆریی دیموکراتیی شۆڕشگێڕی»دا دەکەن، دیمەنی زاڵبوونی بۆرژوازیی شاری و وردەبۆرژوازییە بەسەر توێژە گوندنیشینەکاندا. فارکسیۆنەکانی نێوان پارتە ناوبراوەکان و پارتی سۆسیال دیموکراتیی کرێکارانی ڕووسیا، بە ناچاری تەسلیمی ئەو ناکۆکییانە دەبێت، کە لەنێو دڵی ئەم فراکسیۆنەدا لەئارادایە. پرۆلیتاریا دەتوانێت یەکێک لەم دوو ڕێگایە بگرێتە بەر: «فەرمانی خۆ-مەحرومکردنی خۆی» دەربکات و واز لە بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆی بهێنێت، بۆ بەرەوپێشچوونی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی، کە بەمجۆرە بەرە بەرە بەهۆی بۆرژوازییەوە لەپەلوپۆ دەکەوێت؛، یان هێرش بەرێتە سەر دەسەڵاتی ئابوریی سەرمایە، بۆ نموونە لەڕێگای

داگیرکردنی ئەو دامەزراوانەی کرێکارانیان دەرکردووە، و لەم شێوەیەدا، دەچێتە ئەودیوی سنوورەکانی شۆڕشی بۆرژوازیی-دیموکراتی و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دادەمەزرێنێت. ترۆتسکی دەڵێت (دەبێت سۆسیالیستە ڕووسەکان ڕێگای دووەم بگرنەبەر). کەواتە، تەنها لەڕێگای «شۆڕشێکی بەردەوامەوە» کە تیایدا، ڕەگەزە بۆرژوازیی و سۆسیالیستییەکان تێکەڵی یەکتری دەبن، دەکرێت تزاریزم وێران بکرێت.

ئەم هەڵوێستە بووە هۆی ئەوەی ترۆتسکی، تا بەرپابوونی شۆڕشی فێبریوەریی 1917ی ڕووسیا، لە گۆشەگیریدا بمێنێتەوە، پاشان ئەو کێشەیە بەدیهات، کە ئەو پێش لە دەیەیەک پێشبینیی کردبوو. حکومەتی کاتیی لیبراڵ(ی کێرنسکی) تەنها دەیتوانی بە پشتیوانیی شوراکان، گەرەنتیی مانەوەی خۆی بکات، لەکاتێکدا ئەم حکومەتە سەرەڕای بەهرەمەندبوون لە پشتیوانیی مەنشەڤیکەکان و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕییەکان، لەلایەن سەرانی بەلشەڤیک و بەتایبەت ستالین و کامینیڤیشەوە پشتیوانیی لێدەکرا. لینین دوای گەڕانەوەی بۆ ڕووسیا لە ئەپرێلی 1917دا، پشتیوانی حزبی بۆ ستراتیژییەتێکی تەواو جیاواز، بەخێرایی بەدەستهێنا، واتا بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بەهۆی شوراکانەوە بەپێی بەرنامەیەک دەستەبەسەرداگرتنی موڵکی ئەریستۆکراتەکان و سپاردنییان بە جوتیاران، هاوڕا لەگەڵ خواستەکانی دیکەدا - بۆنموونە چاودێریی کرێکاران بەسەر کارگەکاندا، کە پێشەکی و دەروازەیەکی سۆسیالیزم بوو - دابین دەکرد. زۆرێک لە بەلشەڤیکە کۆنەکان دەستیان کرد بە گلەیی کە «تێزەکانی ئەپرێل»ی لینین هاوتا و هاوڕایە لەگەڵ ترۆتسکیزمدا. قبوڵکردنی واقیعی و پراکتیکیی تیۆریی شۆڕشی بەردەوام لەلایەن بەلشەڤیکەکانەوە، کۆمەکمان پێدەکات لەم خاڵە تێبگەین کە بۆچی ترۆتسکی بڕیاردا لە هاوینی 1917 بچێتە پاڵ بەلشەڤیکەکانەوە. فاکتەرێکی دیکەیش هەبوو. لە کۆنگرەی 1903ی پارتی سۆسیال دیموکرات بەولاوە، ترۆتسکی دژ بە هەوڵەکانی

لینین بوو بۆ دامەزراندنی پارتێکی شۆڕشگێڕی سەنتراڵ. ئەویش وەک ڕۆزا لەکسمبۆرگ پێیوابوو گەشەکردنی خەباتی جەماوەریی کرێکاران دەبێتە هۆی گەشەکردنی خودئاگایی، و ئەم خودئاگاییە بۆ پرۆلیتاریا زەروورییە، چونکە دەتوانێت ڕۆڵی سیاسیی سەربەخۆ بگێڕێت، کە تیۆریی شۆڕشی بەردەوام، بەشێوەیەکی ناوەکیی دەریبڕیبوو. پارتی شۆڕشگێڕ دەبێت لە بنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی ڕەوتی پەرەسەندنی خودئاگایی چینی کرێکار بێت. بەمجۆرە، پێدەچێت شۆڕشی فێبریوەری 1917 و ئاکامەکانی، ترۆتسکی ڕازیکردبێت، کە لینین ڕاستدەکات: تەنها دروستکردنی ڕێکخراوێکی پێشڕەوی هۆمۆژێن و چوونییەکی وەک ڕێکخراوی بەلشەڤیکەکان، دەتوانێت ناوەندێکی پێویست بۆ داگیرکردنی دەسەڵات، بخاتە بەردەستی بزووتنەوەی خۆڕسکیی خەباتی چینایەتی. «بەبێ ڕێکخراوێکی ڕێنوێنیکەر، وزە و توانای جەماوەران پەرتەوازە دەبێت، وەک پەرتەوازەبوونی هەڵمی نێو پیستۆن - یان هەڵمی جوڵێنەری مەکینە، بۆیە ئەو شتەی مەکینە دەجوڵێنێت پیستۆن نییە، بەڵکو خودی هێزی هەڵمە. لەڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە، تیۆریی شۆڕشی بەردەوامی ترۆتسکی، بەبێ بوونی بەلشەڤیکەکان، تەنها ئایدیایەک بوو بەبێ هیچ میکانیزمێکی جێبەجێکردن، سەرەڕای تەواوی تواناکانی ترۆتسکی وەک ڕێبەرێکی کۆمەڵانی خەڵک.

شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 لەمیانەی جەختکردنەوە لەسەر لەسەر پێشبینییەکەی ترۆتسکی، تایپە نەریتییەکانی مارکسیزمی ئەرتەدۆکسی بەسەر دوو گروپدا دابەش کرد: بە قەولی گرامشی «شۆڕشی ئۆکتۆبەر شۆڕشێکی واقیعی بوو دژ بە سەرمایە» - بە دەربڕینێکی دیکە، ئەم شۆڕشە پرۆژە ڕێکراوەکانی کائۆتسکی، پلیخانۆڤ، و تیۆریزەکەرانی دیکەی ئەنتەرناسیۆنالی دووەمی بردە ژێرپرسیارەوە، کە دەربارەی مێژوو وەک ڕیزێک مۆدێلی بەرهەمهێنانی بەردەوامن، و پاشکۆی جەبری مونڵەقن و سەرکەوتنی حەتمیی

سۆسیالیزمیان لێدەکەوێتەوە. بۆیە، تەنها لە دەیەی دواتردا بوو ترۆتسکی ئەو شتەی کرد بە تیۆرییەکی شۆڕش لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا، کە تەنها شیکارییەکی تایبەتیی سەیروسەمەرەی گەشەکردنی مێژوویی ڕووسیا بوو. بۆنەکەیشی شۆڕشی 1925–1927ی چین بوو. ستالین و بوخارین کە لەو ڕۆژگارەدا ڕێبەری بەرەی باڵادەستی حزبی بەلشەڤیک بوون و ڕێبەرایەتیی ئەنتەرناسیۆنالیزمی سێیەم یان کۆمینتریان لەئەستۆ بوو، پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە پارتی کۆمۆنیستی چین بە گرتنەبەری مۆدێلی ستراتیژیی کۆنی بەلشەڤیکەکان، لە «بلۆکێکی پێکهاتوو لە چوار چینی کۆمەڵایەتی» لەگەڵ بەرەی ناسیۆنالیستی بۆرژوازیی (کە «کۆمین تانگ» بەرجەستەکەری بوو) یەک بگرێت تا بتوانێت «شۆڕشی دیموکراتیکیی نەتەوەیی» پراکتیزە بکات کە بۆ ڕزگاربوون لە چنگی چەوسێنەرانی بێگانە زەرووریيە. ترۆتسکی لەڕوانگەیەکی ڕەخنەییەوە، خێرا دەستیکرد بە دیاریکردنی هەڵەکانی سیاسەتی ناوبراو - چونکە کۆمین تانگ دوای ئەوەی سوودی لە بوونی کۆمۆنیستەکان وەرگرت بۆ زاڵبوون بەسەر فەرماندەکانی سوپادا، پاشان سەرە گەیشتە کۆمۆنیستەکان و ئەوانی قەتڵ و عام کرد - و ئەم تیۆرییە بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کە بۆرژوازیی لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا، چیتر ناتوانێت ڕۆڵێکی شۆڕشگێڕی بگێڕێت، بەڵام ترۆتسکی ئەوەشی ئیزافە کرد هەمان پرۆسە جیهانییەکانی گەشەکردنی سەرمایەداری، واتا تێکەڵکردنی وڵاتە پێشکەوتوو و دواکەوتووەکان، کە ترۆتسکی ناوی «گەشەکردنی نایەکسان و تێکەڵ»ی بەسەردا بڕین، ئەمەش سەرمایەدارانی بە ئیمپریالیزمەوە دەبەستەوە، لە هەمانکاتدا لە وڵاتگەلێکی وەک چین و هیندستان، هەروەها وەک ڕووسیا، بووە هۆی پەیدابوونی چینی کرێکار. ئەم کرێکارانە، لەگەڵ ئەوەی لەڕووی ژمارەییەوە کەمینە بوون، بەڵام پانتایی نفوزیان بەرزتربوو لە ژمارەی بونیان. ترۆتسکی پێیوابوو هەیمەنەی ئیمپریالیزم بەسەر خاڵەکانی دیکەی جیهاندا

تەنها دەکرێت لە یەک شوێن و کاتدا تێکبشکێنرێن، کە پرۆلیتاریای وڵاتە دواکەوتووەکان بتوانن ڕێبەرانی جوتیاران لەو شۆڕشانەدا بگرنە ئەستۆی خۆیان کە لەمیانەی سڕینەوەی قۆناغی ئابووریی پێش-سەرمایەداری و چەوساندنەوە وەربەرهێنانی کۆڵۆنیالیستی، دەستبکەن بە تێپەڕین بەرەو سۆسیالیزم.

تیۆریی شۆڕشی بەردەوام، لە فۆرمە گشتی و یونیڤێرسالەکەی خۆیدا، بریتی بوو لە تەحەدایەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو شتەدا کە دوای ساڵی 1945 فۆرمی ئەرتەدۆکسییەکی وەرگرت لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهاندا، کە کاریگەربوون بە مۆدێلەکانی مارکسیزم-لینینیزمی ڕووسی، چینی یان کوبایی، لەبەرئەوەی ئەم بزووتنەوانە هەوڵیاندەدا بە پەیڕەویکردنی مۆدێلی چینی، گەلێک فراکسیۆن بە ئەندامێتیی کرێکاران، جوتیاران، ڕۆشنبیران و «بۆرژوازیی نەتەوەیی» (واتا ئەو توێژەی سەرمایەداران کە واگریمانە دەکرا حەز بە دابڕان دەکەن لە ئیمپریالیزم) بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی نەتەوەیی دروست بکەن، ترۆتسکی پێداگریی لەسەر ناکۆکییە چینایەتییەکانی ناو ئەم فراکسیۆنانە و خەسڵەتی جیاواز و دیاریکراوی پرۆلیتاریا کرد وەک تەنها هێزێک کە سەرەڕای حەزی بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی، توانای ئەنجامدانی ئەم کارەیشی هەیە. ترۆتسکی هەر ئەم ناوەڕۆکانەی لە نووسینەکانی خۆیدا دەربارەی ئەوروپا، لە دەیەی 1930دا دەربڕی. ئەو بەهێزێکی زۆرەوە دژ بە سیاسەتی کۆنگرەی سێیەمی کۆمینترن بوو لە کۆتاییەکانی دەیەی 1920 و سەرەتاکانی دەیەی 1930. کۆمینترن، پێشنیاریی یەکێتیی پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا لەگەڵ حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەو وڵاتە دژ بە نازییەکان کردبوو؛ لەکاتێکدا ترۆتسکی دەیگوت پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا و نازییەکان، هەردووکیان خراپن. ترۆتسکی دژ بە ستراتیژیی ستالین لە ساڵی 1935 بوو کە لەسەر «دامەزراندنی بەرە جەماوەرییەکان»ی دژە فاشیست لەگەڵ بەشداریی

بزووتنەوەی کرێکاری و بەرەی «دیموکراتیی» بۆرژوازیی وەستابوو. ئەو بەڵگە دەهێنێتەوە، کە دروستکردنی بەرە جەماوەرییەکان لەبری ئەوەی ببێتە هۆی یەکێتیی چینی کرێکار لەبەرانبەر فاشیزمدا، دەبێتە هۆی ئەوەی بەرە جەماوەرییەکان لە فەڕەنسا و ئیسپانیا، لە پراکتیکدا، بەرژەوەندییەکانی کرێکاران بکەنە قوربانی بەژرەوەندییەکانی سەرمایەداری، و دەرەنجامەکانی ئەم جۆرە یەکێتییەش، تەنها دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ڕژێمەکانی هیتلەر، مۆسۆلینی و فرانکۆ. وەک لە تیۆریی شۆڕشی بەردەوامدا، لەم بوارەشدا ترۆتسکی باوەڕیی بە ئەولەویەتی هەنگاوی سەربەخۆی چینی کرێکار هەبوو.

# ترۆتسکی و تەفسیرکردنی ستالینیزم

**پێری ئەندرسن**

تەفسیری ترۆتسکی بۆ مانای مێژوویی ستالینیزم، لەمیانەی قۆناغی بیست ساڵەی خەباتی سیاسیی پراکتیکی دژ بەم دیاردەیە، پەرەیسەند. ئەم تەفسیرە، تاکو ئەمڕۆ یەکگرتووترین و تەواوترین شێوازی تیۆریزەکردنە لە پەیوەندیدا بە دیاردەی ستالینیزم لەنێو نەریتی مارکسیستیدا. دەکرێت ئایدیا و بیروباوەڕەکانی ترۆتسکی بۆ سێ قۆناغی بنچینەیی دابەش بکەین، کە لە ڕەوتی بەرکەوتن لەگەڵ ڕووداوەکان و پارادۆکسە گرنگ و سەرەکییەکانی ئەو ساڵانەدا گەشەیکرد. کورتە مێژووی نووسینە سەرەتاییەکانی ترۆتسکی دەربارەی ئەم بابەتە دەگەڕێنەوە بۆ بابەتی خەباتی ناوەکیی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت، کە دوای جەنگی ناوخۆیی دەستیپێکرد. لەو نووسینانەدا ئێمە بەر تێرمی ستالینیزم ناکەوین. زیاتر جەخت لەسەر زاراوەی «بیرۆکراتیزم» دەکرێتەوە کە لەو ڕۆژگارەدا لەناو حزب باو بوو. کتێبی «بەرنامەی نوێ» (1923)، کلیلیترین نووسینی ئەم قۆناغەیە. لەم کتێبەدا ترۆتسکی لە کۆتایی تەمەنیدا خەریکی درێژەدانە بە کارەکەی لینین دەبێت.

باسەکەی لینین ئەوە بوو، کە بیرۆکراتیزم ڕیشەکەی بۆ دوو فاکتەری بنچینەیی دەگەڕێنەوە: یەکەم، بۆ «نەبوونی کولتووری»ی کۆمەڵانی خەڵکی

ڕووسی، چی لادێی و چی شاری، کە ئەوانی لە توانای زەرووریی بۆ بەڕێوەبردنی دروستی وڵات لە قۆناغی دوای جەنگ مەحروم کردبوو، دووەم، دەگەڕێنەوە بۆ جەوهەری وردەکاڵا و بژێویی ئابووریی کشتوکاڵ، بە پەرتەوازەییەکی بەرفراوانی بەرهەمهێنەرانی سەرەتایی، کە بووبووەهۆی چڕبوونەوەی لەڕادەبەدەر و حەتمی دەزگای دەوڵەتی لە ڕووسیادا. ترۆتسکی فاکتەری سێیەمیش زیاد دەکات: ململانێی حەتمیی نێوان بەرژەوەندییە خێرا و درێژماوەکانی چینی کرێکار لە نێو دەگمەنییەکان و پێداویستییە زەرووریەکانی سەردەمی دروستکەری دوای جەنگ. بەڵام، گرنگتر لەوە، ئەو جەخت دەکاتەوە، بیرۆکراتیزم «تەنها کۆمەڵە داب و نەریتی نەخوازراوی دەسەڵاتداران» نییە، بەڵکو، «دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی-میلیتاریی دیاریکراوی بەڕێوەبردنی تاکەکان و شتەکان»ـە(1). شوێنی سەرەکیی ئەم دیاردەیە دەزگای دەوڵەتی بوو، بەڵام ئەم دەزگایە بە ڕاکێشانیی «چەندایەتیی شایستەی بینینی چالاکترین ئەندامانی حزب»(2) کاریگەریی لەسەر خودی پارتی بەلشەڤیکیش دادەنا. دەرەنجامی ئەم تێکچوونە بریتی بوو لە باڵادەستبوونی بەرچاوی دەزگای سەنتڕاڵ لەناوەوەی حزبدا کە لەڕێگای سیستەمی پۆست و دیاریکردنەوە کاری دەکرد، دەبووە ڕێگر و بەربەست لەبەردەم دیبەیتە دیموکراسییەکان و گاردی کۆنی حزبی لە ڕیزەکانی حزب و ئەندامە گەنجترەکان جیادەکرەوە. ئەم گۆڕانانە، مەترسیی «لەناوچوونی بیرۆکراتیک»(3)ی خودی گاردی کۆنی زەق دەکردەوە. بەمجۆرە، لەڕوانگەی ترۆتسکییەوە، بیرۆکراتیزم تەنها «ئاسەواری بەجێماوی ڕژێمی پێشوو، ئاسەواری بەرەو لەناوچوون، نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە، لەبنچینەدا دیاردەیەکی تازە دەرکەوتووە کە لە ئەرکە تازەکانەوە، ڕۆڵە تازەکانەوە، کێشە تازەکان و هەڵە تازەکانی حزبەوە سەرچاوە دەگرێت»(4). لێرەدا ترۆتسکی بەڕوونی دەچێتە ئەودیوی شیکارییەکەی لینینەوە.

## شکستی ئۆپۆزیسیۆنی چەپ

بەر لە سەرکەوتنی دارودەستەی ستالین لەناوەوەی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤێتدا، «بەرنامەی نوێ» مەترسیی بیرۆکراتیزمی ڕاگەیاندبوو. دوای ئەم سەرکەوتنە و لە کۆتاییەکانی دەیەی 1920دا، نووسینەکانی ترۆتسکی هەوڵ و تەقەلایەک دەردەخات بەئاراستەی خستنەڕووی دەربڕینێکی هەمەلایەنتر و تـەواوتـری ئەم دیـاردەیـە تـازەدەرکـەوتـووە. بە ئەگەرێکەوە کتێبی «ئەنتەرناسیۆنالی سێیەم دوای لینین» (1928)، گرنگترین نووسینی ترۆتسکییە بۆ خستنەڕووی تیۆرییەکانی لە قۆناغی دووەمی پەرەسەندنی فیکری ئەودا. لەم نووسینەدا ئەو شکستی ئۆپۆزیسیۆنی چەپی ناوەوەی ڕووسیا، کە بوو بووە هۆی سەرکەوتنی ناوەکیی ڕژێمی بیرۆکراتیک، بە سەرچاوەگرتوو لە کەوتنی خەباتی چینایەتی لە ئاستی جیهانیدا دەبینێت.

گرنگترینیان، کارەساتی شکستی شۆڕشەکانی ئەڵمانیا لە ساڵی 1923 و چین لە ساڵی 1927 لە سنوورەکانی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتی یەکێتیی سۆڤێتدا بوو. وەرگێڕانی گۆڕان لە هاوکێشەی هێزە چینایەتییەکاندا لە ئاستی جیهانیدا لە بەرژەوەندیی سەرمایە، بووە هۆی زیادبوونی حەتمیی فشارەکانی چینە ناپرۆلیتارییەکان لە ناوەوەی خودی حزبی بەلشەڤیکی ڕووسیادا. بێتوانایی بـەرەی ستالین لە پیادەکردنی سیاسەتێکی بە پیشەسازیکردنی خێرای سۆڤێت، کە دەیتوانی کێشی پرۆلیتاریای سۆڤێت بەهێزتر بکات، خۆی لەخۆیدا ئەم کێشەیەی بەهێزتر و زەقتر کردەوە. دوای ئەوەی دەرەنجامە سەرەتاییەکانی بەرنامەی پێنج ساڵە دەرکـەوت، ترۆتسکی تیۆرییەکەی خۆی بەم جۆرە دەستکاریکرد کە «ئەریستۆکراتیزمی کرێکاری»ی نوێ کە بەهۆی ستاخۆنیڤیزمەوە دامەزراوەو لەسەرەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار وەستاوە، بەشێوەیەکی ئوبێکتیڤ وەک پایەگای پشتیوانیی ڕژێمی بیرۆکراتیک لەناوەوەی حزبدا کار دەکات. بەرەی ستالین کە سەرکەوتنەکەی دەگەڕایەوە

بۆ دروشمی سۆسیال–پاتریۆتیک «سۆسیالیزم له وڵاتێکدا»، هێشتا لەلایەن ترۆتسکییەوە وەک بەرەی سەنترال–ناوەڕاستی بەرەی ڕاست (بوخارین، ڕایکیڤ، و تۆمسکی) و بەرەی چەپ و دروستکراوی دەزگای هەمیشەیی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیێت هەڵدەسەنگێنرا.

ترۆتسکی لە ئۆتۆبیۆگرافیای خۆیدا بەناوی «ژیانی من» (1929)، میکانیزمە کۆمەڵایەتی–دەروونییەکان دیاریدەکات کە بووەتە هۆی گۆڕانی زۆرێک لە شۆڕشگێڕانی 1917 بۆ کارگوزارانی ئەم ڕژێمە - «ڕزگاربوونی بێ کولتوورەکانی ناو بەلشەڤیکەکان». ئەو دەریدەخات، کە بەدوای دابەزینی جۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕیی کۆمەڵانی خەڵکی ڕاپەڕیو دوای کۆتایی جەنگی ناوخۆیی و هیلاک و شەکەتبوون، و کەمتەرخەمی، قۆناغی «کۆنەپارێزییەکی کۆمەڵایەتی» گشتێنراو لە یەکێتیی سۆڤێتدا سەرهەڵدەدات. ترۆتسکی لە وتارەکانی دواتریدا کە دەربارەی پەیوەندیی بە سیاسەتی پیشەسازیکردنی ستالین نووسینی، زاراوەی «بەرەی سەنترال» بۆ کاتیگۆریی بەرفراوانی سەنترالیزمی ستالینیستی دەگشتێنێت، هەروەها دەیوت ئەگەرچی سەنتەریزم لە ناوەوەی بزووتنەوەی کرێکاریی وڵاتە سەرمایەدارییەکاندا، دیاردەیەکی تەواو ناپایەدارە، لە نیوەی ڕێگای ڕیفۆرمەکان و شۆڕشدا، کە بەهۆی فشاری کۆمەڵانی خەڵک لە ڕاستەوە بۆ چەپ و یان بەپێچەوانەوە دێت و دەچێت، بەڵام لە ڕووسیا دەتوانێت پایەگەلێکی ماتریالی بەردەوامی لەناوەوەی بیرۆکراسیی دەوڵەتی نوێی کرێکاریدا بەدەستبهێنێت.

زیگ–زاگەکانی سیاسەتەکانی ستالین چ لەناوەوە و چ لە دەرەوەدا، لە ئارامی کولاکەکانەوە بیگرە تادەگاتە جەنگی هەمە لایەنە دژ بەوان، لە سازشی چینایەتییەوە تا سیاسەتەکانی ئەودیوی چەپی ئەنتەرناسیۆنالی سێیەم، هەموویان نیشانەی لۆژیکی ئەم خەسڵەتە سەنتەریستییەی ڕژێمەکەی ئەو بوون، ئەو ڕژێمەی کەوتبووە بـەردەم فشارە چینایەتییە دژبەر و

ڕەخنەییەکانەوە، بەڵام بەهەرحاڵ، مەیدانی ڕۆڵ و ئەرکی دیاریکەری ئەم فشارانە بواری نەتەوەیی نەبوو، بەڵکو مەیدانی ئەنتەرناسیۆنالی بوو.

**چوار تێزی بنچینەیی**

تەفسیری ترۆتسکی بۆ ستالینیزم، کە تا ئەو کاتە هێشتا لە زۆر لایەنەوە پەرتەوازە و ئەزموونی بوو، لە ساڵی 1932 بەدواوە پەرەیسەند و یەکلاییبووەوە. هۆکارەکەی، دیارە سەرکەوتنی نازیزم بوو لە ئەڵمانیا. ئەم ڕووداوە مێژووییە قەناعەتی بە ترۆتسکی هێنا کە کۆمینترن – کە ئەو بۆ چاککردنی ڕێبازە سیاسییەکەی تا کۆتایی ساڵەکان و بە تەواوی هێزی خۆیەوە خەباتی کردبوو – و لەگەڵیدا، حزبی کۆمۆنیستی بەستالینیستیکراوی سۆڤێتی، ئیتر ناقابیلی چاککردنە. بەمجۆرە، بڕیاردان بۆ دامەزراندنی ئەنتەرناسیۆنالێکی نوێ پاڵنەری ڕاستەوخۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بوو لەگەڵ کێشەی جەوهەری ستالینیزمدا، کە ئێستا نەک وەک ڕابردوو، وەک مەسەلەیەک لەنێوان مەسەلەکانی دیکەدا، بەڵکو بۆ یەکەمجار بوو بوو بە بابەتی ڕاستەوخۆی تەفسیریی تیۆرییەکی بەرفراوان.

نووسینی تەواو گرنگی «جەوهەری چینایەتیی دەوڵەتی سۆڤێت» (1933)، کە بەڕادەیەک کۆی هەڵوێستە سەرەکییەکانی بیرکردنەوەی ترۆتسکی لە پەیوەندیدا بە ستالینیزمەوە لەخۆ دەگرێت، لە میانەی چەند مانگی دوای گەیشتنە دەسەڵاتی هیتلەر، نووسرا. لەم نووسینەدا ئەو چوار تێزی بنچینەیی دەخاتەڕوو، کە تا کۆتایی ڕۆژەکانی ژیانی بنەماکانی هەڵوێستی ئەویان پێکدەهێنا. خاڵی یەکەم، ڕۆڵی ستالینیزم لە ناوەوە و دەرەوەی سۆڤێت دەبێت تەواو لەیەکتری جیابکرێنەوە. لە ناوەوەی یەکێتیی سۆڤێتدا، بیرۆکراسیی ستالینیستی ڕۆڵێکی دژبەری دەگێڕا – بەرگریکردن لەخۆی، دژ بە چینی کرێکاری سۆڤێتی، کە بیرۆکراسیی دەسەڵاتەکەی

لێسەندبوونەوە. و لە هەمانکاتدا، زاڵبوونی بـۆرژوازیـی جیهانی، کە هەوڵیدەدا هەموو دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕیشەکێش بکات و کۆششی بۆ زیندووکردنەوەی سەرمایەداریی لە ڕووسیادا دەکرد. لەم ڕوانگەیەوە، هێشتا وەک هێزێکی «سەنتەریست» کاری دەکرد. بەپێچەوانەوە لە دەرەوەی یەکێـتیی سۆڤێتدا، کۆمینترنی ستالینیستی چیتر هیچ جۆرە ڕۆڵێکی دژەسەرمایەداریی نەدەگێڕا. وەک کەوتنی لە ئەڵمانیا بێ چەند و چوون ئەم خاڵەی سەلماندبوو. کەواتە، «دەزگای ستالینیستی مانای خۆی وەک هێزێکی شۆڕشگێڕیی ئەنتەرناسیۆنالی لەدەستدابوو، بەڵام هێشتا مانای پێشکەوتووی خۆی وەک دەروازەی فەتحە کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشی پرۆلیتاری دەپاراست(5). دوای ماوەیەک ترۆتسکی دەیوت کۆمینترن بەهۆی پاراستنی مۆنۆپۆلیی دەسەڵاتی ستالینیستی لە سۆڤێتدا، کە لە سەرکەوتنی هەرجۆرە شۆڕشێکی سۆسیالیستیدا، کە ببێتە هۆی پەیدابوونی دیموکراسیی پرۆلیتاریا لە وڵاتێکی دیکەدا، پێگەکەی خۆی ڕووبەڕووی مەترسی کردبووەوە، نزیک بووەتەوە لە سەرمایە و کاری ڕووبەڕووی کۆت و زنجیر کردووەتەوە و لە سیاسەتی جیهانیشدا بەشێوەیەکی چالاک ڕۆڵی دژە شۆڕشگێڕی دەگێڕێت.

دووەم، لەناوەوەی سۆڤێتدا، ستالینیزم ناسراوە بە حکومەتی توێژێکی بیرۆکراتیی، کە لە چینی کرێکارەوە هاتووە و وەک خۆرەیەک چنگی لە جەستەی کرێکار گیر کردووە و نەک حکومەتی چینێکی نوێ. ئەم توێژە، لە پرۆسەی سەرەکیی بەرهەمهێناندا، هیچ ڕۆڵێکی بونیادیی ڕاستەوخۆی نییە و ئیمتیازە ئابوورییەکانی خۆیشی بەهۆی دەرهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی لەدەستی بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ - لەچوارچێوەی پەیوەندییەکانی خاوەندارێتیی نەتەوەییدا - بەدەستهێناوە. سێیەم، سیستەمی ئیداریی لەژێر هەیمەنەی ستالینیزمدا، وەک جۆرە «دەوڵەتێکی کرێکاری» ماوەتەوە، چونکە دەقاودەق ئەم پەیوەندییانەی خاوەندارێتی- زەوتکاران یان لەخاوەندارێتی

داماڵین کە لە ساڵی 1917 بەدیهاتبوو، بەردەوامی هەیە. شوناس و شەرعییەتی بیرۆکراسی وەک «کاست»ێکی سیاسیی، لەسەر بەرگریکردن لەم پەیوەندییانە دامەزراوە. بەم هۆیەوە بوو ترۆتسکی دوو تیۆریی زۆر باوی بزووتنەوەی کرێکاریی دەیەی 1930 ڕەتدەکردەوە (کە لە میانەی جەنگی ناوخۆیی لەناو ئەنتەرناسیۆنالی دووەمدا هاتبوو) کە ستالینیزمی وەک جۆرێک «سەرمایەداریی دەوڵەتی» و بە «کۆلێکتیڤیزمی بیرۆکراتییەوە» پێناسە دەکرد. دیکتاتۆرییەتێکی ئاسنین، کە بەهۆی پۆلیس و دەزگای ستالینیستییەوە بەسەر پرۆلیتاریای سۆڤێتیدا پیادە دەکرا، لەگەڵ پاراستنی جەوهەری پرۆلیتاریی خودی دەوڵەتدا نەدەهاتەوە – وەک دیکتاتۆرییەتێکی موتڵەق بەسەر خانەدانەکاندا جیاواز نەبوو، لەگەڵ پاراستنی جەوهەری دەوڵەتی فیودالی و یان دیکتاتۆرییەتی فاشیستیی بەسەر چینی بـۆرژوازدا جیاوازیی لەگەڵ پاراستنی جەوهەری دەوڵەتی سەرمایەداریدا نەبوو. لەڕاستیدا یەکێتیی سۆڤێت دەوڵەتێکی کرێکاریی گەندەڵ بوو، ئەگەرچی دیکتاتۆرییەتێکی پرۆلیتاریی «پەتی»، کە لەگەڵ پێناسە ئایدیالییەکەیدا بێتەوە –هیچ کاتێک لە سۆڤێت بوونی نەبووە.

خاڵی چوارەم و کۆتایی، مارکسیستەکان لە بەرخوردیاندا لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤێتیدا، دەبێت هەڵوێستێکی دوولایەن وەربگرن، لەلایەکەوە هەرگیز چیتر ناگونجێت ڕژێمی ستالینیستی لەناوەوەی سۆڤێتدا خۆی چاک بکات، ئەگەر بتوانێت ئەمە بەشێوەیەکی ئاشتیئامێز بکات. تەنها لەڕێگای هەڵگەڕاندنەوەی شۆڕشگێڕی و لەخوارەوەیە، کە دەکرێت کۆتایی بە حکومەتەکەی بهێنن. دەبێت بەتەواوی سیستەمی ئیمتیازات و خراپییەکانی وێران بکرێت و لە هەمانکاتدا پەیوەندییەکانی خاوەندارێتیی کۆمەڵایەتی بە دەست لێنەدراوی بهێڵرێنەوە – بەڵام لەناو چاورچێوەی دیموکراسیی پرۆلیتاریادا. لەلایەکی دیکەوە، لە دەرەوە دەبێت بەرگریی لە دەوڵەتی سۆڤێت بکرێت لە بەرانبەر ئەو هێرش و هەڕەشانەی بۆرژوازیی جیهانی

دژ بە سۆڤێت دەیکەن. دژ بەم دوژمنە، سۆڤێت پێویستیی بە یەکگرتوویی یەکلاییکراوە و بێ کۆت و بەندیی هەموو سۆسیالیستە شۆڕشگێڕییەکان هەیە لە سەرتاسەری جیهاندا - چونکە بەرجەستەکەری دەستکەوتەکانی دژەسەرمایەداریی ئۆکتۆبەرە. هەر «ئاراستەیەکی سیاسیی کە بە بیانووی «ناپرۆلیتاری»بوونی حکومەتی سۆڤێتییەوە، بێئومێدانە پشتی تێدەکرێت، ئەم مەترسییە لەخۆی نزیک دەکاتەوە، کە ببێت بە ئامرازی پاسیڤی ئیمپریالیزم»(6).

**ئەو شۆڕشەی خیانەتی لێکرا**

ئەم چوار بنچینەیە وەک شیکاریی ترۆتسکیی بۆ ستالینیزم تا کاتی تیرۆرکردنی ئەو هێشتا هەر وەک خۆی مایەوە. بەم هۆیانەوە بوو ترۆتسکی لە کتێبی «ڕووسیا بەرەو کوێ مل دەنێت؟» (1936)، کە بەهەڵە ناونیشانەکەی بە «ئەو شۆڕشەی خیانەتی لێکرا» وەرگێڕدراوە بۆ ئینگلیزی، خەریکی لێکۆڵینەوەی هەمەلایەن دەبێت لە کۆمەڵگەی سۆڤێتیی سەردەمی دەسەڵاتی ستالین. ترۆتسکی لەم کتێبەدا خەریکی لێکۆڵینەوە دەبێت لە کۆی بونیادە ئابووریی، سیاسیی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی یەکێتیی سۆڤێتیی ناوەڕاستەکانی دەیەی 1930 و کۆمەڵێکی بەرفراوانی دراوەکان و زانیارییە ئامارییەکان، لەگەڵ شیکردنەوەی تیۆرییەکی قوڵی دیاردەی ستالینیزمدا ئاوێتەی یەکتر دەکات. ئێستا ئەو کۆی دیاردەی بیرۆکراسیی کرێکاریی بەڵگەدار و سەرکوتکەر لەنێو کاتیگۆریی دەگمەنیدا دەبینێتەوە. ئەو کاتیگۆرییەی مارکس لە کتێبی «ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی»دا فۆرمولەی کردبوو. هەمیشە ئەمە بنەما و بناغەی ماتریالیزمی مێژوویی بووە. «بناغەی حکومەتی بیرۆکراتیی ڕیشەی لەنێو هەژاریی کۆمەڵگا لە دابینکردنی کەرەستە مەسرەفییەکاندا هەیە، کە ئاکامەکەی بریتییە لە ململانێی هەر تاکێک دژ

بەهەمووان. ئەو کاتەی کەرەستە مەسرەفییەکان بە ڕادەیەکی پێویست هەبن، کڕیاران هەر سائێک بیانەوێت ئەو کاڵایانە دەکڕن. کاتێکیش بە ڕادەیەکی پێویست نەبێت، کڕیاران ناچارن بۆ کڕینی ئەم کەرەستانە لەڕیزدا بووەستن. ئەو کاتەش ڕیزەکان دوور و درێژبن، پێویستە بۆ پاراستنی نەزم پۆلیس بەکار بهێنرێت. بەمجۆرەیە خاڵی دەستپێکی دەسەڵاتی بیرۆکراسیی سۆڤێت. بیرۆکراسی «دەزانێت» چ کەسێک دەبێت چی وەربگرێت و چ کەسێک دەبێت لەڕیزەکەدا چاوەڕوان بێت، تا ئەو کاتەی دەگمەنی باڵادەست بێت، دژایەتی و ململانێی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵایەتیکراو و فۆرمە بۆرژوازییەکانی دابەشکردن حەتمی دەبن. ئەم ململانێیە بوو بووە هۆی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی حەتمیی دەسەڵاتی سنووردارکەری بیرۆکراسیی ستالینیستی.

پاشان ترۆتسکی لە درێـژەی بابەتەکەدا خەریکی لێکۆڵینەوە لە هەردوو لایەنەکەی ئەم ململانێیە دەبێت: هەڵسەنگاندن و پێداگریی لەسەر گەشەکردنی گەورەی پیشەسازیی سۆڤێت، سەرباری میتۆد و ڕێگا دڕندانە و نائینسانەکانی بیرۆکراسیی بۆ بەدیهێنانی ئەمە، لەهەمانکاتدا دەرخستنی وردی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی نایەکسانییە ئابووری، کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکان کە بەهۆی ستالینیزمەوە دامەزرێنراوە. ئەو خەمڵاندنێکی ئاماری بۆ ئەندازەی توێژی بیرۆکرات و چۆنایەتیی دابەشبوونەکەی لەناوەوەی سۆڤێتدا دەخاتەڕوو (نزیکەی لەسەدا 12 بۆ 15ی کۆی دانیشتووان). ئەم بیرۆکراسییە خیانەت لە شۆڕشی جیهانی دەکـات، ئەگەرچی هێشتا لە قسەکردندا وەفای بۆی هەیە، بەڵام لە دیدگای بۆرژوازیی جیهانییەوە، تا ئەو کاتەی سەرمایەداریی لە ڕووسیا زیندوو نەبێتەوە، وەک دوژمنێکی سەرسەخت و کەللەڕەق حسابی بۆ دەکرێت. دینامیکی ڕژێمەکەیش بەم ڕادەیە دژبەر بوو. لەلایەکەوە پێشکەوتنێکی خێرا، کە لەناوەوەی ڕووسیادا

سەریهەڵدابوو، توانای ئابووری و کولتووریی چینی کرێکاریی سۆڤێتی و توانای ڕاپەڕینی دژ بە ڕژێم بەخێرایی بەرزکردبووەوە و لەلایەکی دیکەوە، خەسڵەتە خۆرەیی و کرمییەکەی وەک بەربەستێک لەبەرانبەر پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی زیاتری پیشەسازیدا دەوەستا، بەڵام سەرباری دەستکەوتە بەرچاوەکانی بەرنامەی پێنج ساڵە، ترۆتسکی هۆشداری ئەوەی دا ئاستی بەرهەمهێنانیی کۆمەڵایەتیی کار لە سۆڤێتدا هێشتا بەجۆرێک دواکەوتووترە لە سەرمایەداریی خۆرئاوا و ئەم درزە هەرگیز لانابرێت، مەگەر بەهۆی گواستنەوە بۆ گەشەکردنێکی چۆنایەتیی نەبێت، ئەو شتەی دەقاودەق ئاژاوە و بێ نەزمی بیرۆکراسیی بەربەستەکەی بوو.

«ڕۆڵی پێشکەوتووخوازی بیرۆکراسیی سۆڤێت، ڕێکەوت بوو لەگەڵ ئەو سەردەمەی گرنگترین ڕەگەزەکانی تەکنیکیی سەرمایەداری هاتنە ناو سۆڤێتەوە. کاری قورسی تەقلیدی، پەیوەندی و بەکارهێنانی ئەم ڕەگەزانە بەپێی ئەو بناغانەی شۆڕش دایڕشتبوون، کۆتاییان پێهات. تائێرە، لە بواری تەکنیکدا، زانست، یان هونەری هیچ شتێکی نوێ لەئارادا نەبوو. دەکرێت کارگەیەکی گەورە بەگوێرەی نەخشەکە لەپێشەوە ئامادە بووبێت و بە فەرمانێکی بیرۆکراتیک دابمەزرێت - هەڵبەت بە تێچوونێک چەند بەرانبەر بە تێچوونی ئاسایی، بەڵام هەرچەندێک زیاتر بچینە پێشەوە، ئابووری زیاتر و زیاتر ڕووبەڕووی مەسەلەی چۆنایەتی دەبێتەوە کە وەک سێبەرێک لە دەستی بیرۆکراسی هەڵدێت، لەم ڕووەوە وەک بڵێیت کاڵا سۆڤێتییەکان بە مۆرکێکی خۆڵەمێشی بێ پەروای یەک ڕیتم دڵخۆشبوون. لەژێر هەلومەرجی ئابووریی بەنەتەوەییکراودا، چۆنایەتی (کاڵاکان) پێویستی بە بوونی دیموکراسیی بەرهەمهێنەران و مەسرەفکاران و ئازادیی ڕەخنەگرتن و داهێنان هەیە(8). تا ئەو کاتەی ستالینیزم لەدەسەڵات بێت، بەرزترین تەکنەلۆژیانە هی ئیمپریالیزمە، کە سەرکەوتنەکەی لە هەموو جەنگێکدا

لەگەڵ سۆڤیێت گەرەنتی دەکات - مەگەر ئەوەی لە خۆرئاوادا شۆڕش بەرپا ببێت. ئەرکی سۆسیالیستەکان لە سۆڤیێتدا ئەوەیە بەر لە جەنگێکی ئاوا دەستبکەن بە هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی سیاسیی دژ بە بیرۆکراسیی داگیرکەر، شۆڕشێک کە پەیوەندیی بە شۆڕشیی کۆمەڵایەتی-ئابووریی 1917 هاوشێوەی پەیوەندیی گۆڕانی دەسەڵات بێت لە شۆڕشی 1830 یان 1848 لەگەڵ شۆڕشی فەڕەنسا 1789، لە سەردەمی شۆڕشە بۆرژوازییەکاندا. ترۆتسکی لە دوو ساڵی کۆتایی تەمەنیدا، کاتێک جەنگی جیهانی دووەم سەریهەڵدابوو، لەمیانەی زنجیرەیەک مشتومڕ و دیبەیتی کۆتایی لەگەڵ ڕیزی، بێرنهایم شاختمەن و بەرگریکارانی دیکەی تیۆریی «کۆلەکتیڤیزمی بیرۆکراتیک» جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ دووبارەکردنەوەی ڕوانگە بنچینەییەکانی خۆی. چینی کرێکار هەرگیز بەجەوهەر بێ توانا نییە لە دامەزراندن و پیادەکردنی دەسەڵاتی حکومەتیی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا. یەکێتیی سۆڤیێت - «گوێزەرەوەترین وڵات لەسەردەمی گواستنەوەدا» لە نیوەی ڕێگای نێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزمدا وەستاوە و کەوتووەتە نێو چنگی ڕژێمێکی پۆلیسیی توندوتیژیی کە هەرچۆنێک بێت هێشتاش بەشێوەی خۆی بەرگریی لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەکات، بەڵام ئەزموونی سۆڤیێت بریتییە لە «لادانێکی نائاسایی» لە یاسا گشتییەکانی تێپەڕین لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و لەژێر ئابلۆقەی ئیمپریالیزمدا و نەک مۆدێلێکی نموونەیی. ڕۆڵی دژبەریی ستالینیزم لە ناوەوە و دەرەوەدا بەهۆی زنجیرەیەک ڕووداوگەلی سیاسیی نێونەتەوەیی ئەم دوییانە سەلمێنراوە وێرانکارییەکی دژە شۆڕشگێڕی لە شۆڕشی ئیسپانیا (لەدەرەوەی کۆنترۆڵەوە) دژ بە لابردنی شۆڕشگێڕی خاوەندارێتیی تایبەتیی لە ناوچە سنوورییەکانی پۆڵەندا و فینلاند هەبووە کە بووبوونە بەشێک لە خاکی سۆڤیێت. ئەرکی مارکسیستەکان لە برگریکردندا لە یەکێتیی سۆڤیێت دژ بە هێرشە سەرمایەدارییەکان هێشتا بەهێزی

جارانی خۆیەوە ماوەتەوە. ساردبوونەوە و شەکەتبوون هەرگیز ناتوانێت ئامرازێک بێت بۆ ئینکارکردنی ڕوانگە کلاسیکییەکانی ماتریالیزمی مێژوویی. «ئەو کاتە کە مەسەلەی قوڵترین گۆڕانکارییەکان لە سیستەمە ئابووری و کولتوورییەکاندا ئامادە بێت، 25 ساڵ، لە ئاستی مێژوودا، کێشێکی کەمتری لە سەعاتێکی ژیانی ئینسانێکدا هەیە. چ بەهایەکی هەیە ئەو تاکەی بەهۆی سەرنەکەوتنەوە بەدرێژایی ئەزموونێکی یەک سەعاتی و یەک ڕۆژییەوە، واز لەو ئامانجە دەهێنێت کە بەپێی شیکارکردنی کۆی ژیانی ڕابردووەوە بۆ خۆی دیاریکردووە؟»(9).

**هەڵسەنگاندنەوەیەکی نوێ: دوای چل ساڵ**

دوای چوار ساڵ، ئێمە هێشتا تەنها چەند سەعاتێکی ژیانێکمان بەجێهێشتووە. ئایا ئەم سەعاتانە - کە زۆر دوور و درێژ کەوتنە بەرچاو، گەلێک هۆکار بەدەستەوە دەدەن، کە ئێمە پرسیار لە بڕیاردان و حوکمە سەرەکییەکەی ترۆتسکی بکەین؟ ئەمڕۆ دەبێت چۆن ڕوانگەی گشتیی ئەو دەربارەی ستالینیزم هەڵبسەنگێنرێت؟

دەکرێت بڵێین گرنگیی تەفسیرەکەی ترۆتسکی سێ ڕەهەندی هەیە. یەکەم، تیۆرییەک دەربارەی دیاردەی ستالینیزم بۆ قۆناغێکی تێپەڕی مێژوویی دوور و درێژ بەدەستەوە دەدات، کە لەگەڵ کاتیگۆرییە سەرەکییەکانی مارکسیزمی کلاسیکدا دەگونجێت. ترۆتسکی لە هەر قۆناغێکی هەڵسەنگاندنی جەوهەری بیرۆکاراسیی سۆڤێتدا هەوڵیداوە لۆژیکی بەردەوامی مۆدێلی بەرهەمهێنان و تێپەڕین لە یەکێکیانەوە بۆ یەکێکی دیکە و دەسەڵاتە چینایەتییەکان و ڕژێمە سیاسییە هاوتاکان لەگەڵیدا کە لە مارکس و ئەنگڵس و لینینەوە بە میراتی بۆی مابووەوە، لەم ڕووە و دیدگایە بڕوانن. لەم ڕووەوە، ئەو پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد، کە بۆ دیاریکردنی

پەیوەندیی بیرۆکراسی و چینی کرێکار باشترین بینین و سەیرکردن هەمان بەراوردکردنییەتی بە پەیوەندییەکی هاوشێوە و کۆنی نێوان حکومەتی سنەمکار لەگەڵ ئەریستۆکراسی، و یان فاشیزم بە بۆرژوازییەوە، بەوجۆرەی هەڵگەڕاندنەوەی دواتری بیرۆکراسیی زیاتر لە شۆڕشە سیاسییەکانی 1830 و 1848 دەچوو و نەک شۆڕشێکی 1789ی تازە. و مادام ئەو توانی پەیدابوون و بەهێزبوونی ستالینیزم لە بەراوردێکی مێژووییدا لەگەڵ ئەم خەسڵەتانەی سەردەمێکدا بیری لێکرایەوە بخوێنێنەوە، ئەوا دوورکەوتەوە لە تەفسیرە خێرا ڕۆژنامەوانییەکان و گەلێک قسەی بازاڕی وەک چینی نوێ، یان مۆدێلی بەرهەمهێنانی نوێ لەسەر بنەمای ماتریالیزمی مێژوویی، کە پەرچەکرداری زۆرێک لە هاوچەرخەکانی ئەو نیشاندەدات.

دووەم، دەوڵەمەندی و قوڵیی سۆسیۆلۆژیانە و قوڵیی لێکۆڵینەوەی ترۆتسکی دەربارەی یەکێتیی سۆڤێت لەژێر دەسەڵاتی ستالین لە ئەدەبیاتی چەپەکاندا هاوتایەکی دیکەی نییە. کتێبی «ڕووسیا بـەرەو کوێ مل دەنێت؟» تا ئەمڕۆ، هێشتا شاکارێکە دەربارەی ئەم بابەتە، کە بەراورد بەم شاکارە کۆمەڵە نووسینەکانی کائۆتسکی، یان شاختمەن، بارنهایم، ڕیزی، یان تۆنی کلیف بەشێوەیەکی تەواو ناگرنگتر دەردەکـەون. دوای مەرگی ترۆتسکی، گەلێک هەنگاوی گرنگی دواتر بۆ شیکارکردنی دەقیقیی ئەزموونیی کۆمەڵگەی سۆڤێت بەگشتی لەلایەن لێکۆڵەرە پیشەییەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەنستیتۆکانی سۆڤێتناسییدا خەریکی لێکۆڵینەوە بـوون، وەک نۆڤی، دۆبی، کار، دەیڤیس هۆف، لین و ئەوانیدیکە. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەوان نەک تەنها دژ بە تیۆرییەکەی ترۆتسکی نەکەوتوونەتەوە، بەڵکو بە خستنەڕووی زانیارییەکی زۆر دەوڵەمەندتر بۆ بونیادی ناوەکیی ئابووری و بیرۆکراسیی سۆڤێتی، بێ ئەوەی وەک ترۆتسکی تیۆرییەکی یەکگرتوو بخەنەڕوو، لە بنەڕەتدا تەنها پەرەیان بەتیۆرییەکەی ئەو

داوە و دەوڵەمەندتریان کردووە. گەورەترین کاری مێژوویی لەسەر مەسەلەی چارەنووسی شۆڕش، نووسینەکانی ئیزاک دویچەرن کە ئەوانیش بەقوڵی ئیلهامیان لەتیۆرییەکەی ترۆتسکی وەرگرتووە.

سێیەم، تەفسیرەکەی ترۆتسکی بۆ ستالینیزم، بەهۆی هاوسەنگیی سیاسیی هەڵوێستەکەیەوە - بەهۆی نەچوونە ژێرباری نە پرسیارەکەی و نە بیروکردەوە ڕقئامێزەکانەوە، بەڵکو هەڵسەنگاندنێکی هۆشیارانەی جەوهەر و دینامیزمی دژبەری ڕۆژێمی بیرۆکراتیک لە سۆڤیێتدا، زۆر درەوشاوە و بەرچاو بوو. لە سەردەمی ترۆتسکیدا، لەنێو سیاقی پەیوەندیی سەرمەستانەی نەک تەنها حزبە کۆمۆنیستییەکان، بەڵکو زۆرێک لە چاودێرە سیاسییەکان بۆ سیستەمی ستالینیستی لە ڕووسیای سۆڤیێتیدا، بەرکەوتنی جۆری یەکەم لەژینگەی چەپدا، شتێکی نائاسایی بوو. ئەمڕۆ، لەنێوان شەپۆلی هێرشێکی زۆر بۆ ئەزموونی دیاریکراوی سۆڤیێتی لەلایەن نەک تەنها زۆرێک لە چاودێرە چەپەکانەوە، بەڵکو حزبە کۆمۆنیستییەکانەوە، بەرکەوتنی دووەم نائاسایی و ناباوە. لەگەڵ ئەوەی ترۆتسکی پێداگریی لەسەر ئەو تیۆرییە دەکات کە دەوڵەتی سۆڤیێتی دواجار دەوڵەتێکی کرێکارییە - ئایدیایەک کە لە ساڵەکانی دواتردا، تەنانەت لەنێوان پەیڕەوانی ئەو ناباو بوو - ڕەمزی ئەم هاوسەنگییە بوو، کەمتر گومان لەمە دەکرێت. ئەو کەسانەی ئەم تەفسیرە لە بەرژەوەندیی تیۆرییەکانی «سەرمایەداریی دەوڵەتی» یان «کۆلێکتیڤیزمی بیرۆکراتیک»دا ڕەتدەکەنەوە، کەم تازۆر هەموویان ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە لە دیاریکردنی هەڵوێستی خۆیان دەرهەق بەم دیاردەیە، چونکە ئەو خاڵەی دەربارەی «سەرمایەداریی دەوڵەتی» یان «کۆلێکتیڤیزمی بیرۆکراتیک»ی سۆڤیێت تەواو دەبینرا، نەبوونی کەمترین نیشانەی ئازادییە دیموکراتییە باوەکان بوو لە «سەرمایەداری تایبەتیی» وڵاتە غەربییەکاندا، کەواتە مەگەر ئەوە نییە کە سۆسیالیستەکان لە مشتومڕەکانیاندا لەنێوان غەرب و سۆڤیێتدا،

بەهۆی ئەوەی سەرمایەداریی غەرب «ناسنەمکار» بووە و دواجار شەیتانێکی بچووکترە، دەبێت لە بەرانبەر بە سۆڤێتدا بەرگری لە غەرب بکەین؟ بەدەربڕینێکی دیکە، لۆژیکی ئەمجۆرە تەفسیرانە و بەرکەوتنانەی پەیڕەوان هەمیشە بەرەو ئاراستەی ڕاست دەیانبات (هەرچەند گەلێک بابەتی ئاوارتەی دیکەیش هەن). کائۆتسکی داهێنەری تیۆرییەکانی «سەرمایەداریی دەوڵەتی» و «کۆلێکتیڤیزمی بیرۆکراتیک» لە سەرەتاکانی دەیەی 1920دا سیمبولی ئەم ڕەوتە بوو، شاختمەن لەدواییدا کارەکەی بەو شوێنە گەیشت کە لە دەیەی 1960دا پشتیوانیی ئەمریکای کرد لە جەنگی ڤێتنامدا. یەکگرتوویی و نەزمی بەرانبەری تەفسیرەکەی ترۆتسکی بۆ ستالینیزم، بەراورد بەو هەوڵانەی دواتر بەرەو پێداچوونەوە بە مەسەلەی ستالینیزمدا ئەنجامدرا، بەرجەستەتر بووەتەوە.

**سنوورەکانی شیکارییەکەی ترۆتسکی**

لەهەمانکاتدا تیۆریی ستالینیزمی ترۆتسکی، وەک تەواوی بڕیار و حوکمە مێژووییەکان، دوای مەرگی خـۆی، گەلێک سنووردارێتیی لێوەدەرکەوتن. ئەوانە چی بوون؟ ئەم سنووردارێتییانە، بەپێچەوانەوەی وێنای باوەوە، لە هەڵسەنگاندنی ستالینیزمدا، لە بواری «ناوخۆیی» کەمتر بوون لە «سیاسەتی دەرەکی». پێشبینییەکانی ترۆتسکی دەربارەی فاکتەرە جوڵێنەرەکانی دۆزینەوەی ئابووریی سۆڤێت لەژێر هەیمەنەی حکومەتی بیرۆکراتیکدا بەجۆرێکی بانئاسایی دەقیق بوون. بەدرێژایی ئەو چل ساڵەی بەسەر مەرگی ترۆتسکیدا تێپەڕیوە، یەکێتیی سۆڤێت گەیشتووە بە گەلێک پێشکەوتنی مادیی گەورە. وەک ترۆتسکی پێشبینیی کردووە، سەرباری ئەو قۆناغە گەشەکردنە هەمەلایەنەی بەکۆتایی گەیشت، ڕوون بووەوە کە پلاندانانی ستەمکارانە و لەڕادەبەدەر سەنتراڵ، توانای بەدیهێنانی گواستنەوەی

بۆ گەشەکردنێکی چۆنایەتی و قوڵ نییە. و مادام ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرا، مەترسیی هەڵاوسان و قەیرانی ناوەکیی بۆ ڕژێم هاتە پێشەوە. هەڵبەت تەمەنی بیرۆکراسی، کە دوای ستالینیش درێژەی بەژیانی خۆی دا، درێژتر بووەوە لەو شتەی ترۆتسکی لە هەندێک نووسینەکانی هەنوکەیی خۆیدا باوەڕی پێیهێنابوون، ئەگەرچی لەڕوانگەی قۆناغی مێژووییەوە، کە ئەو لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا باسیکردبوون، لەڕاستیدا، هێشتا درێژ نەبووبوونەوە.

زۆرێک لە توێژەران (نۆڤی، ریگبی و ئەوانیدیکە) ئاماژەیان بە ئەندامگیریی ڕژێم لە ڕیزەکانی پرۆلیتاریا و گۆڕینی ئەوان بۆ کادیرە بیرۆکراسییەکان داوە. دیـارە، هۆیەکی دیکەی ئەم شتە دەکرێت لە ئۆتۆمیزەکردنی سیاسیی و ناڕوونی کولتووریی چینی کرێکاردا ببینینەوە کە لە دەیەی 1930دا لەڕووی چەندایەتییەوە زۆر گەشەیکرد. ئەم چینە کرێکارە، بیرەوەرییەکانی بۆ بارودۆخی پێش-ستالینیستی بەتاڵە - ئەو مەسەلەیەی ترۆتسکی زۆر گرنگی پێی نەداوە، بەڵام بەهەرحاڵ بەڕادەیەک ئەو وێنەیەی نیو سەدە پێش ترۆتسکی بۆ کۆمەڵگای ڕووسیای سۆڤێتی هەبوو، ئەمڕۆکەیش بەشێوەیەکی سەیروسەمەرە و هاوچەرخ ماوەتەوە.

بەڵام، ئاییندەبینیی ترۆتسکی بۆ ستالینیزم لە دەرەوەی سۆڤێت کەمتر ڕاسـت و دروسـت بـوو. دوو هۆکار بۆ ئەم ناهەماهەنگییە لە هەڵسەنگاندنەکەی ئەودا بۆ ستالینیزم هەیە. یەکەم، دەربارە ڕۆڵی دەرەکیی بیرۆکراسیی سۆڤێتیی هەڵە بوو کە وەک ڕەهەندێکی «دژەشۆڕشگێڕی» لەقەڵەمی دەدا. لەکاتێکدا ڕووداوەکـان دەریانخست ڕۆڵـی دەرەکیی بیرۆکراسیی سۆڤێتیش بە هەمان ڕادەی ڕۆڵی ناوخۆیی هەم لە پراکتیک و هەم لە ئاکامەکانیدا بەقوڵی دژبەری یەکتری بووە. دووەم، تیۆرییەکەی ترۆتسکیی لەسەر ئەوەی ستالینیزم تەنها ڕوونکەرەوەی لادانێکی نائاسایە لە یاسا گشتییەکانی تێپەڕین لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم و لەنێو

سۆڤێتدا قەتیس بووە، ئەمەش هەر هەڵە کەوتەوە. سەلمێنرا کە بونیادەکانی دەسەڵات و مۆبیلیزەکردنی بیرۆکراتیک کە ستالین تیایدا پێشڕەو بوو، لەئاستی نێودەوڵەتیدا دیاردەیەکی گشتگیرتر و دینامیکتر بوو لەوەی ترۆتسکی بیری لێدەکردەوە. ئەو لە کۆتایی ڕۆژەکانی تەمەنیدا پێشبینیی ئەوەی کردبوو یەکێتیی سۆڤێت لە جەنگێکدا لەگەڵ ئیمپریالیزم هەرەسدەهێنێت، مەگەر ئەوەی شۆڕش لە خۆرئاوادا سەربکەوێت. لەڕاستیدا سەرەڕای هەموو هەڵە کوشندە و تاوانکارەکانی ستالین، سوپای سور بەبێ هیچ جۆرە کۆمەکێک لەلایەن شۆڕشەوە لە غەرب، سوپای نازی بردە دواوە و سەرکەوتووانە تا بەرلین چووە پێشەوە. بەگشتی، فاشیزمی ئەوروپایی لەلایەن یەکێتیی سۆڤێتەوە لەناوبرا (لەکاتێکدا ئەڵمانیای نازی تەنها 22 لەشکری لە بەرەی یەکەمی خۆرئاوا لە ئیتاڵیا هەبوو، لە بەرەی خۆرهەڵاتدا 243 لەشکری بەکارهێنابوو). شەللاقی بیرۆکراسیی لە سەرەوەی سیستەمی سەرمایەداری لە نیوەی کیشوەری ئەوروپادا هەڵگیرا - ئۆپەراسیۆنێکی وەک ئەوەی لە پۆڵەندا و فینلاند ڕوویدا، تاکو ئەلپ درێژبووەوە، و پاشان، فەرمانیکرد بەسەر کۆمەڵانی خەڵکدا بۆ هێرشکردن بۆ وەرگرتنی دەسەڵات. ئەو دەوڵەتانەی دروستیکرد، لەڕووی سیستەمی سیاسییەوە بە ئاشکرا هاوشێوەی (نەک بەتەواوی، نزیک) ڕژێمی سۆڤێت بوون. بە دەربڕینێکی دیکە، سەلمێنرا کە ستالینیزم نەک تەنها دەزگایەکی ئیداری، بەڵکو بزووتنەوەیەکە، کە نەک تەنها توانای ئەوەی هەیە لە وڵاتێکی دواکەوتوودا کە دەگمەنی بەسەریدا زاڵە (ڕووسیا)، بەڵکو توانای ئەوەیشی هەیە لە وڵاتێکدا، تەنانەت دواکەوتووتر و هەژارتر (چین و ڤێتنام) دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت - بزووتنەوەیەک، کە تەنانەت بەپێچەوانەی ئیرادەی شەخسی ستالین، بۆرژوازیی ڕەتاند و کاری لەسەرخۆی باڵەخانەی سۆسیالیزمی دەستپێکرد. بەمجۆرە، یەکێک لە خاڵەکانی تەفسیرەکەی ترۆتسکی بۆ ستالینیزم، بێگومان نادروست بوو.

ستالینیزم، وەک دیاردەیەکی گشتی - واتا دەوڵەتێکی کرێکاری کە لەلایەن توێژێکی بیرۆکراتیکیی ستەمکارەوە بەڕێوە دەبرێت - چیتر تەنها دیاریکەری فۆرمێکی کەوتنی دەوڵەتێکی پێشتر کەوتوو، دروست نییە، بەڵکو دەکرێت پێناسەکەری لەدایکبوونێکی خۆبەخۆ بێت، کە لەلایەن چینی شۆڕشگێڕیی لە کۆمەڵگەیەکی زۆر دواکەوتووی بەدەر لە هەرجۆرە نەریتێکی دیموکراسیی بـۆرژوازی، یان پرۆلیتاریدا دابمەزرێت. ئەم شوێنە - کە بەدیهاتنەکەی نەخشەی جیهانی دوای ساڵی 1945 گۆڕی - هەرگیز لەلایەن ترۆتسکییەوە لەبەرچاو نەگیرا.

### ستالینیزمی هاوچەرخ

بەمجۆرە، لەم دوو ڕەهەندە هەستیارەی گۆڕانی ترۆتسکی بۆ ستالینیزم ڕووبـەڕووی سنووردارێتییەکانی خۆی بووبووەوە. بەڵام، ئەم سنووردارێتییانە لەنێو چوارچێوەی جەختکردنەوەکەی ئەودا لەسەر بابەتی سەنترالی جەوهەری دژبەری ستالینیزم - ئەنتاگۆنیزمی هاوزەمان هەم لەگەڵ خاوەندارێتیی سەرمایەداری و هەم لەگەڵ ئازادییە پرۆلیتارییەکاندا - بوو. لەڕاستیدا، هەڵەی ترۆتسکی تەنها لەوەدا بوو کە وابیری دەکردەوە ئەم دژبەرییە دەکرێت بۆ یەکێتیی سۆڤێت سنووردار بکرێت، لەکاتێکدا دەسەلما کە کاتیگۆریی ستالینیزم لە وڵاتێکی خۆیدا دژبەر و پارادۆکسیکەڵە. لێرەدا، لەکاتی ئاماژەکردن بەو مینۆدانەی ستالینیزم وەک «فاکتەری شۆڕشگێڕیی نێونەتەوەیی» بەکاریهێناوە، نابێت پێویستی بە بەبیرهێنانەوەی هاوزەمانی ئەو ڕێگایانە بێت، کە وەک فاکتەرێکی دواکەوتوو و کۆنەپارێزی نێونەتەوەیی کاری کردووە. هەریەکێک لە دەستکەوتە پێشبینی نەکراوەکان، گەلێک بەهای ناقابیلی ژماردنیشیان هەبووە. لەڕوانگەی دەوڵەتە کرێکارییە بە بیرۆکراتیکراوەکانەوە، هەریەکێکیان بە خۆپەرستیی نەتەوەیی تایبەتی

خۆیەوە، بووە بەهۆی دەرکەوتنی گەلێک دژبەری و ناکۆکیی هەمیشەیی و توندی ئابووری، سیاسیی و ئێستا تەنانەت چەکدارانەی نێوانیشیان. پارێزەریی سەربازیی کە سۆڤێت دەتوانێت بەدەوری شۆڕشە سۆسیالیستییەکان، یان هێزە ڕزگارکەرەکان لە جیهاندا بکێشێت، بەشێوەیەکی بەرچاو مەترسییەکانی جەنگێکی ئەتۆمیی جیهانیش زیاد دەکات. لابردن و ڕەتکردنەوەی سەرمایەداریی لە ئەوروپای خۆرهەڵاتدا، توندڕەویی ناسیۆنالیستی دژ بە سۆڤێت وروژاندوە و بیرۆکراسیی سۆڤێتیش بەنۆرەی خۆی بە هەنگاوی دواکەوتووانە و سەرکوتی توند و دڕندانەوە وەڵامی ئەم هەستانەی خەڵکی داوەتەوە، بەدەستێوەردان چ لە دەرەوە و چ بەشێوەگەلی دیکە. چیکۆسلۆڤاکیا و پۆڵەندا دوایین دوو نموونەی ئەمجۆرە هەنگاوانەن.

بەهەرحاڵ خاڵی گرنگتر لەوە، ئەگەرچی ڕەنگە مۆدێلی سەرەتای ستالینیستی گواستنەوەی ئەودیوی سەرمایەداریی بێت، بەجۆرێک سەرکەوتووئامێز بێت لە سەرتاسەری ناوچە دواکەوتووە ئەوروپایی و ئاسیاییەکاندا، بەڵام فراوانکردنی جوگرافی و بەردەوامییە کاتییەکەی – کە دووبارەکردنەوەی کردەوەی شێتانەی وەک ڕووداوەکانی «شۆڕشی کولتووری»ی چین یان «کامبوجی دیکورکراتیک» ئەوانەی کامڵ کردووە – ئایدیالی سۆسیالیزمی لە وڵاتە پێشکەوتووە خۆرئاواییەکاندا بەقوڵی بێ ئیعتیبار کردووە، و بە نەفیکردنەوەی موتڵەقی دیموکراسیی پرۆلیتارییی بووەتە بەربەست لەبەردەم ئەوەدا، کە چینی کرێکار بتوانێت چوارچێوەی دیموکراسیی بۆرژوازیی سەرمایەداریی ڕووبەڕووی پرسیار و قەیران بکاتەوە، لەڕاستیدا بەمجۆرە بووەتە هۆی بەهێزبوونی قەڵاکانی ئیمپریالیزم لە سەدەی بیستەمدا. بەداخەوە شتێک لەنێو نەچووە. ئێمە هێشتا ڕووبەڕووی کێشەی هەڕەشەی بەردەوامی «کەمپی سۆسیالیستی» وەک فاکتەرێک دەبینەوە، کە لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمەوە لە خێراکردنی لەکۆڵۆنیخستنی

بۆرژوازیی لە ئەفریقا و ئاسیا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا. بەبێ «جیهانی دووەم»ی دەیەکانی 1940 و 1950، دیارە لە دەیەی 1960دا هیچ باسێکی «جیهانی سێیەم» لەئارادا نەدەبوو. بەدرێژایی 50 ساڵی ڕابردوو دوو جۆر ڕووداوی مێژوویی پێشکەوتوو لە جیهانی سەرمایەداریدا تۆمارکرا – شکستیی فاشیزم و کۆتایی کۆلۆنیالیزم – کە هەردووکیان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ئامادەبوون و ئەرکی سۆڤێت لە مەیدانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا هەبوو. لەم پەیوەندییەدا ڕەنگە – بوترێت، بەپێچەوانەی تێڕوانینەکەوە، چینە چەوسێنراوەکان لە دەرەوەی سۆڤێت، ڕەنگە بەرژەوەندییەکی ڕاستەوخۆی زیاتریان لەبوونی ئەوەدا بینیبێت، نەک چینی کرێکاری خودی سۆڤێت، واتە بەپێوەرێکی جیهانی مێژوویی، تێچوونی ستالینیزم بە بەهای ناوەوەی وڵات تۆمارکراوە و دەستکەوتەکانیشی بەحسابی دەرەوە.

هەڵبەت بەگشتی ئەم ئاکامانە، پرۆسەگەلێکی ئۆبێکتیڤ و نائیرادی بوون، نەک ئەوەی لە نیازی ئاگاییانەی بیرۆکراسیی سۆڤێتییەوە هاتبن (تەنانەت لەناوچوونی فاشیزم هەرگیز بەشێک نەبوو لە بەرنامەی ستالین لە ساڵی 1940دا). هەرچۆنێک بێت، هەموو ئەمانە بەڵگەیە لەسەر لۆژیکی دژبەری «دەوڵەتیی کرێکاریی گەندەڵ» – هەرچەند زۆر لە فۆرمە سەرەتاییەکەی خۆی دوورکەوتووەتەوە، بەڵام هێشتا بەپێداگرییەکەوە، دژەسەرمایەدارییە – کە ترۆتسکی بە هەڵە ئەوانی لەنێو چوارچێوەی سنوورەکانی سۆڤێتدا قەتیس دەکرد. لە سەرەتاکانی دەیەی 1960، یەکێتیی سۆڤێت تەنانەت لەڕوانگەی ستراتیژییە دژایەتیی ئیمپریالیزمی دەکرد. ئەمە ئەو شتە بوو کە ترۆتسکی پێیوابوو مەحاڵە بۆ سۆڤێت لەژێر هەیمەنەی حکومەتی بیرۆکراتیدا ئەمە بکات. و بەمجۆرە سۆڤێت دەریخست، کە دەتوانێت کۆمەکی گرنگی ئابووریی و سەربازی بە شۆڕشە سۆسیالیستییەکان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکان لە وڵاتانی دیکەدا بکات – گەرەنتی مانەوەی شۆڕشی کوبای

کرد، سەرکەوتنی شۆڕشی ڤێتنامی هەموارکرد، و بوو بە بەربەست لەبەردەم سەرکوتکردنی شۆڕشی ئەنگۆلا. هەنگاوگەلێکی ئاوای مەبەستدار و ئاگاییانە - دژ بە مینۆدەکانی ستالین لە ئیسپانیا، یوگسلاڤیا و یان یۆنان - دەقاودەق ئەو کێشانە بوون، کە ترۆتسکی پێیوابوو مەحاڵە بەدیبێن، چونکە ئەو پێیوابوو سۆڤێت لە پشتی سنورەکانییەوە هێزێکی بێ چەند و چوونی دژەشۆڕشگێڕییە.

دووەمـیـن خاڵی تەفسیرەکەی ترۆتسکی کە مێژوو ڕاستی و دروستییەکەی نەسەلماند، مەسەلەیەکی ڕیشەییتر بوو. بەدیدی ترۆتسکی، ستالینیزم لە بنچینەدا دەزگایەکی بیرۆکراتیی بوو، کە لەژێر چەتری ئەفسانەی ناسیۆنال-ریفۆرمیستیی «سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا، بەسەر چینی کرێکارانی وێرانبوودا پیادەکرابوو. ترۆتسکی پێیوایە، پارتەکانی ناوەوەی کۆمینترن لە ساڵی 1933 بەدواوە، ئامرازێکی گوێڕایەڵ بوون بەدەستی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤێتییەوە، هەروەها بەهێزبوون لە ئەنجامدانی شۆڕشی سۆسیالیستی لە وڵاتەکانی خۆیاندا، چونکە بۆ بەدیهاتنی ئامانجێکی وەها دەبوو بەپێچەوانەی ڕێنماییەکانی ستالین بجوڵێنەوە. بەئەگەرێکی زۆرەوە ئەو ڕۆڵ و وەزیفەیەی بۆ ئەم حزبانە دانرابوو، لەوەدا بوو کە کۆمەڵانی خەڵکی شۆڕشگێڕ - لە بوارێکی تەواو ئاوارتەدا - ڕەنگە ئەم حزبانە ناچار ببن سەرەڕای خواست و ئارەزووی ناوەکیی خۆیان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، لە هەمانکاتدا ئەو زیاتر لە هەر شتێکی دیکە چاوی ئومێدی بڕیبووە خۆرئاوای پیشەسازی، وەک سەکۆی پێشڕەویی شۆڕشە سۆسیالیستییە سەرکەوتووەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، بەتایبەت ئەو حزبانەی دژەستالینی بوون، بەڵام وەک دەزانین، چەرخی مێژوو بەجۆرێکی دیکە سووڕایەوە، لەڕاستیدا شۆڕش فراوانبوو، بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتووی ئاسیا و وڵاتانی باڵکان، جگە لەوەش ڕێکخستن و ڕێبەرایەتیی ئەم شۆڕشانە، لە دەستی ئەو حزبە کۆمۆنیستییانە دابوو،

که دەرهەق بەستالین بەوەفا بوون – چین، ڤێتنام، یوگسلاڤیا، و ئەلبانیا – و بونیادی کۆمەڵایەتیی سۆڤێتیان کرد بە مۆدێلی خۆیان، لەم وڵاتانەدا لەبری ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک ئەم حزبانە لە پاسیڤبوون بەدەربکەن و بیانبەنە پێشەوە، لەڕاستیدا ئەم حزبانە چالاکانە هەوڵی مۆبیلیزەکردنیان دا و گرێیەکی ئاڵزۆی گەورەی ئاکامەکان و پەیوەندییە پێشکەوتنخواز و کۆنەپارێزەکان، شۆڕشگێڕ و دژەشۆڕشگێڕیی نێونەتەوەییان بەهێزکرد کە ئەمڕۆ وەک ستالینیزم دەیناسین.

**پەراوێزەکان**

1. بەرنامەی نوێ، ل45.
2. هەمان سەرچاوە، ل45.
3. هەمان سەرچاوە، ل22.
4. هەمان سەرچاوە، ل24.
5. جەوهەری چینایەتیی دەوڵەتی سۆڤێت، ل4.
6. هەمان سەرچاوە، ل32.
7. ئەو شۆڕشەی خیانەتی لێکرا، ل112.
8. هەمان سەرچاوە، ل276.
9. بەرگریکردن لە مارکسیزم، ل15.

## 1
## ڤۆدکا، کڵێسا و سینەما

لێرەدا دوو واقیعی گەورە هەن، ڕۆڵێکی نوێیان لەسەر ژیانی چینی کرێکار هەیە. یەکەمیان دەرکەوتنی هەشت سەعات کارکردن لە ڕۆژێکدا؛ دووەمیان، قەدەغەکردنی فرۆشتنی ڤۆدکا. لەناوبردنی مۆنۆپۆلیی ڤۆدکا، کە هۆکارەکەی جەنگ بوو، شۆڕشی بردە پێشەوە. جەنگ ئامرازێکی وەها گەورەی دەویست، کە تزاریزم توانی داهاتێکی کەم لە خواردنەوەکان کۆبکاتەوە، میلیاردێک ڕۆبڵ کەمتر یان زیاتر جیاوازییەکی زۆری نەبوو. شۆڕش لەناوبردنی مۆنۆپۆل و قۆرخکردنی ڤۆدکای وەک واقیعێک بە میرات برد، وەک واقیعێک قبوڵی کرد، بەڵام بە تێبینیی پرەنسیپێک. تەنها بە سەرکەوتنی دەسەڵاتی چینی کرێکارەوە، کە بەرهەمهێنەرانی بەئاگای سیستەمی ئابووریی نوێن، خەبات لەگەڵ ئەلکولیزمدا لەلایەن وڵاتەوە، بە پەروەردە و قەدەغەکردنەوە، گرنگییەکی مێژوویی وەردەگرێت. ڕووداوی ئەوەی بودجەی «مەیخۆرەوەکان» بەدرێژایی جەنگی ئیمپریالیستی لابرا، ئەم واقیعە بنچینەییە ناگۆڕێت، کە لەناوبردنی سیستەمی ئەو وڵاتەی خەڵکی بۆ خواردنەوە هاندەدا، یەکێکە لە دەستکەوتە ئاسنینەکانی شۆڕش.

بەڵام دەربارەی هەشت سەعات کارکردن لە ڕۆژێکدا، کە یەکێک بووە لە سەرکەوتنە ڕاستەوخۆکانی شۆڕش، وەک واقیعێکی لەخۆدا، هەشت

سەعات کارکردن لە ڕۆژێکدا، گۆڕانێکی بنچینەیی لە ژیانی کرێکاردا دروستکرد، واتا دوو لەسەر سێی زەمەن لە ڕۆژی بەتاڵیی ئەرکەکانی کارگە. وەها شتێک بنچینەییە بۆ گۆڕانێکی ڕادیکاڵ لە بژێویدا بۆ گەشەکردن و کولتوور، پەردەی کۆمەڵایەتی و هتد؛ بەڵام دیارە تەنها بنچینەیەکە. گرنگی سەرەکی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەم ڕاستییەدایە، کە باشتربوونی ئابووریی هەر کرێکارێک خۆبەخۆ دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ماتریالی و کولتووریی چینی کرێکار بەشێوەیەکی گشتی.

بەپێی فۆرمولە کۆنەکەی بزووتنەوەی کرێکاری: «هەشت سەعات کارکردن، هەشت سەعات خەوتن، هەشت سەعات ڕابواردن». لە هەلومەرجی ئێستای ئێمەدا، ئەم گوتەیە مانایەکی نوێ بەخۆیەوە دەگرێت. دەکرێت قازانجێکی زیاتر لە هەشت سەعات کارکردن وەربگیرێت، دەکرێت هەشت سەعات خەوتنی باشتر، پاکتر و تەندروستتر ڕێکبخرێت، هەشت سەعاتی بەتاڵی دەکرێت کولتووریتر و کامڵتر بکرێت.

پرسی سەرگەرمی و خۆشی لەم پەیوەندییەدا، بە وردبوونەوە لە کولتوور و پەروەردە، گرنگییەکی زیاتری هەیە. کارەکتەری منداڵ بەڕوونی لە گەمەکانیدا ئاشکرا و دروستدەبێت. کارەکتەری فەردێکی باڵغ بەئاشکرا نواندنەوەیەکی گەمە و سەرگەرمییەکانییەتی، بەڵام لە دروستبوونی کارەکتەری کۆی چینێکدا، کاتێک ئەم چینە وەک پرۆلیتاریای لاو و پێشڕەو وایە، سەرگەرمییەکان و گەمەکان دەبێت پێگەیەکی دیارتر و بەرجەستەتر وەربگرن. ڕیفۆرمیستی یۆتۆپیی گەورەی فەڕەنسی، فۆریە، زوهدانییەت (asceticism)ـە مەسیحییەکان و سەرکوتکردنی غەریزە سروشتییەکانی ڕەتکردەوە و «فالانستەری»(phalansterie)یەکەی (واتا کۆمۆنەکانی داهاتوو)ی بەپێی سوودمەندیی عەقڵانی و دروستێتیی غەریزەکان و حەزە ئینسانییەکان بونیاد نا. ئایدیایەکی قوڵە. دەوڵەتی چینی کرێکار، نە نەزمێکی

ڕۆحانییە و نە ڕاهیبی، یان خانەقایی(monastery). ئێمە خەڵک هەر وەک ئەوە دەبینین، کە بە دەستی سروشت دروستکراون و بەو جۆرە سەیریان دەکەین، کە لەلایەن سیستەمی پێشووەوە بەڕادەیەک پەروەردە کراون و بە ئەندازەیەکیش بەلاڕێدا براون. ئێمە بۆ پلانی حزب و هەرەمی دەوڵەتە شۆڕشگێڕییەکەمان لەم ماتریالە گرنگە ئینسانییەدا بەدوای گۆشەنیگایەکی پشتیوانییەوەین. حەزێکی لەڕادەبەدەر بۆ سەرگەرمی، خلافاندن، حەزی تەماشاکردن، پیاسە و پێکەنین، ڕەواترین و شەرعیترین ئارەزووی سروشتی ئینسانە. دەتوانین و بەڕاستیش دەمانەوێت ئامرازەکانی دابینکردنی ئەم ئارەزووە بە چۆنایەتی و کوالیتییەکی هونەرمەندانەتر دابین بکەین، لە هەمانکاتدا بە چەکێک سەرگەرمی و خۆشگوزەرانی بکەین بۆ پەروەردەی هاوبەش و گشتی، بەدەر لە کۆت و بەندەکانی مامۆستایەتی و هابیت و خووی ناقەتپڕوکێنی ئەخلاقگەرایی و مۆڕاڵیزم.

لە ئێستادا گرنگترین چەک بۆ ئەم پەیوەندییە، بەرزترین چەکێک لەهەر چەکێکی دیکە، سینەمایە. ئەم داهێنانە تەماشاییە سەرسوڕهێنەرە، بە خێراییەکی وەها سەرکەوتووانەوە هاتووەتە نێو ژیانی ئینسانەوە، کە لە ڕابردوودا ئەزموون نەکراوە. لە ژیانی ڕۆژانەی شارە سەرمایەدارییەکاندا، سینەما وەک حەمام، بیرەفرۆشی، کڵێسا و دامەزراوەکانی دیکە، تەنها بووە بە بەشێکی ژیانی پێرفێکت ستایشکراو. حەز و ئارەزوو بۆ سینەما ڕیشەی لەنێو ئارەزوو بۆ خۆخلافاندن و خۆخەریککردندا هەیە، ئارەزوو بۆ بینینی شتێکی نوێ و نائاسایی، تاکو بگرین، پێبکەنن، نەک بۆ خۆتان، بەڵکو بۆ چارەڕەش و بەدبەختەکانی دیکەی دونیا. سینەما ئەم خواستە بە میتۆدێکی ڕاستەوخۆ، بینین، جوان، و ژیانی دابیندەکات، کە پێویستی بە هیچ شتێکی بینەر نییە، تەنانەت پێویستی بەوە نییە بینەرەکەی خوێندەواریش بێت. بەم هۆیەوەیە بینەران عەشقێکی وەها زۆر و لێڕژاویان بۆ سینەما هەیە، کە

سەرچاوەی ناکۆتایی هەستەکان و عاتیفەکانە. بە خاڵێک دەگەین (مەبەست لە هەمان خاڵ و گۆشەنیگای پشتیوانیی بۆ پلانی حزبی شۆڕشگێڕییە کە لە ڕستەکانی سەوەدا هاتووە) و نەک تەنها خاڵێک، بەڵکو مەیدانێکی گەورە بۆ بەکارهێنانی وزە پەروەردەییە سۆسیالیستییەکانی ئێمە .

ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئێمە لە شەش ساڵی ڕابردوودا، هیچ دەسەڵاتێکمان بەسەر سینەمادا نەبووە و ئەمە دەریدەخات، ئەگەر بە ڕاشکاویی نەڵێین ئەحمەق، بە چ ڕادەیەک تەمبەڵ و نەخوێندەوارین. ئەم چەکە، کە هاوار دەکات تاکو بەکاربهێنرێت، باشترین ئامرازێکە بۆ پروپاگەندە، پروپاگەندەی پیشەسازی، پەروەردەیی و تەکنیکی، پروپاگەندە دژ بە کحول، پروپاگەندە بۆ تەندروستی، پروپاگەندەی سیاسیی، حەز بە هەر پروپاگەندەیەک بکەن، پروپاگەندەیەک لەبەردەستی هەمووان دایە، سەرنجڕاکێشە و لە یادەوەریدا دەمێنێتەوە و دەتوانێت سەرچاوەیەکی سوودبەخش بێت .

لە سەرنجڕاکێشان و سەرگەرمیدا، سینەما بەڕادەیەک کێبڕکێی بیرەفرۆشان و مەیخانەکان دەکات. من نازانم لە نیویۆرک یان پاریس لە ئێستادا کامەیان سینەما یان مەیخانەی زیاتریان هەیە، یان کام یەکێک لەم سەرمایەگوزارییانە داهاتی زیاتر و سوودبەخشترە، بەڵام زیاتر لە هەر شتێکی دیکە ڕوون و ئاشکرایە سینەما بۆ داگیرکردنی هەشت سەعاتی بەتاڵ کێبڕکێ و ململانێی مەیخانە دەکات. ئایا دەتوانین ئەم چەکە بێوێنەیە دابین بکەین، ئەی بۆنا؟ دەوڵەتی تزار (قەیسەری) لە میانەی چەند ساڵێکدا، چەندین تۆڕی ئاڵۆز و بەناویەکداچووی بارە مەیفرۆشییەکانی دامەزراند. ئەم بازرگانییە ساڵانە نزیکەی ملیاردێک ڕۆبڵی زێڕ داهاتی بەدواوە بوو. ئەی بۆچی نابێت دەوڵەتی کرێکاران تۆڕێک لە سینەماکان دابمەزرێنێت؟ دەکرێت ئەم ئامرازەی سەرگەرمی و پەروەردەکردن زیاتر و زیاتر بونیاد بنرێت، بۆئەوەی ببێتە بەشێکی پڕ و پێرفێکتی ژیانێکی نەتەوەیی. لە هەمان کاتی

سوودوەرگرتن لە سینەمادا بۆ خەبات دژ بە ئەلکولیزم، دەکرێت لەڕووی سوودمەندیشەوە گرنگییەکی زۆری هەبێت. ئایا ئەمە پراکتیکییە؟ ئەی بۆنا؟ دیارە ئەمەش ئاسان نییە. بەهەرحاڵ جەوهەر و گونجاوییەکی زیاتری لەگەڵ وزەکانی ڕێکخستن و تواناکانی دەوڵەتی کرێکاریدا هەیە، نەک ئەوەی لێبگەڕێت بڵێین هەوڵدان بۆ دووبارەکردنەوەی مۆنۆپۆلەکانی ڤۆدکا.

سینەما هەر تەنها کێبڕکێی مەیخانە ناکات، بەڵکو پێش کڵێساش دەداتەوە. و ئەگەر ئەم کێبڕکێیە دەوڵەتی سۆسیالیستی لە کڵێسا جیابکەینەوە و لەگەڵ سینەمادا یەکبگرین، دەکرێت ئەمە بۆ کڵێسا کوشندە بێت.

بەگشتی لەنێو چینە کرێکارییەکانی ڕووسیادا دینداری بوونی نییە. لەڕاستیدا هەرگیز بوونی نەبووە. کڵێسای ئەرتەدۆکس بریتی بوو لە عادەتێکی ڕۆژانە و دامەزراوەیەکی حکومەتی. هەرگیز سەرکەوتوو نەبووە لەوەی دزە بکاتە نێو قوڵایی ئاگایی و سۆز و عاتیفەکانی خەڵک، هەروەها سەرکەوتنی لە بردنی دۆگماکان و ئەحکامە دینییەکان بۆ نێو سۆزە ناوەکییەکانی خەڵک بەدەست نەهێناوە. هۆکاری ئەوەش تەنها شتێکە - دۆخی بێ کولتووری ڕووسیای پێشوو، کڵێسایش دەگرێتەوە. لەم ڕووەوە سانی بێداربوونەوەی کولتوور، کرێکاری ڕووسی زۆر بە سادەیی پەیوەندیی دەرەکیی لەگەڵ کڵێسادا دەپچڕێنێت، ئەو پەیوەندییەی لە ڕێچکە و ڕەفتاری ئەودا گەشەیکردووە. بەدیاریکراوی بۆ دێهاتی یان جوتیارەکان، ئەم پچڕاندنی پەیوەندییە قورسترە، نەک بەهۆی ئەوەی جوتیار قووڵتر و ناوەکیتر نوقمی نێو ئامۆژگارییەکانی کڵێسا بووە - هەڵبەت هەرگیز بەم چەشنە نەبووە - بەڵکو بەهۆی ئەوەی یونیفۆرم و وەستاویی ژیانی جوتیار، ئەوی لە یونیفۆرم و وەستاویی پراکتیکەکانی کڵێسا نزیکتر کردووەتەوە.

پەیوەندیی کرێکاران بە کڵێساوە (من لێرەدا باس لە کرێکاری جەماوەریی ناحزبی دەکەم) بەگشتی بە ڕەفتار و عادەتەکانەوە دەمێنێتەوە،

بەتایبەت ڕەفتاری ژنان. هەڵواسینی ئایکۆنەکان لە ماڵەوەدا بەو هۆیەوەیە، کە شتگەلێکی وەها لێرەدا بوونی هەیە. ئایکۆنەکان دیوارەکان دەڕازێننەوە؛ و دیوار بەبێ ئەوانە وەک شتێکی ڕووت دەردەکەوێت؛ (جگە لەمە) خەڵک نایانەوێت سوود لەمانە وەربگرن. کرێکارێک خۆی ناخاتە زەحمەتییەوە تاکو ئایکۆنێکی نوێ بکڕێت، بەڵام مەبەستی ئەوەیشی نییە ئایکۆنە کۆنەکە توورِ بدات. چۆن دەکرێت جەژنی بەهار بەرپا بکرێت، ئەگەر کێکی جەژنی پاک بوونی نەبێت؟ و کێکی جەژنی پاکیش دەبێت بە دەستی قەشە پیرۆز بکرێت، جگە لەمە دەنا هیچ مانایەکی نابێت، هەروەها ڕۆیشتن بۆ کڵێسا، خەڵک ناچن بۆ کڵێسکا، چونکە دیندارن؛ کڵێسای ڕووناککراوە، کۆمەڵێک لە پیاوان و ژنان بە باشترین جلوبەرگەکانیانەوە، گۆرانیی دەستەجەمعی شتێکی خراپ نییە - دیوێکی سەرنجڕاکێشان و گرنگییەکانی ئێستاتیکای کۆمەڵایەتییە، کە لە کارگە، خێزان یان شەقامە ئاساییەکاندا بوونی نییە، دەنا هیچ ئیمان یان پراکتیکێکی دینداری بوونی نییە. بەهەر حاڵ هیچ ڕێزێک بۆ ڕۆحانی یان بیروبۆچوون و باوەڕ بەهێزێکی جادوویی بوونی نییە، بەڵام هیچ ئیرادەیەکی چالاکیش بۆ شکاندنی ئەوانە بوونی نییە. ڕەگەزەکانی خلافاندن، چێژ و سەرگەرمی، ڕۆڵێکی زیاتریان لە ئایینزاکانی کڵێسا هەیە. بەهۆی میتۆدەکانی شانۆییەوە، کڵێسا کار لەسەر بینایی، هەستی بۆنکردن (بە بخورێکی بۆنخۆشەوە) دەکات و لەڕێگای ئەوانەوە، کاریگەریی لەسەر خەیاڵ دادەنێت. ئارەزووی ئینسان بۆ شتی شانۆیی و نمایشی، ئارەزوویەک بۆ بینین و بیستنی شتی نائاسایی، بەرجەستە، ئارەزوو بۆ شکاندنی یونیفۆرمی باوی ژیان، گەورەیە و لەبەین ناچێت و لە سەردەمی منداڵییەوە تا تەمەنی باڵغبوون بەردەوام دەبێت. بۆ ئازادکردنی گشتیی جەماوەران لە ئایینزاکان و کڵێساگەرایی کە لە خوو و عادەتەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە. پروپاگەندەی دژەئایینی بەس نییە، هەڵبەت پێویستە، بەڵام کاریگەریی ڕاستەوخۆ بەسەر

کەمینەیەکی بچووکدا، کە وزەیەکی جەسوورانەتریان هەیە، بەرتەسکە. کۆمەڵانی خەڵک کاریگەر نابن بە پروپاگەندەی دژەئایینی، بەڵام ئەمە بەو هۆیەوە نییە، کە پەیوەندیی ڕۆحانیی ئەوان بە ئایینەوە شتێکی زۆر قوڵ بێت؛ بەپێچەوانەوە، هەرگیز هیچ پەیوەندییەکی ڕۆحانی بوونی نییە. تەنها پەیوەندییەکی بێ فۆرم، میکانیکی و وەستاو هەیە، کە هیچ کاریگەرییەک لەسەر ئاگایی دانانێت، پەیوەندییەک وەک پیاسەکردنێک لە شەقامدا، کە هیچ کەسێک لەم کاتە یان شوێنەدا، ناڕەزایەتیی بۆ پەیوەندییکردن بە مەراسیمی شکۆمەند، یان دەستەجەمعی، گوێگرتن لە گۆرانی، یان لانیکەم جوڵەدان نییە.

ئایینزا بێ مانا و پووچەکان، وەک وەک بارێکی مردوو لەسەر شانی ئاگایی بارکراون، ناکرێت بە تەنها لەلایەن ڕەخنەوە ڕەتبکرێنەوە؛ دەکرێت لەڕیشەوە هەڵبکێشرێن، بەڵام بە فۆرمە تازەکانی ژیان، سەرگەرمییە تازەکان و نمایشییە کولتوورییەکان. لێرەدا جارێکی دیکە، بیرکردنەوەکان بە سروشت وەک بەهێزترین ئامرازی شانۆیی و نمایشی (چونکە یەکێکە لە دیموکراتیترین ئامرازەکان) دەچێنە پێشەوە: سینەما، چیتر پێویست بە پیاوی ڕۆحانی لە جلوبەرگی ئاوریشمی و هتدەوە ناکات، سینەما لەسەر سەکۆیەکی سپی، وێنەگەلی شایستەی بینین دابیندەکات ئەویش زۆر بەهێزتر و دەوڵەمەندتر و کاریگەرتر لە کڵێساکان و لەڕێگای گەشەکردووی نێو ئەزموونی هەزاران ساڵەی مزگەوتەکان یان کەنیسەکانەوە. لە کڵێسادا تەنها درامایەک پێشکەش دەکرێت، هەمیشەش هەر ئەوەیە کە هەیە، چ ئەم ساڵ یان ساڵی دواتر، لەکاتێکدا، لە سینەمادا هۆڵی دواتر جەژنە پاکە بتپەرستییەکان، جولەکە و مەسیحی لە سکێنسە مێژووییەکانیاندا، بە هەمان فۆرمی ئایینزاییانەوە پیشانی ئێوە دەدرێت. سینەما سەرگەرمی دروست دەکات، فێردەکات و خەیاڵ بە وێنەکان دەوروژێنێت و ئێوە لە پێویستبوون بە خاچی تەلاری

کڵێسا ڕزگار دەکات. سینەما نەیاری گەورەی نەک تەنها مەیخانە، بەڵکو کڵێسایشە. لێرە ئامرازێک هەیە، ئێمە دەبێت بەهەر نرخێک بێت دەستی بەسەردا بگرین.

## 2
## دەربارەی شیعری فۆرمالیزم

شێواز و ستایلە فۆرمالیستییەکان، لە سنوور و مەجازێکدا، ڕەنگە کۆمەک بە ڕوونبوونەوەی تایبەتمەندییە هونەری و سایکۆلۆژییەکانی فۆرم (کورتبڕی، شەپۆل، زیادەڕەوی، جیاوازی و هتد) بکات. ئەم کۆمەکە خۆبەخۆ ڕەنگە ماسکێک - یەکێک لە ماسکەکان - لە هەستەکانی هونەرمەند بەرانبەر بە جیهان بدات و بتوانێت کەشفکردنی پەیوەندییەکانی تاکە هونەرمەندێک، یان قوتابخانە هونەرییەکان بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتیی ئاسان بکات. لێرەدا پەیوەست بە قوتابخانە زیندوو و هاوچەرخەکان کە هێشتا لەئانی گەشەکردندایە، هەڵسەنگاندنی کاتیی ئەو قوتابخانەیە لەلایەن لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕوونکردنەوەی ڕیشە چینایەتییەکانی، گرنگییەکی لەڕادەبەدەری هەیە، چونکە تەنها هەر خوێنەر نا، بەڵکو تەنانەت قوتابخانەکە خۆیشی دەتوانێت بە ئاراستە و هەڵوێستی خۆی بگات، واتا خۆی بناسێت و خۆی بپاڵێوێت.

بەڵام فۆرمالیستەکان بەوە ڕازی نابن ستایل و شێوازەکانیان تەنها گرنگییەکی لاوەکی، بەکەڵک و تەکنیکییان پێبدرێت - هاوشێوەی ئەو شتەی ئامار لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، یان مایکرۆسکۆپ لە زانستە بایۆلۆژییەکاندا هەیەتی -. نەخێر، ئەوان زۆر زیاتر لەمەش تێدەپەڕن. لای ئەوان هونەری گوتاربێژی(هنر کلامی) دواجار و بەگشتی، بۆ وشە و هونەری وێنە بۆ ڕەنگ کۆتایی دێت. شیعر پێکهاتەیەکی دەنگەکان، شێوەکاری پێکهاتەیەکی پارچە ڕەنگییەکان و یاساکانی هونەریش یاساکانی پێکهاتەی گوتار و پارچە

ڕەنگییەکانە. ئەو ڕوانگە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەی کە بۆ ئێمە لێکۆڵینەوە میکرۆسکۆپییەکان و ئامارییەکان مانایان هەیە، لای فۆرمالیستەکان لەڕوانگەی کەلامییەوە تەنها کیماگەرییە.

شکلۆڤسکی دەڵێت: «هونەر هەمیشە لەژیان سەربەخۆ بووە، هەرگیز ڕەنگەکانی ڕەنگادنەوەی ڕەنگەکانی ئاڵا نەبووە کە لەسەر قەڵای شاردا دەشەکێنەوە». یاکۆبسن لە کتێبی شیعری کۆتایی ڕووسدا دەڵێت: «چاکسازیکردنی دەربڕین و پێکهاتەی کەلامی تەنها ڕەگەزیی بنچینەیی شیعرە». کرۆچەنیخ دەڵێت: «لەگەڵ هەر فۆرمێکی تازەدا ناوەرۆکێکی تازەش لەدایک دەبێت، کەواتە فۆرم خەسڵەت بە ناوەڕۆک دەبەخشێت». یاکۆبسن پێیوایە «شاعیری واتا فۆرمبەخشین بەو وشانەی خۆیان بەهایان هەیە». یان خێلبنیکۆڤ دەڵێت «وشە خۆی بەهای هەیە». و هەتا دوایی.

لەڕاستیدا فۆتۆریستە ئیتاڵییەکان، بەدوای ئامرازی دەربڕینی لۆکۆمۆتیڤ، ڕادیۆ، کارەبا و فڕۆکەدا دەگەڕان، کە بەرهەمی سەردەمەکەی خۆیان بوو. بە دەربڕینێکی دیکە، دەچوون بەدوای فۆرمی نوێدا بۆ ناوەرۆکی ژیانی نوێ. بەڵام یاکۆبسن پێیوایە «ئەم کارە ڕیفۆرمێک بوو لە بواری ڕیپۆرتەریدا، نەک لە بواری زمانی شاعیرانەدا». ئەم شتە دەربارەی فۆتۆریستە ڕووسەکان تەواو جیاوازە: چاکسازی و پێکهاتەی کەلامی تا کۆتایی بەردەوامی هەیە. فۆتۆریزمی ڕووسی پێیوایە فۆرم ناوەرۆک دیاریدەکات.

یاکۆبسن بە ناچاری ئەوە قبوڵدەکات، کە تەرزە شاعیرانەییە تازەکان بۆ خودی ئۆربانیزم (شارگەرایی یان کولتووری شار) بەکەڵکن و بەکاردەهێنرێن، بەڵام ئەو دەرەنجامەی ئەو پێیدەگات: «شیعرە شارییەکانی مایاکۆڤسکی و خێلبنیکۆڤ ئەم بانگەشەیە دەردەخەن». بەدەربڕینێکی دیکە، ئۆربانیزم کە کاریگەریی لەسەر چاو و گوێی شاعیران دادەنێت و دووبارە ئەوان پەروەردە دەکاتەوە، نابێتە ئیلهامی فۆرمێکی تازە کە پڕبێت لە

فۆرمە خەیاڵییەکان، سیفەت و کێش و وەزنەکان، بەڵکو بەپێچەوانەوە فۆرمی نوێ خۆویستانە چرۆی کردووە و شاعیر ناچار دەکات، بەدوای کەرەستە گونجاوەکانی شیعرەکەی خۆیدا بچێت و ئەو بەرەو ئۆربانیزم ئاراستە دەکات! گەشەکردنی «پێکهاتەی کەلامی»ی خۆویستانە لە سەردەمی ئۆدیسەوە، تاکو هەوری پانتۆڵ لەبەر بەردەوام بووە؛ مەشخەڵ، مۆم و لایتی کارەبایی هەرگیز ئیشی بەمە نەبووە! بۆ مرۆڤ تەنها ئەوەندە ئەم گۆشەنیگایانە بەڕوونی فۆرمولە بکات، تا هەرزەیی منداڵانەی ئەوە بە چاو ببینێت. بەڵام یاکۆبسن لە جەختکردنەوەکەیدا پێداگریی دەکات و لە پێشەوە وەڵامدەداتەوە، کە ئەوە مایاکۆڤسکییە ئەم خشتەکییانەی هەن: «خەڵکی گەمژە شارەکان بەجێبێڵن». و تیۆریزەکەری قوتابخانەی فۆرمالیست بە قوڵی بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە، کە «ئەمە ئیتر چۆنە، پارادۆکسیی لۆژیکی؟، بەڵام بهێڵن ئەوانی دیکە ئایدیا شاعیرانەییە دەربڕدراوەکانی خۆیان لە بەرهەمەکانیاندا بسەپێنن». مەحکومکردنی شاعیران بەخاتری بیروبۆچوون و هەستەکانیان بە ڕادەی لێدان و سزادانی کەسێک لەلایەن خەڵکییەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە ڕۆڵی یەهودا دەگێڕێت، پووچ و بێ مانایە و زۆر شتی دیکە.

تـەواو ڕوون و ئاشکرایە، هەموو ئەمانە وەک بڵێیت لەلایەن خوێندکارێکی ئامادەیی زیرەکەوە نووسراوە، تاکو دژ بە مامۆستای ئەدەبیاتی لوتبەرز و فەخرفرۆش و لەخۆڕازیی خۆی بەکاریبهێنێت و متمانە و پێگەیەکیش بۆ خۆی دەستەبەر بکات. داهێنەرە دلێر و بەجەرگەکانی ئێمە ڕەنگە بە نووسین دەرەقەتی مامۆستا بێن، بەڵام ناتوانن لەم مەیدانەدا لەڕوانگەی تیۆریی یان گرامەرییەوە دەست بۆ قەڵەم بەرن. سەلماندنی ئەم بانگەشەیە زۆر قورس نییە.

دیاره فۆتۆریستەکان هەست بە نیشانەکانی شار، واتا ترامواو، کارەبا، تەلەگراف، سەیارە، تەیارە، و مەیخانەکانی شەوانە (بەتایبەت مەیخانەکانی شەوانە) دەکەن بەر لەوەی بە فۆرمی نوێی خۆیان بگەن. ئۆربانیزم (شارگەرایی) بەقوڵی کاریگەریی لەسەر ناخودئاگای فۆتۆریزم هەیە. سیفەتەکان، ڕیشەناسی، ڕێزمان و کێش تەنها هەوڵێکە لە فۆرمی هونەرمەندانەدا دەدەرێت بە ڕۆحی نوێی شارەکان، کە ناخودئاگایی شاعیرانی داگیرکردووە. کاتێک مایاکۆڤسکی هاواردەکات: «خەڵکی گەمژە شار چۆڵ بکەن»، ئەمە هاواری پیاوێکە تا ئاستی مۆخ بووەتە شاری و ئۆربانیزمەکەی بەڕوونی و بەرچاوەوە دەردەخات، بەتایبەت ئەو کاتەی لەدەرەوەی شارە و دەچێتە شوێنی حەوانەوەی هاوینەی خۆی. لێرەدا مەسەلەکە هەرگیز بریتی نییە لە بەهەڵەزانینی (ئەم وشەیە بەهایەکی کەمی هەیە) شاعیر بەخاتری دەربڕینی ئایدیا و هەستەکانی. دیارە شێوازی دەربڕینی شاعیر کەسایەتیی شیعریی ئەو دروست دەکات. بەهەرحاڵ، هەر شاعیرێک زمانی قوتابخانەیەک بەکاردەهێنێت، کە ئەوە قبوڵدەکات یان زمانێکی بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی خوڵقاندووە کە لەدەرەوەی بواریی شەخسیی خۆیەتی. ئەم شتە تەنانەت بۆ ئەو کاتەش ڕاستە کە شاعیر خۆی بۆ لیریک و شیعری عاشقانەی شەخسی و شیعری بەندوباو بۆ مردوو بەرتەسک دەکاتەوە. ئەگەرچی ڕۆحی شەخسیی فۆرمی شیعر لەگەڵ خوڵق و خووی شاعیردا دەگونجێت، بەڵام هەردووکیان دەرگیری تەقلیدکردنەوە، کاری دووبارە و مینۆدی دەربڕین و هەستەکانن. هەر فۆرمێکی نوێی هونەر لە ڕەوتی گشتیی مێژوودا بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییە تازەکان لەدایک دەبن. بۆ نموونە، دەکرێت لەبارەی شیعری لیریکی کەسێکەوە بڵێین لەنێوان فیزیۆلۆژیای سێکس و شیعرە عاشقانییەکاندا سیستەمێکی ئاڵۆزیی میکانیزمەکانی گواستنەوەی دەروونی بوونی هەیە، کە گەلێک ڕەگەزی کۆمەڵایەتی، ڕەگەزی و فەردی هەیە.

هەر چینێک ڕێچکە و ڕێبازی خۆی لە هونەردا هەیە، واتا سیستەمێکی خواستەکان و پێداویستییەکانی کە لەگەڵ زەمەندا گۆڕانی بەسەردا دێت، وەک پارێزگاری دەربار و سینیۆری گەورە (ئەریستۆکراٹ)، پەیوەندیی ئۆتۆماتیکی خواست و خستنەڕوو، کە بە مینۆدە ئاڵۆزەکانی کاریگەریی لەسەر هونەرمەند دادەنێت و گەلێک بواری دی. تا ئەو کاتەی هونەر خەسڵەتیی وابەستەیی بە دەربارەوە پاراستبوو، وابەستەیی کۆمەڵایەتی یان تەنانەت شەخسیی هونەر بە دەربارەوە شاراوە نەبوو. خەسڵەتی بەرفراوان، عەوامانە و نەناسراوی بۆرژوازیی تازەدەرکەوتوو، سەرتاپا بووە هۆکاری دەرکەوتنی تیۆریی «هونەری پەتی»، ئەگەرچی گەلێک لادان لەنێو ئەم تیۆرییەدا هەبوو. وەک گوترا، ئەدەبیاتی لایەنگرانەی ڕۆشنبیرانی پۆپۆلیست، پڕبوو لە بەرژەوەندییە چینایەتییەکان. ڕۆشنبیر نەیدەتوانی هێزی هەبێت و نەیدەتوانی بێ پارێزگاریی خەڵک ئەم مافە بەدەست بهێنێت کە لە مێژوودا ڕۆڵی هەبێت، بەڵام لە خەباتە شۆڕشگێڕییەکاندا، خۆپەرستیی چینی ڕۆشنبیران گۆڕانی بەسەردا هات و بەرەی چەپ ئەو لەخۆبوردووییە باڵا و بەرزەی دەرخست. بەم هۆیەوە، ڕۆشنبیر نەک تەنها ئاراستە و ئینتیما هونەرییەکەی خۆی نەشاردەوە، بەڵکو هەروەها بەئاشکرا ئەو ئینتیمایەی دەربڕی و لەم ڕێگایەوە هونەری کردە قوربانی، هەروەک ئەوەی زۆر شتی دیکەیشی کردە قوربانی.

لێکدانەوە و تێگەیشتنی مارکسیستیی ئێمە بۆ وابەستەیی کۆمەڵایەتی – ئوبێکتیڤ و بەهرەمەندیی کۆمەڵایەتیی هونەر، کاتێک وەریدەگێڕینە سەر زمانی سیاسەت، ئەوا هەرگیز بە مانای ئەو ئینتیما و ڕەوتە نایەت، کە بمانەوێت لەڕێگای یاسا و ڕێساکانەوە بەسەر هونەردا زاڵ بین. ئەوە هیچ ڕاست نییە، ئێمە تەنها هونەرێک بە تازە و شۆڕشگێڕی سەیر بکەین، کە باسی کرێکاران بکات، و ئەمەش بێمانایە کە ئێمە دەمانەوێت شاعیران

بـەردەوام شیعر بۆ دوکەڵکێشیی کارگەکان، یان خەباتی دژە سەرمایە بنووسن! دیارە هونەری نوێ ناتوانێت، بەڵام دەبێت خەباتی پرۆلیتاریا بکاتە خاڵی لێوردبوونەوەی خۆی. کێڵانی هونەری نوێ بۆ باریکە و تەنگە ژمارەکراوەکان کورت ناکرێنەوە، بەپێچەوانەوە دەبێتە هەموو ڕەوت و ڕێگاکانی مەیدانەکە بە تەواوی بکێڵێت. غەزەلە شەخسییەکان، کە بوارێکی کەمتریان هەیە، مافی ئەوەیان هەیە شوێنیان لە هونەری نوێدا هەبێت. سەرەڕای ئەمە، ئینسانی نوێ ناتوانێت بەبێ شیعری لیریکی نوێ بێتەئاراوە، بەڵام بۆ خولقاندنیشی، دەبێت شاعیر خۆی بە میتۆدێکی نوێ هەست بە جیهان بکات. ئەگەر تەنها مەسیح و سەباوت ناوەڕۆکی لیریکی شاعیران بوونایە (بۆ نوونە، شیعری ئەخماتۆڤا، تیسەتایڤا، شکاپسکایا و ئەوانی دیکە)، هەر ئەمە دەیسەلماند کە شیعری لیریکیی ئەوان چەندە لەدواوەی زەمەن بووە و لەڕووانگەی کۆمەڵایەتی و ئێستاتیکییەوە بە چ ڕادەیەک بۆ ئینسانی نوێ نەگونجاوە، تەنانەت ئەگەر ئەم شیعرانە سەر بە ئەزموونی زیندووی وشەکان نەبێت، ئەوا وەستاوی و بێجوڵەیی دەروونی دەردەخات و دژ بە وشیاریی ئینسانی نوێ دەوەستێنەوە. هیچ کەسێک نایەوێت و مەبەستی نییە تێمی شیعری شاعیران پێشنیار بکات و بەباشی بزانێت. تکایە بیر لە هەرشتێک دەکەیتەوە، شیعر بنووسە! بەڵام ڕێگا بە چینی نوێ بدە، کە لەخۆی دەڕوانێـت و هۆی هەیە، داوای دروستبوونی دنیایەکی نوێ بکات و پێتانبڵێت ئەگەر فەلسەفەی ژیانی سەدەی حەڤدەهەم بە زمانی ئەکمیستەکان (بەرهەمی هونەری سەرتاپا سەر بە جیهانی هەستپێکراو) دەرببڕێت، ئەوا نابیتە شاعیرێکی نوێ. فۆرمی هونەری بە ئاستێکی دیار و بەرفراوان، سەربەخۆیە، بەڵام ئەو هونەرمەندەی ئەم فۆرمە دەخوڵقێنێت و ئەو خوێنەرەی چێژی لێوەردەگرێت، بریتی نین لەو ئامێرە بەتاڵ و پووچانەی بە ئیرادەی ئەویدیکەوە فۆرم دەخوڵقێنن و یان چێژی لێوەردەگرن.

ڤیکتۆر شکلۆڤسکی دەڵێت «ئەگەر ژینگە و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان کاریگەریی لەسەر هونەر دانابایە، ئایا تێمی هونەری نەدەبوو وابەستەی ئەو شوێنانە بێت، کە لەگەڵ ئەم پەیوەندییەدا دەگونجێن؟ بەڵام تێمەکان نیشتمانیان نییە». بەڵێ، بەڵام باڵندەکان چی؟ بەپێی ڕوانگەی داروین، ئەوان لەگەڵ پەیوەندییە دیار و بەرچاوەکاندا دەگونجێن، بەڵام لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەفڕن، دروست وەک ئەدەبیاتی بێ کێش(unweighted)، (ستایل).

بەو ئاسانییە ناکرێت لەوە تێبگەین، کە بۆچی مارکسیزم دەبێت سەرزەنشتی وابەستەبوونی تێمی هونەری بۆ سیستەمی سێرفداری (سیستەمی ئاغا و سەپان) بکات. ئەو ڕاستییەی دەڵێت خەڵک و چینە جیاوازەکان سوود لە تێمێکی یەکسان وەردەگرن، تەنها دەریدەخەن، کە چۆن خەیاڵی ئینسان بەرتەسک و سنووردارە و چۆن ئینسان لە هەر جۆرە داهێنانێدا، تەنانەت داهێنانی هونەری، لە بەکارهێنانی هێزی خۆیدا شتێک دەهێڵێتەوە و پاشەکەوت دەکات. هەر چینێک هەوڵدەدات بەڕادەیەکی زۆر سوود لە میراتی ماتریالی و مەعنەویی چینێکی دیکە وەربگرێت. باسەکەی شکلۆڤسکی دەکرێت بە ئاسانی لە بواری تەکنیکی بەرهەمهێنانیشدا بخرێتە بەرباس. هەر لە کۆنەوە تێم هەر ئەو گالیسکەیە بووە، کە ئەمڕۆ دەیبینین، واتا تراکتۆر. سەیارە کە بێگومان بەرهەمی تەکنیکە، سەرەڕای هەموو ئەمانە سوود لە «تێم»، واتا چوار تایە و دوو گێڕ وەردەگرێت. بەهەر حاڵ، هەرکاتێک ئەسپی جوتیارێک لەکاتی شەودا لە شەقامەکانی ڕووسیا لەبەرانبەر لایتی سەرسوڕهێنەری سەیارەدا تووشی تۆقین دەبێت، دژایەتیی دوو کولتوور لەسەر سەکۆکەدا پێچەوانە دەبێتەوە.

شکلۆڤسکی باس لەوە دەکات کە «ئەگەر ژینگە لە چیرۆکەکاندا ڕەنگی دابایەوە، چیتر پێویست بەوە نەبوو لێکۆڵەرە ئەوروپییەکان هێندە

کاتی خۆیان بەفیڕۆ بدەن، تاکو تێبگەن حیکایەتەکانی هەزار و یەک شەوە سەر بە کوێن، میسری، هیندی، یان ئیرانییە». وتنی ئەوەی ژینگەی ئینسان یان هونەرمەند، واتا هەلومەرجی پەروەردە و فێرکردنی ژیانی، کە لە هونەرەکەیدا ڕەنگدەداتەوە، بەمانای ئەوە نییە، کە ئەم ڕەنگدانەوەیە خەسڵەتێکی دەقیقی جوگرافی، ئەتنیکی و ئاماری هەیە. هەرگیز شیاوی سەرسوڕمان نییە کە بۆچی ناکرێت بە وردییەوە بڵێین ئەم حیکایەتانە لە میسر، هیند، یان ئێراندا سەریهەڵداوە، چونکە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی ئەم وڵاتانە گەلێک تایبەتمەندی و خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە، بەڵام هەر ئەم حەقیقەتە کە لێکۆڵەرە ئەوروپییەکان هەوڵدەدەن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە، کە نیشتمانی بنچینەیی حیکایەتەکان کامە وڵات بووە، دەریدەخات ئەم حیکایەتانە ڕەنگدانەوەی ژینگەن، ئەگەرچی شەفاف و ڕوونیش نەبن.

شکلۆڤسکی دەڵێت «ئەگەر خەسڵەتە ئەتنیکییەکان لە هونەردا ڕەنگیدابایەوە، فۆلکلۆری خەڵکی وڵاتێک نەیدەتوانی قابیلی شوێنگۆڕکێ بێت بۆ زەویی، یان وڵاتێکی دیکە و هیچ نەتەوەیەک نەیدەتوانی دەربارەی نەتەوەیەکی دیکە فۆلکلۆر بڵێت».

دەبینن کە ئەو هێشتا عینادی دەکات. مارکسیزم هەرگیز نەیوتووە سیفەتە نەتەوەییەکان خەسڵەتی سەربەخۆیان هەیە. بەپێچەوانەوە ئەو لە دروستبوونی فۆلکلۆردا هەمیشە پێداگریی لەسەر گرنگیی دیاریکەری هەلومەرجە سروشتی و ئابوورییەکان دەکات. لێکچوون لە هەلومەرجی گەشەکردنی نەتەوە دێهاتییە سەرەتایی و ئاژەڵداری و کشتوکاڵییەکاندا، و لێکچوون لە تایبەتمەندیی کاریگەریی بەرانبەریان لەسەر یەکتری، بەناچاری خوڵقاندنی فۆلکلۆرێکی هاوشێوەی لێدەکەوێتەوە. لە گۆشەنیگای مەسەلەکانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئێمەوە، بە موتڵەقی جیاوازیی نییە لەوەدا کە ئەم ئێمە چونییەکانە چ سەربەخۆ لەنێو نەتەوە جیاوازەکاندا دەرکەوتبێت،

چ ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ژیانێک بێت، کە لە تایبەتمەندییە سەرەکییە یەکسانەکان بوون و ڕەنگدانەوەی بڕیاری یەکسانیی خەیاڵی دێهاتین، یان تۆوەکانی ئەم ئەفسانەی پەریانە بە کۆمەکی بایەکی گونجاو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە ڕۆیشتبێت، لە زەوی یان زەمینەیەکدا سەرچاوەی گرتبێت. زیاتر گریمانەی ئەوە هەیە، کە لە ڕاستیدا، هەر دوو شێوازەکە بەیەکەوە ڕێککەوتبێتن.

ماتریالیزم هەرگیز ئینکاری لە گرنگیی ڕەگەزی فۆرم لە لۆژیک، ماف و هونەردا ناکات. هەروەک ئەوەی سیستەمی مافناسیی دەکرێت و دەبێت بەپێی لۆژیک و یەکگرتوویە ناوەکییەکەی خۆی هەڵبسەنگێنرێت، هونەریش دەبێت لە گۆشەنیگای دەستکەوتەکانیی لە فۆرمدا حوکمی لەسەر بدرێت، چونکە بەبێ ئەمانە هیچ هونەرێک بوونی نییە. بەهەرحال تیۆریی مافناسی کە هەوڵدەدات یاسا لە هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان دابڕێت، لە بناغەوە ڕووبەڕووی کێشە بووەتەوە. هێزی بزوێنەری یاسا لە ئابووریدا، واتە لە دژایەتییە چینایەتییەکانی کۆمەڵگەدا هەیە. یاسا تەنها فەرمان و ڕێتم و هەماهەنگیی ناوەکیی دیاردە دەردەبڕێت، ئەویش نەک تایبەتمەندییە بەشەکییەکانی، بەڵکو خەسڵەتی گشتیی ئەو ڕەگەزانەی تیایدا بەردەوامن.

قوتابخانەی فۆرمالیست ئایدیالیزمێکی ناسەرکەوتوو بەسەر مەسەلە هونەرییەکاندا دەسەپێنێت. فۆرمالیستەکان گەلێک حوکمی توند و دەمارگیرانەیان هەیە. ئەوان هەوادارانی قەشە یوحەننان. پێیانوایە «لە سەرەتادا وشە بوو»، بەڵام ئێمە پێمانوایە لە سەرەتادا «کار» بوو و وشە بەدوایدا، بوو بە دەنگ و سێبەرەکەی.

## 3
## دەربارەی بارودۆخی جیهان
## گفتوگۆ لەگەڵ ترۆتسکی

### هەڵسەنگاندنی «پلانی پێنج ساڵە»

پرسیار: تکایە هەڵسەنگاندنی خۆتان بۆ «پلانی پێنج ساڵە» و ڕوانگە ئابوورییەکانی بەردەم ڕووسیا بخەنەڕوو.

وەڵام: پرسی بە پیشەسازیکردن و بەتایبەت پلان و بەرنامەی پێنج ساڵە، یەکێک بوو لە بابەتە سەرەکییەکانی ناکۆکیی نێوان بەرەی ستالین و «ئۆپۆزیسیۆنی چەپ»، کە من سەر بە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنم. تاکو شوباتی 1928، بەرەی ستالین بە پێویستی دەزانی دەسەڵاتی خۆی بەهۆی جوتیارەکانەوە بەهێزتر بکات، ئەمەش وایکرد خۆی لە فیداکاریی بۆ بەرژەوەندیی پیشەسازیی بەدوور بگرێت. بیرۆکراسی پێکەنینی بە پرەنسیپی بەرنامە و پلان هات و گوتی: «ئێمە سەر بە بارانین، نەک پلان و بەرنامە». لە ساڵی 1925دا، کتێبێکم بڵاوکردەوە بەناوی «بەرەو سەرمایەداری یان سۆسیالیزم؟»؛ لەو کتێبەدا ئەوەم سەلماند کە بە ڕێبەرییەکی گونجاو، پیشەسازیی دەتوانێت ساڵانە لە سەدا 20 یان زیاتر داهاتی هەبێت. ستالین و مۆلۆتۆڤ وەک شتێکی خەیاڵی لەم ژمارانەیان ڕوانی و «ئۆپۆزیسیۆنی

چەپ»یان بە «پاش-پیشەسازییگەرایی» تۆمەتبار کرد. ئەم ڕوانگانە بەتەواوی دەربارەی مێژووی پرسەکە، بۆ دەربڕینی ئاراسنە و ڕێچکەی من بەرانبەر بە پلانی پێنج ساڵە دەردەخات؛ من ئەمە وەک هەنگاوێکی گەورە بەرەو گەشەکردن، نەک تەنها بۆ سۆڤێت، بەڵکو بۆ مرۆڤایەتی دەبینم.

پرسیار: بە بۆچوونی ئێوە گەشەکردنی «پلانی پێنج ساڵە» توانا و ئەگەری دامەزراندنی سۆسیالیزمی لە ڕووسیای سۆڤێتیدا، بەبێ هاوکاری لە ئاستی هەمان ئەو هێڵانەدا لە تەواوی ئەوروپا بەهێزتر کردووە یان لاواز؟

وەڵام: ئەم پرسیارە، پرسیاری سۆسیالیزم لە تاکە وڵاتێکدا زەق دەکاتەوە. حەتمییەتی سۆسیالیزمی مێژوویی لەم واقیعەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هێزە بەرهەمهێنەرە هەنوکەییەکانی مرۆڤایەتی، نەک تەنها لەگەڵ خاوەندانداریێتیی تایبەت لەسەر ئامرازی بەرهەمهێنان، بەڵکو بەمجۆرە لەگەڵ سنوورە نەتەوەییەکانی ئێستادا لە ئەوروپا نەگونجاو و نالەبار بووە. دروست وەک پارتیکولاریزمی سەدەکانی ناوەڕاست، دەبووە ڕێگر لەبەردەم پەرەسەندنی سەرمایەداریی سائی لاوێتییەکەیدا، ئێستایش سەرمایەداریی لە لوتکەی پەرەسەندنی خۆیدا، لەو سنوورانەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان دیاریکردووە، بەرەو کزبوون و کوژانەوەیە.

سۆسیالیزم ناتوانێت هێزە بەرهەمهێنەرەکان لە «تەختی پرۆکرۆستیس»(1)ی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا بەرتەسک بکاتەوە. ئابووریی سۆسیالیستی بەپێی دابەشکردنی کاری جیهانی گەشە دەکات، کە بناغە بەهێزەکانی پێشتر سەرمایەداریی دایناوە. بونیادی پیشەسازیی سۆڤێت، بەلای منەوە بەشێکە لە بونیادی سۆسیالیستیی ئەوروپایی، ئاسیایی و جیهانی داهاتوو، و نەک گشتێتییەکی سەربەخۆی نەتەوەیی.

**ڕووسیای سۆڤێت و جیهانی سەرمایەداری**

پرسیار: ئایا ڕووسیای سۆڤێت ناچار دەبێت بە جۆرێک سازشکردن

لەگەڵ سەرمایەداریی خۆرئاوادا، بەو گریمانەیەی ڕەنگە بتوانێت بە تەنها سیاسەتێکی سۆسیالیستی بگرێتەبەر؟ سازشکردن یان ڕێککەوتنێکی ئاوا چ فۆرمێکی دەبێت؟

وەڵام: «سازشکردن» لەنێوان سۆڤێت و سیستەمە سەرمایەدارییەکاندا، پرس و کێشەی داهاتوو نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی ئێستا و هەنوکەییە. ئەمڕۆ ئەمە حەقیقەتێکە، ئەگەرچی نەک حەقیقەتێکی نەمر. پەیوەندیی ناوەکیی نێوان یەکێتیی سۆڤێتیی تەریک و سەرمایەداریی جیهانی چۆن دەچێتە پێشەوە؟ لێرەدا ئەنجامدانی پێشبینییەکی کۆنکرێتی، کارێکی سادە نییە؛ بەڵام بەگشتی دەتوانین بەم جۆرە پێشبینیی بکەین: سەرمایەداریی ئەوروپا بەجۆرێک نزیکترە لە شۆڕشێکی سۆسیالیستی نەک یەکێتیی سۆڤێت بۆ کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستیی نەتەوەیی.

پرسیار: ڕوانگەی پەیوەندیی ڕووسیای سۆڤێت لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا، لە بواری سیاسییدا لە دۆخی ڕەخسانی سازشێکی ئاوادا چۆنە؟

وەڵام: حکومەتی سۆڤێت، خواستی لەسەر پاراستنی پەیوەندییە ئاشتیخوازییەکان هەیە. خواستی خۆی بۆ ئاشتی ڕاگەیاندووە و هێشتایش بەهەر ئامرازێک، کە لەبەردەستی حکومەتدا بێت، ئەمە ڕادەگەیەنێت. ئایا ڕاستە کە لە پاریس ئەوان پڕۆژەی پێشنیارکراوی سۆڤێت بۆ چەکداماڵینی جیهانی وەک بەڵگەیەکی ئارەزووی دوژمنکارانەی مۆسکۆ سەیر بکەن، لەلایەکی دیکەوە دوورکەوتنەوەی فەڕەنسا بۆ هەنگاونان بەرەو چەکداماڵین وەک دەرکەوتنی ئارەزووی ئاشتیخوازانە لەقەڵەم بدەن؟ بەم لۆژیکەوە، چاپەمەنییە ڕەسمییەکانی فەڕەنسا، هێرشی ژاپۆن بۆسەر چین وەک کردەوەیەکی شارستانیانە و بەرهەڵستی و بەرگریی چین وەک کردەوەیەکی وەحشیانە سەیر دەکەن. بەپێی ئەم لۆژیەکە بێت، دزەکان ئەو کەسانە نین، کە چوونەتە سەر ماڵ و حاڵی ئەوانیدیکە، بەڵکو ئەوانەن کە بەرگریی

لەخۆیان دەکەن. نزیکی بۆچوون لەگەڵ ئەم ئاراستەیەدا، کارێکی قورس و گرانە.

**بارودۆخی ڕژێمی ستالین**

پرسیار: ڕێچکە و ئاراستەی ئێوە، ئەمڕۆ دەربارەی ڕژێمی ستالین چییە و بۆچی؟

وەڵام: بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، بە توندی جیاوازیی لەنێوان دوو چەمکدا دەکەم: ڕژێمی سۆڤێت وەک ڕژێمی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و ڕژێمی ستالین، کە لادانێکی بیرۆکراتییە لە ڕژێمی سۆڤێت. بە ئامانجی بەهێزکردن و پەرەپێدانی سیستەمی سۆڤێتییە، کە من کەوتوومەتە خەباتکردن دژ بە ڕژێمی ستالین.

پرسیار: ئایا هێشتاش قۆناغی ئێستای شۆڕشی بەلشەڤیکی وەک «تەرمیدۆر» سەیر دەکەیت، یان ئایا ڕوانگەی ئێوە بەو جـۆرەی لە ئۆتۆبیۆگرافییەکەتاندا هاتووە، بە ڕووداوەکانی دوای دەرچوونی ئێوە لە ڕووسیای سۆڤێت، سەلمێنراوە؟

وەڵام: من هەرگیز نەموتووە قۆناغی ئێستای شۆڕش، «تەرمیدۆر» بووە. چەمکی مێژوویی «تەرمیدۆر» ناوەرۆکێکی ورد و دەقیقی هەیە: واتە تەکمیلەکردنی قۆناغی یەکەمی دژەشۆڕشگێڕییەکی سەرکەوتووانە. تەرمیدۆر لە یەکێتیی کۆماریی سۆڤێتدا، هیچ مانایەکی دیکەی نییە، جگە لە بەدەسەڵاتگەیشتنی بۆرژوازیی - ئەگەرچی لە فۆرمێکی نیوەداپۆشراودا - و دواجار هەوڵی شۆڕشی ئۆکتۆبەر. من هەرگیز لە هیچ کات و شوێنێکدا نەمووتووە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لێکهەڵوەشاوەتەوە. ئەم بیروبۆچوونە بەردەوام لەلایەن چاپەمەنییەکانی ستالینەوە دەدرێتە پاڵ من، ئەویش بۆ چەند مەبەستێک، کە هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندییە حەقیقییەکانەوە نییە.

ئەوەی دەرمبڕیوە و دەریدەبڕم ئەوەیە، کە بەپێی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، تۆێژێکی بیرۆکراتیی بەهێز گەشەیکردووە کە تیایدا ئینتیما و ئاراستە تەرمیدۆرییە چالاک و ناچالاکەکان زۆر بەهێزن. ئەگەرچی سەرکەتنەکانیان هێشتا زۆر دوورە. وەستانەوە دژ بەم ئاراستانە، برینییە لە خەباٹ بۆ سەربەخۆیی حزبی کۆمۆنیسٹ، یەکێتییە کرێکارییەکان و شوراکان(سۆڤێتەکان)، و بۆ چاودێریکردنی هەستیاریی ئەوان لەسەر بیرۆکراسی. ئەم بۆچوونە دوای نەفیکردنی من لە ڕووسیای سۆڤێتدا لە زەینی مندا دروسٹ نەبوو؛ بەپێچەوانەوە، ئەمە هۆکاری نەفیکردن و دوورخستنەوەی من بوو. بیرۆکراسییەک هیچ جۆرە هێرشێک بە ڕۆڵی ڕێبەرایەتیی خۆی ناسەپێنێٹ. مەترسیی زاتیی لە ئاراستە تەرمیدۆرییەکانی بیرۆکراسییەکدا، تەواو بۆ لینین ڕوون و ئاشکرا بوو. ئەو دژ بەم مەترسییە لە دوایین وتاری خۆیدا لە کۆنگرەی یازدەهەمی حزب لە ساڵی 1922 هۆشداریی دا. دوایین گفتوگۆی من لەگەڵ لینیدا بۆ ئەم کێشەیە تەرخانکرابوو. لینین پێشنیاری ئەوەی کرد، کە من لەگەڵ ئەودا بلۆکێک دژ بەو بیرۆکراتیزمە دروستبکەم، کە بە بۆچوونی ئەو، هەروەها منیش، کەوتبووە بەردەستی دەزگای سکرتێریی حزب بەڕێبەرایەتیی ستالین. دووەمین نەخۆشی لینین بووە ڕێگر لەبەردەم ئەنجامدانی ئەم پڕۆژەیە.

**دەستکەوتە سۆسیالیستییەکان، زەمینە بۆ لاوازکردنی بیرۆکراسیی خۆشدەکەن**

پرسیار: ئایا پێویسٹ بە چاکسازیکردنی دیکتاتۆریی کۆمۆنیستی لە ڕووسیادا دەکاٹ؟ و دەبێٹ چۆن چاکسازیی تێدا بکرێٹ؟

وەڵام: ئەم پرسیارە، پەیوەندییەکی توندی بە دوو پرسیاری یەکەمەوە هەیە. شایانی باس نییە، کە دەستکەوتە ئابوورییەکان، یەکێتیی سۆڤێتیی

زۆر بەهێز کردووە، لەهەمانکاتدا پێگەی دەزگای ڕەسمیی ستالینیشی تەواو لاوازکردووە. لێرەدا هیچ پارادۆکس یان دژبەرییەک بوونی نییە. لە ئاستی یەکەمدا، بۆ کۆی ڕەگەزە بەئاگاکانی خەڵکی یەکێتیی سۆڤێت تەواو ڕوونە، کە دەستەوتەکان لە بواری پیشەسازی و بەهاوبەشیکردندا تەنها بەو هۆیەوە ڕەخسا، کە بیرۆکراسیی ستالین دژ بەرهەڵستیی دەستپەروەردەکانی خۆی، کولاک، وەستایەوە، کە خۆیان بەدوور دەگرت لە تەسلیمکردنی دانەوێڵە بە دەوڵەت؛، کەواتە بیرۆکراسیی ناچار بوو بەرنامەی ئۆپۆزیسیۆنی چەپ هەڵبگرێت و جێبەجێی بکات. «مەکدۆناڵد»ی پارێزەری بازرگانیی ئازاد چۆن بەر بەرنامەی پارێزگاریی «ژۆزێف چەمبەرلین» کەوتووە، ستالینیش بەمجۆرە بەر بەرنامەکەی ئێمە کەوتووە؛ چەمبەرلین لە سەردەمی خۆیدا لە ڕاپرسییەکاندا بەشێوەیەکی بێڕەحمانە زیانی بەرکەوت. چەمبەرلینی ئەمڕۆ (من مەبەستم باوکە، نەک کوڕ) لە بریتانیا بەهەرحاڵ لە مەکدۆناڵد مەحبوبترە، بێگومان چەمبەرلین زۆر دەمێک پێش ئێستا مرد، بەڵام ڕێبەرانی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنی ڕووسیا زیندوون. ڕاکۆڤسکی لە «بارنائۆل» بە وردییەکی لەڕادەبەدەرەوە بەدوای کۆی پرۆسەکانی پیشەسازی و سیاسەتدا دەچێت لە یەکێتیی سۆڤێتدا. هۆکاری دووەم و گرنگری لاوازیی بیرۆکراسیی سۆڤێتی، لەم حەقیقەتەدا هەیە، کە دەستکەوتە ئابوورییەکان نەک تەنها ژمارەی کرێکارانی ڕووس، بەڵکو ئاستی کولتوروی، دڵنیابوونیان لەهێزی خۆیان و هەستیی سەربەخۆیی ئەوانی بەرزتر کردووەتەوە. کۆی ئەم چۆنایەتیی و تایبەتمەندییانە، زۆر بەزەحمەت لەگەڵ بیرۆکراتیدا هەڵدەکات. سەرەڕای ئەمە، دەزگای ستالین لە خەباتی خۆیدا بۆ دەسەڵات و هەیمەنە، ڕژێمی بیرۆکراتیی بە بەهێزترین حاڵەتی خۆی گەیاندووە. من دەمەوێت بەتایبەتی پێداگریی لەسەر ئەم واقیعە بکەم کە دەستکەوتە ئابوورییەکان، کە بەگشتی لەمێژوودا ڕوودەدات، شوێنی توێژی حاکمی لاواز کردووە، نەک

بەهێزی کردبێت. من گۆڕانە گرنگەکان لە مینۆدەکانی ڕژێمی سۆڤێتدا بە حەتمی سەیر دەکەم، و ئەویش لە داهاتوویەکی بەڕادەیەک نزیکدا. ئەم گۆڕانانە زیان و لێدان لە دیکتاتۆریی بیرۆکراسیی ستالین دەدات، و بێگومان ڕەوت و ئاراستە بۆ گەشەکردنی دیموکراسیی سۆڤێتیی یان شورایی دەکاتەوە بەپێی ئەو بنەمایانەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دایڕشتوون.

**پێشبینیی گەڕانەوە بۆ ناو حزب**

پرسیار: ئایا ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ڕووسیای سۆڤێت دەکەیت؟ لەژێر چ هەلومەرجێکدا ئەمە ڕوودەدات؟ لەو حاڵەتەدا چ پلان و بەرنامەیەکت دەبێت؟

وەڵام: وابیردەکەمەوە، ئەو گۆڕانانەی لەسەرەوە باسکران، گەڕانەوەی «ئۆپۆزیسیۆنی چەپ» بۆ دەستێوەردانی چالاکانە لە یەکێتیی سۆڤێتدا دەڕەخسێنێت و دەیکاتە شتێکی حەتمی.

**بەرگریکردن لە برونینگ؟ – تۆمەتێکی ستالینیستی!**

پرسیار: وا باسکراوە کە تۆ، هانی کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیات داوە بۆ بەرگریکردن لە حکومەتی «برونینگ»، وەک ئامرازێک بۆ دواخستنی سەرکەوتنی هیتلەریزم. ئایا ئەم قسەیە ڕاستە؟ بۆچی سیاسەتی هەنوکەیی کۆمۆنیزمی ئەڵمانیا بە ناڕاست دەبینیت؟

وەڵام: گەلێک ڕاپۆرت بەم ناوەڕۆکانەوە، کە من کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیام هانداوە، تا بەرگریی و پارێزگاریی لە حکومەتی برونینگ بکەن، بێگومان هەموویان ناڕاستن. چاپەمەنییەکانی ستالین ئەم پڕۆژەیەیان خستووەتە پاڵ من، و ئەو ژۆرنالیستانەش، کە لە دۆخەکە تێناگەن، ئەم ئایدیایەیان وەرگرتووە. من پێشنیازم بۆ کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیا کردووە،

بەمانایەک سیاسەتی «یەک بەرە» بگرنە بەر. کۆمۆنیستەکان دەبێت پێشنیاری بەرنامەیەکی خەباتی پراکتیکی بەهاوکاریی یەکتر دژ بە هێرشی فاشیستی بۆ سۆسیال دیموکراتەکان و یەکێتییە کرێکارییەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەوان بکەن. کۆمەڵانی خەڵکی سۆسیال دیموکرات تەواو ڕاستگۆیانە حەزدەکەن بچنە ژێرباری خەباتێکی وەهاوە. ئەگەر ڕێبەران خۆیان بەدوور بگرن، ئەوا خۆیان لەبەردەم خەڵکی خۆیاندا سووک دەکەن. ئەگەر ڕێبەران قبوڵی بکەن، خەڵک لە پراکتیکدا دەچنە سەرووی ڕێبەرانەوە و پشتیوانیی کۆمۆنیستەکان دەکەن. هەموو کەسێک دەبێت فێرببێت سوود لە ناکۆکییەکانی ناوەوەی کەمپی نەیاران و دوژمنان وەربگرێت. تەنها بە سیاسەتێکی بەم ڕادەیە نەرمەوەیە کە سەرکەوتن بۆ سەرەوە دەڕەخسێت. ستراتیژی، هەم مانۆڕ دەگرێتەوە و هەم هێرش. چکۆلەترین گومانم لەوە نییە، کە پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا، سەرباری بوونی بەرهەڵستیی بیرۆکراسیی ستالین، ئەم ستراتیژییە فێردەبێت؛ ستراتیژییەک کە تەنها بەو هۆیەوە بوو بەلشەڤیزم توانی لە ڕووسیادا بگاتە دەسەڵات.

**قەیرانی ئێستا: ئاکامەکانی بۆ ئەوروپا و ئەمریکا**

پرسیار: ڕوانگەی ئێوە دەرهەق بە قەیرانی ئابووریی جیهانیی ئێستا و پێشهاتەکانی بۆ نەزمی کۆمەڵایەتیی باڵادەست چییە؟ ئایا هێشتا باوەڕت بە شۆڕشی جیهانیی هەیە، وەک ئاکامێکی گریمانەیی قەیران، کە سەرمایەداریی بەسەر قەیراندا زاڵدەبێت و دەچێتە نێو قۆناغێکی جێگیرەوە؟ پێگەی ڕووسیای سۆڤێت لە سەردەمی جێگیربووندا چۆن دەبێت؟ ئایا قەیرانی ئابووریی جیهانی پێویستی بە پێداچوونەوە بە سیاسەتە ئابوورییەکانی ڕووسیای سۆڤێتدا نییە؟

وەڵام: قەیرانی ئابووریی هەنوکەیی، بێگومان دەرکەوتەی ئەم واقیعەیە، کە سەرمایەداریی جیهانی وەک سیستەمێک زیاد لەپێویست تەمەنی

هەیە. پرسی زەمەنی مێژوویی جێگرەوەی بە سیستەمێکی دیکە، هەڵبەت بە فۆرمە جیاوازەکان بۆ وڵاتە جیاوازەکان و بەتایبەت بۆ بەشە جیاوازەکانی جیهان، دیاریدەکرێت. ئەوروپای ئەمڕۆ، هیچ ڕێگایەکی بۆ دەرچوون نییە. ئەگەرچی ڕۆڵی ئۆتۆماتیکی یاساکانی بازاڕ، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی نەرمی قەیران لە ئەوروپا دوای یەک دوو ساڵ، بەڵام قەیران لە کاتێکی کورتدا بەهێزێکی دووبەرابەرەوە دەگەڕێتەوە. هێزە بەرهەمهێنەرەکان خەریکن لەنێو چاڵە نەتەوەییەکانی ئەوروپادا لەناو دەچن. پڕۆژەی ساویلکانەی «م. بریاند» بۆ یەکێتیی ئەوروپا، لەنێو تاقیکردنەوەی سەرۆکایەتیی حکومەت و نووسینگەی ڕۆژنامەکانەوە دەرنەکەوتووە و هەرگیزیش دەرناکەوێت. چینە باڵادەستەکان، قەیران بە وێرانکردنێکی زیاتری ئابووریی ئەوروپا و بەهێزکردنی سیاسەتەکانی پارێزگاریکردن و میلیتاریزم چارەسەر دەکەن. لەژێر وەها هەلومەرجێکدا، من هیچ چاوەڕوانییەکم بۆ جێگیربوونی گشتیی سەرمایەداریی ئەوروپا نییە.

**پرسیار: چۆن لە پێگەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دۆخی هەنوکەیی جیهاندا دەڕوانیت؟**

وەڵام: پێموایە بەهۆی قەیرانی هەنوکەییەوە، هەژموونی سەرمایەداریی ئەمریکا بەسەر سەرمایەداریی ئەوروپادا هێشتا بە شێوەیەکی بەرچاوتر گەشە دەکات. بەم جۆرە، لە ئەنجامی هەر قەیرانێکدا، نۆ گەشەیەک لە هەژموونی سەرمایەگوزاریی گەورە بەسەر سەرمایەگوزاریی بچووکدا، مۆنۆپۆلیی کۆمپانیا تەریکەکان دەبینیت. بەهەرحاڵ ئەم گەشەکردنە ناچارییەی هەژموونیی جیهانیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بریتی دەبێت لە گەلێک دژبەریی قوڵتر و زیاتر هەم لە ئابووری و هەم لە سیاسەتی کۆماریی گەورەی ئەمریکادا. چینی باڵادەستی ئەمریکا بە پیادەکردنی دیکتاتۆریی دۆلار بەسەر سەرتاپای

جیهاندا، دژبەرییەکانی سەرتاسەری جیهان دەهێنێتە نێو بناغەی هەیمەنە و هەژموونیی خۆیەوە. ئابووری و سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، زیاتر لەپێشوو، ڕاستەوخۆ وابەستەی قەیرانەکان، جەنگەکان و شۆڕشەکان دەبێت لە سەرتاپای بەشەکانی جیهاندا. پێگەی «چاودێر» ناتوانێت بۆ ماوەیەک بە شێوەیەکی ڕەسمی بمێنێتەوە. پێموایە ئەمریکا گەورەترین سیستەمی میلیتاریزمی زەوی، دەریایی و ئاسمانییە کە بشێت وێنای دروستکردنی بکەین. دەرکەوتنی بێ چەندوچونی ئەمریکا لەنێو دڵی «کورتبینییە لۆکاڵییە» کۆنەکانی خۆیەوە، خەبات بۆ بازاڕەکان، گەشەکردنی چەکداری، و سیاسەتی جیهانیی چالاک، ئەزموونی قەیرانی هەنوکەیی – هەموو ئەمانە بەناچاری گۆڕانێکی قوڵ بەسەر ژیانی ناوەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەهێنێت. دەرکەوتنی پارتێکی کرێکاریی حەتمییە. ڕەنگە بە «ڕیتمێکی ئەمریکایی» دەستبەکار بکات، لەناوچوونی یەکێک لەو دوو حزبە کۆنەی لیبکەوێتەوە، وەک لیبراڵەکان لە بریتانیادا ڕەش بوونەتەوە.

وەک دەرەنجام، دەبێت بڵێین یەکێتیی سۆڤێت، لەڕووی تەکنیکییەوە ئەمریکانیزە دەبێت؛ ئەوروپا سۆڤێتیزە دەبێت، یان دەکەوێتە نێو داوی بەربەرییەتەوە؛ ویلایەتە یەکگرتووەکانیش لەڕووی سیاسییەوە، ئەوروپاییزە دەبێت.

## 4

## فاشیزم و دروشمە دیموکراتییەکان

**١. ئایا ڕاستە هیتلەر «دەمارگیرییە دیموکراتییەکان»ی لەناوبردووە؟**

بڕیارنامەی مانگی ئەپرێلی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی «کۆمیتەی جێبەجێکردنی ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستْ» بەناونیشانی «دەربارەی دۆخی هەنوکەیی لە ئەڵمانیا» بە بۆچوونی ئێمە لە مێژوودا وەک بەڵگەیەکی یەکلاییکەرەوە و هەرەسیی کۆمینتێرنی تەقلیدکەرەوە دەسەلمێنرێتْ. تاجی ئەم بڕیارنامەیە پێشبینییەکە، کە تیایدا کۆی زیانەکان و دەمارگیرییە بیرۆکراسییە ستالینیستییەکان بەدواسنووری خۆیان دەگەن. بڕیارنامە بە دەنگێکی بەرز ڕایدەگەیەنێتْ «دامەزراندنی دیکتاتۆریی ئاشکرای فاشیستی بە لەناوبردنی سەرتاپای وەهمە دیموکراتییەکانی جەماوەران و بە ڕزگارکردنی ئەوان لە نفوزی سۆسیال دیموکراسی، ڕیتمی پێشڕەوی شۆڕشی پرۆلیتاریا لە ئەڵمانیا خێراتر دەکاتْ».

پێدەچێتْ فاشیزمی لەناکاو لۆکۆمۆتیڤی مێژوو: وەهمە دیموکراتییەکان وێران دەکاتْ، جەماوەران لە نفوزی سۆسیال دیموکراسیی ڕزگار دەکاتْ، پێشڕەوی شۆڕشی پرۆلیتاریا خێراتر دەکاتْ. بیرۆکراسیی ستالینیستیی ئەرکە بنچینەییەکان بە فاشیزم دەسپێرێتْ، کە خۆی دەریخستْ، بە تەواوی بێتوانایە لەوەی ئەنجامیان بداتْ.

لەڕووی تیۆرییەوە، گومان لەوەدا نییە سەرکەوتنی فاشیزم بەڵگەیە

لەسەر ئەو ڕاستییەی دیموکراسیی گەیشتووەتە کۆتایی خۆی؛ بەڵام لەڕووی سیاسییەوە، ڕژێمی فاشیستیی دەمارگیرییە دیموکراتییەکان دەپارێزێت، سەرلەنوێ بونیادیان دەنێتەوە، لەنێوان لاواندا زیندوویان دەکاتەوە، تەنانەت دەتوانێت بۆ ماوەیەکی کورت زۆرترین دەسەڵات بەوان بدات. بەدیاریکراوی ئەمە یەکێکە لە گرنگترین فۆرمەکانی ڕۆڵی مێژوویی کۆنەپارێزیی فاشیزم.

بیروباوەڕپەرستەکان(Doctrinaires) لە چوارچێوەی شکڵەکاندا بیردەکەنەوە. جەماوەران لەگەڵ واقیعەکان یان فاکتەکاندا بیردەکەنەوە. چینی کرێکار وەک گۆڕانێکی زیندوو لە چارەنووسی مرۆڤدا لە ڕووداوەکان تێدەگەن، نەک وەک ئەزموونگەلێک بەم یان ئەو «تێز»ـە. سەرکەوتنی فاشیزم میلیۆنێک جار زیاتر ئاستی پێشڕەویی سیاسیی زیاد دەکات، نەک پێشبینییکردنی داهاتوویەکی نادیار، کە لێیەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەگەر لەنێو دڵی هەرەسیی دیموکراسییەوە، دەوڵەتێکی پرۆلیتاریی سەریهەڵدابایە، پێشڕەویی کۆمەڵگا، هەروەها پێشڕەویی ئاگایی جەماوەری، هەنگاوێکی گـەورەی بـەرەو پێشەوە هەڵدەهێنا، بـەڵام لەبەر ئـەوەی لە واقیعدا، سەرکەوتنی فاشیزم بوو کە لەنێو دڵی شکست و هەرەسیی دیموکراسییەوە سەریهەڵدا، ئاگایی جەماوەری پاشەکشەی کرد - هەڵبەت تەنها بۆ ماوەیەک. تێکشکانی دیموکراسیی ڤایمار بەدەستی هیتلەر، بەو ڕادەیە دەکرێت کۆتایی بە وەهمە دیموکراتییەکان بهێنێت، کە گڕتێبەردانی ڕایشتاگ (ئەنجوومەنی ئەڵمانیا) بەدەستی گورینگ (یاریدەدەری هیتلەر) دەتوانێت پەرلەمانپەرستیی وشک بکات.

### 2. نموونەی ئیسپانیا و ئیتاڵیا

چوار ساڵی بـەردەوام بیستمان دیموکراسی و فاشیزم تەواوکەری یەکترین نەک دژی یەکتر. ئەی ئێستا چی ڕوویداوە کە سەرکەوتنی فاشیزم

دەتوانێت جارێک و بۆ هەمیشە دیموکراسی لەنێوبەرێت؟ واباشە لەم بارەیەوە بوخارین، زینۆڤیف یان «خودی» مانولیسکی چەند ڕوونکردنەوەیەک بەدەستەوە بدەن.

کۆمینترن، دیکتاتۆریی میلیتاری-پۆلیسیی پریمۆ دی ڕیڤێرا فاشیزمی ڕاگەیاند، بەڵام ئەگەر سەرکەوتنی فاشیزم بە مانای سڕینەوەی دواجاری دەمارگیرییە دیموکراتییەکانە، چۆن دەکرێت ئەم واقیعە ڕوون بکرێتەوە، کە دیکتاتۆریی پریمۆ دی ڕیڤێرا شوێنی خۆی بۆ کۆمارییەکی بۆرژوازیی چۆڵکرد؟ دروستە کە ڕژێمی ڕیڤێرا مەودایەکی زۆری لەگەڵ فاشیزمدا هەبوو، بەڵام هەرچییەک بووبێت لانیکەم خەسڵەتێکی هاوبەشی لەگەڵ فاشیزمدا هەبوو: لەئەنجامی شکستی سیستەمی پەرلەمانیدا سەریهەڵدا، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی کاتێک هەرەسیی خۆی دەرکەوت شوێنی خۆی بە پەرلەمانتاریزمی دیموکراتیی بداث.

ڕەنگە بگونجێت بڵێین شۆڕشی ئیسپانیا ئینتیمای پرۆلیتاری هەیە و سۆسیال دیموکراسی لە یەکگرتنیدا، لەگەڵ کۆماریخوازەکانی دیکەدا توانیویەتی گەشەکردنەکەی لە قۆناغی پەرلەمانتاریزمی بۆرژوازییدا بوەستێنێت، بەڵام ئەم قسەیە، کە لەخۆیدا دروستە، تەنها قسەکەی ئێمە ڕوونتر دەسەلمێنێت، کە ئەگەر دیموکراسیی بۆرژوازیی لە شکستپێهێنانی شۆڕشی پرۆلیتاریادا سەرکەوتوو بێت، هۆکارەکەی، بریتییە لەو واقیعەی لەژێر کۆیلایەتیی دیکتاتۆریی «فاشیستی»دا، وەهمە دیموکراتییەکان، نەک لاواز نەبوون، بەڵکو بەهێزتر بوون.

ئایا بەدرێژایی دە ساڵ حکومەتی ستەمکاریی مۆسۆلینی «وەهمە دیموکراتییەکان» لە ئیتاڵیادا لەنێو چوون؟ فاشیستەکان خۆیان وێنەیەکی ئاوای بارودۆخەکە بەدەستەوە دەدەن، بەڵام لە ڕاستیدا وەهمە دیموکراتییەکان هێزێکی تازە پەیدا دەکەنەوە. لەم قۆناغەدا نەوەیەکی نوێ گەورە بووە.

لەڕوانگەی سیاسییەوە لە هەلومەرجێکی ئازاددا نەژیاوە، بەڵام بەباشی دەزانێت فاشیزم چییە: ئەمە بە دیاریکراوی هەلومەرجێکە، دەبێتە هۆی دیموکراسیخوازییەکی خاو و بێ ڕۆح. ڕێکخراوێک بەناوی «جوستیزیا ئی لیبریا» (عەدالەت و ئازادی) لە ئیتاڵیادا ئەدەبیاتی دیموکراتیی نایاسایی بڵاودەکاتەوە و سەرکەوتوویشە. ئایدیا دیموکراسییەکان بەمجۆرە لایەنگرانێک پەیدا دەکەن کە ئامادەن خۆیان بکەنە قوربانی. تەنانەت گشتاندنە نەرم و شلەکانی پاشایەتیخوازیی لیبراڵ، کۆنت سفۆرزا، بە شێوەی نامیلکەگەلی نایاسایی بڵاودەبنەوە. ئیتاڵیا بەدرێژایی ئەم ساڵانە هێندە گەڕاوەتە دواوە!

ڕوون نییە بۆچی فاشیزم دەیەوێت لە ئەڵمانیا ڕۆڵ بگێڕێت، ئەویش ڕێک دژ بەو ڕۆڵەی لە ئیتاڵیادا گێڕای. ئایا هۆکارەکەی ئەمەیە کە «ئەڵمانیا، ئیتاڵیا نییە؟» فاشیزمی سەرکەوتوو لە ڕاستیدا لۆکۆمۆتیڤی مێژوو نییە، بەڵکو ستۆپێکی گەورەیە لەو ڕێگایەدا. چۆن سیاسەتی سۆسیال دیموکراسی، ئامادەکاریی بۆ سەرکەوتنی هیتلەر کرد، ڕژێمی ناسیۆنال سۆسیالیزم (نازیزم) بەناچاری دەبێتە هۆی گەرمبوونی تەندوری وەهمە دیموکراتییەکان.

### 3. ئایا سۆسیال دیموکراسی دەتوانێت خۆی زیندوو بکاتەوە؟

هاوڕێیانی ئەڵمانیا شایەتیی لەسەر ئەوە دەدەن، کە کرێکارانی سۆسیال دیموکرات ، تەنانەت زۆرێــک لە بیرۆکراتەکانی سۆسیال دیموکراسی «وەهمی خۆیان» بۆ دیموکراسیی لەدەستداوە. ئێمە دەبێت هەموو ئەو شتانە لە وزەی ڕەخنەیی کرێکارانی ڕیفۆرمیست، لەئاستی فێرکارییە شۆڕشگێڕییەکەیاندا، هەڵبگرینەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێت «لەوەهمداماڵین»ی ڕیفۆرمیستەکان بە ڕوونی دەرک بکرێت. ڕاهیبەکانی سۆسیال دیموکراتیک هێرشدەکەنە سەر دیموکراسی تاکو پاساو بۆ ڕۆڵی خۆیان بهێننەوە. ئەوان ئامادە نین دان بەوەدا بنێن، کە ئەوان چەندین

جەبان و ترسنۆکی شایستەی سەرزەنشتکردن و سوکایەتیپێکردن بوون، بێ توانا لە جەنگان و شەڕکردن بۆ ئەو دیموکراسییەی کە خۆیان دایانمەزراند و بۆ کورسییە لەرزۆکەکانیان. ئەمەیە کە ئەو بەڕێزانە کەمتەرخەمی خۆیان دەخەنە ئەستۆی دیموکراسییەکی نادیار و نامەلموس. وەک دەبینین ئەم ڕادیکاڵیزمە نەک تەنها نەهاتووە، بەڵکو بەتەواوی، درۆزنانەیە! بێڵە بۆرژوازیی بە پەنجەی بچووکی خۆی بانگی ئەم «لەوەهمداماڵینانە» بکات و ئەوان چوارپێ بەرەو ڕێککەوتن و هاوپەیمانییەکی نوێ لەگەڵ ئەودا دەڕۆن. بەڵێ، ئەمە ڕاستە کە لەنێوان جەماوەرانی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتدا، ڕقێکی ڕاستەقینە لە خیانەتەکان و وەهمە دیموکراسییەکان خەریکە دروست دەبێت، بەڵام بە چ ئاستێک؟ بەشێکی گەورە لەنێوان حەوت تا هەشت میلیۆن کرێکاری سۆسیال دیموکرات لە بەرزترین سەرلێتێکچوون، ناچالاکیی نائومێدانە و تەسلیمبوون لەبەرانبەر سەرکەوتووانیدا دەژین. لە هەمانکاتدا، نەوەیەکی نوێ لە ژێر چەتری فاشیزمدا دروست دەبێت، نەوەیەک دەستووری ڤایمار بۆ ئەو دەبێتە حیکایەت و ئەفسانەیەکی مێژوویی. ئەوسا بەکریستاڵبوونی سیاسیی ناوەوەی چینی کرێکار لەسەر چ هێڵێکدا دەگیرێتە بەر؟ ئەمە بەستراوەتەوە بە گەلێک هەلومەرجی جۆراوجۆرەوە و بۆ نموونە بەستراوەتەوە بە سیاسەتی ئێمەوە.

لەڕووی مێژووییەوە، چۆڵکردنی ڕاستەوخۆی ڕژێمی فاشیستی بۆ دەوڵەتی کرێکاری مەحاڵ نییە، بەڵام بەدیهاتنی ئەمەش پێویستی بەوە هەیە، حزبێکی کۆمۆنیستیی بەهێز و نایاسایی لە پرۆسەی خەبات دژ بە فاشیزم دروست ببێت تا پرۆلیتاریا بتوانێت لەژێر ڕێبەریی کۆمۆنیزمدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام پێویستە بڵێین دامەزراندنی پارتێکی شۆڕشگێڕی لەم چەشنە لە بارودۆخێکی نایاساییدا، هێندەش ئاسان نییە؛ بەهەرحاڵ، شتێک بوونی نییە لە پێشەوە گەرەنتیی بکرێت. ناڕەزایەتی، شێوان و

جۆش و خرۆشی جەماوەران، لە سائێکی دیاریکراو بەدواوە، زۆر خێراتر لە دروستبوونی نایاسایی حزبی پێشڕەو، گەشە دەکات. و هەر ناشەفافییەتێک لە ئاگایی جەماوەردا بەناچاری لە بەرژەوەندیی دیموکراسیدا تەواو دەبێت.

ئەمە هەرگیز بەو مانایە نایەت، کە ئەڵمانیا دوای کەوتنی فاشیزم، دەبێت دووبارە ساڵەهای ساڵ لەسەر تەختەکانی قوتابخانەی پەرلەمانتاریزمدا دابنیشێت. فاشیزم ئەزموونی سیاسیی ڕابردوو ڕەش ناکاتەوە؛ تەنانەت کەمتر لەوەش دەتوانێت بونیادی کۆمەڵایەتیی نەتەوە بگۆڕێت. چاوەڕوانکردنی سەردەمێکی نوێ و درێژماوەی دیموکراسی لە درێژبوونەوەی پرۆسەی بارودۆخەکە لە ئەڵمانیادا، یەکێک دەبێت لە گەورەترین هەڵەکان، بەڵام لە بێداربوونەوەی شۆڕشگێڕیی کۆمەڵانی خەڵکدا، دروشمە دیموکراتییەکان بەناچاری دەبنە یەکەم وەرز. تەنانەت ئەگەر پێشڕەویی زیاتری خەبات بە گشتی، تەنانەت بۆ ڕۆژێکیش ڕێگا بە زیندووکردنەوەی دەوڵەتی دیموکراتیک نەدات (و شتێکی وەها دەکرێت ڕووبدات) خەبات خۆی ناتوانێت پەرە بە دروشمە دیموکراتییەکان بدات! ئەو پارتە شۆڕشگێڕییەی هەوڵبدات، باز بەسەر ئەم قۆناغەدا بدات هەرەس بەخۆی دەهێنێت.

پرسی سۆسیال دیموکراسی لەنزیکەوە پەیوەندیی بەم ڕوانگە گشتییەوە هەیە. ئایا دووبارە لەسەر سەکۆکە دەردەکەوێتەوە؟

ڕێکخستنە کۆنەکان نەماون و مەحاڵیشە باوەڕ بە گەڕانەوە بهێنین، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە سۆسیال دیموکراسی ناتوانێت بە فۆرم و شکڵێکی مێژوویی نوێ زیندوو ببێتەوە. پارتە ئۆپۆرتۆنیستەکان، کە لەژێر لێدانە کۆنەپارێزەکاندا هێندە بە ئاسانی دەکەون و پەرتەوازە دەبن، لە یەکەمین زیندووکردنەوەی سیاسییدا بەو سادەییە دووبارە ژیانیان بەبەردا دەکرێتەوە. ئێمە لە ڕووسیادا ئەمەمان لە نموونەی مەنشەڤیکەکان و سۆسیال-شۆڕشگێڕەکاندا بینی. سۆسیال دیموکراسیی ئەڵمانیا، نەک تەنها ناتوانێت

خۆی زیندوو بکاتەوە، بەڵکو ئەنانەت دەتوانێت نفوزێکی بەرفراوان بەدەست بهێنێت، بەتایبەت ئەگەر پارتی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕیی «نەفیکردن»ی دۆگماتیکی دروشمە دیموکراتییەکان بکاتە جێگرەوەی ئاراستەی دیالەکتیکی دەربارەی ئەوانە. ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کۆمینترن لەم بوارەدا، وەک زۆر بواری دیکە، یاریدەدەری بێ بەرانبەری ڕیفۆرمیزمە.

**4. براندلەریستەکان باشتر لە ستالینیستەکان**

گومڕایی لە پرسی دروشمە دیموکراتییەکاندا بنچینەییتر لە هەمووان خۆی لە تێزەکانی پلانی گروپی ئۆپۆرتۆنیستی براندلەر–تالهایمەردا دەربارەی پرسی خەبات دژ بە فاشیزم دەرخستووە. لەم تێزانەدا ئەوە دەخوێنینەوە کە حزبی کۆمۆنیست «دەبێت فۆرمەکانی ناڕەزایەتیی هەموو(!) چینەکان دژ بە دیکتاتۆریی فاشیستیی یەک بخات» (لە دەقی ئۆرگیناڵدا هێڵ بەژێر وشەی «هەموو»دا هاتووە)، بەهەرحاڵ ئەم تێزانە بە سووربوونەوە هۆشداریی ئەوە دەدەن کە: «دروشمی لاوەکی ناتوانێت سروشتێکی بۆرژوا–دیموکراتیکی هەبێت». ئەم دوو قسەیە، کە هەردووکیان هەڵەن، پارادۆکسێکی ئاشتنەبووەوەیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە. لە ئاستی یەکەمدا، فۆرمولی یەکێتیی ناڕەزایەتیی «هەموو چینەکان» بە تەواو مەحاڵە باوەڕی پێبکرێت. مارکسیستەکانی ڕووسیا لە قۆناغێکدا سوودییان لە فۆرمولەبەندییەکی ئاوا بۆ خەبات دژ بە حکومەتی تزار وەرگرت، هەڵەیان کرد. لەنێو دڵی ئەم سوودوەرگرتنە هەڵەیەدا، چەمکی مەنشەڤیکیی شۆڕش هاتە دەرەوە کە ستالین پاشان دەربارەی وڵاتی چین بەکاریهێنا، بەڵام لە ڕووسیادا لانیکەم مەسەلەکە ناکۆکیی وڵاتی بۆرژوازیی بوو لەگەڵ پاشایەتیی ئەریستۆکراتیدا. چۆن دەبێت لە وڵاتێکی بۆرژوازیدا باسی خەباتی «هەموو چینەکان» دژ بە فاشیزم بکرێت، کە خۆی ڕاگەیاندنێکی بۆرژوازیی گەورەیە دژ بە پرۆلیتاریا؟ فێرکەرانە دەبێت، ئەگەر ببینین تالهایمەر، دروستکەری

تیۆرییەکی عەوامانە، چۆن ناڕەزایەتیی هۆگنبێرگ (بەڵێ، ئەویش بەشێکە لە ناڕازییان) لەگەڵ ناڕەزایەتیی کرێکاری بێکاردا یەک بخات. چۆن دەتوانێت بزووتنەوەی «هەموو چینەکان» یەک بخات مەگەر بە بونیادنانی خۆی لەسەر دیموکراسیی بۆرژوازیی؟ پێکهاتەیەکی سەیروسەمەرەی کلاسیکیی ئۆپۆرتۆنیزم لەگەڵ ئۆڵترا-ڕادیکاڵیزم لە گوتاردا!

هەرچەند وردەبۆرژوازیی زیاتر لە فاشیزم نائومێد ببێت و سەرەنجام ببنە خاوەنی عەرشەکەیان و دەزگای دەوڵەتیی گۆشەگیریان، ئەوا بزووتنەوەی پرۆلیتاریا دژ بە ڕژێمی فاشیزمیش خەسڵەتێکی جەماوەریتر وەردەگرێت. ئەرکی حزبی پرۆلیتاری بەکارهێنانی لاوازیی ساختە لەلایەن کۆنەپارێزیی وردەبۆرژوازییدا بۆ هاندان و جوڵاندنی چالاکیی پرۆلیتاریا لە ڕێگای هێنانی توێژەکانی خوارەوەی وردەبۆرژوازیدا.

دروستە کە گەشەکردنی ناڕەزایەتیی توێژەکانی نـاوەڕاسـت و گەشەکردنی بەرهەڵستیی کرێکاران، درزێک لە بلۆکی چینی حاکمدا دروست دەکات و «بەرەی چەپ»ـەکانیان ناچار دەکات بەرەو پەیوەندییگرتن لەگەڵ وردەبۆرژوازیدا بڕۆن، بەڵام ئەرکی حزبی پرۆلیتاری لە پەیوەندیدا بە بەرەی «لیبراڵ»ی خاوەنداردا ئەمە نییە کە ئەوان بانگ بکات بۆ بلۆکی «هەموو چینەکان» دژ بە فاشیزم، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەمەیە ڕاستەوخۆ خەباتێکی یەکلاییکەرەوە لەدژی ئەوان ڕابگەیەنێت و هەوڵبدات لەنێو توێژەکانی خوارەوەی وردەبۆرژوازیدا پشتگیریی بەدەستبهێنێت.

لەژێر چەتری کام دروشمە سیاسییەکاندا ئەم خەباتە ئەنجام دەدرێت؟ دیکتاتۆریی هیتلەر ڕاستەوخۆ لەنێو دڵی دەستووری ڤایمارەوە سەریهەڵدا. نوێنەرانی وردەبۆرژوازیی بە دەستی خۆیان دەسەڵاتی دیکتاتۆرییان گواستەوە بۆ هیتلەر. ئەگەر گەشەکردنی زۆر خوازراو و خێرای قەیرانی فاشیستیی بە گریمانە وەربگرین، ئەوسا خواستی ڕاوەستانی ڕایشتاگ بە ئامادەبوونی

هەموو نوێنەرە لابراوەکان دەتوانێت، لە ساتێکی دیاریکراودا، کرێکاران لەگەڵ فراوانترین توێژەکانی وردەبۆرژوازییدا یەکبخات. ئەگەر قەیران دواتر بێت و یادەوەریی ڕایشتاگ تا ئەو کاتە لەنێو چووبێت، دروشمی هەڵبژاردنە نوێکان دەتوانێت مەحبوبییەتێکی زیاتر پەیدا بکات. هەر ئەوەندە بەسە، کە ڕێگایەکی گونجاو هەیە. ئەوەی لە سەرەتاوە دەستی خۆمان ببەستین لە پەیوەندیدا بە دروشمە دیموکراتییە کاتییەکانەوە، کە یەکێتیی وردەبۆرژوازیی ئێمە و توێژە دواکەوتووەکانی پرۆلیتاریا خۆیان ڕەنگە بەسەر ئێمەیاندا بسەپێنن، ئەوا دەبێتە دۆگماتیزمێکی مەرگەساتاوی.

بەڵام براندلەر-تالهایمەر دەڵێن ئێمە دەبێت تەنها، بەرگریکاریی «مافە دیموکراتییەکان بین بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار: مافی کۆبوونەوە، سەندیکا کرێکارییەکان، ئازادیی چاپەمەنی، ڕێکخستن و مانگرتن». ئەوان بۆ پێداگرییەکی زیاتر لەسەر ڕادیکاڵیزمەکەی خۆیان، ئەمەش زیاد دەکەن: «ئەم خواستانە بێگومان(!) دەبێت لە خواستەکانی بۆرژوا-دیموکراتیک بۆ مافە دیموکراتییەکانی هەمووان جیابکرێنەوە». هیچ کەسێک هێندەی ئەو ئۆپۆرتۆنیستە بێ نەوا نییە کە چەقۆی ئۆڵترا-ڕادیکاڵیزمی لە دەمی خۆی گرتووە!

ئازادیی گردبوونەوە و چاپەمەنی تەنها بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار تەنها و تەنها لەژێر چەتری دیکتاتۆریی پرۆلیتاریادا دەستدەدات، واتە لە هەلومەرجی بە نەتەوەییکردنی باڵەخانەکان، چاپخانەکان و هتد. ڕەنگە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە ئەڵمانیاش ناچار بێت یاساگەلێکی ئاوارتە یان نائاسایی دژ بە چەوسێنەران دەربکات: ئەمە پەیوەندیی بە ساتێکی مێژووییەوە، بە هەلومەرجێکی ئەنتەرناسیۆنالەوە، بە پەیوەندییەکانی هێزە ناوخۆییەکانەوە هەیە. بەڵام لەم میانەیەدا ڕێی تێدەچێت کرێکارانی ئەڵمانیا دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، هێندە دەسەڵات لەخۆیاندا هەست پێبکەن کە

مۆڵەتی ئازادیی گردبوونەوە و چاپەمەنیی بە چەوسێنەرانی دوێنێش بدەن. دیارە ئەمەش گونجاو لەگەڵ نفوزی واقیعیی سیاسیی خۆیان و نەک پانتایی گەنجینەکانیان؛ گەنجینەکانیان پێشتر دەستی بەسەرداگیراوە. سەرەنجام، تەنانەت لە سەردەمی دیکتاتۆریی (پرۆلیتاریا)یشدا لە بنەڕەتەوە، پرەنسیپێک بۆ بەرتەسککردنەوەی لەپێشەوەی ئازادیی گردبوونەوە و چاپەمەنی بۆ خودی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار بوونی نییە. پرۆلیتاریا ڕەنگە ناچار بکرێت سنووردارێتییەکی لەم چەشنە دابمەزرێنێت؛ بەڵام ئەمە پرسە سەرەکیی و پرەنسیپییەکە نییە. بەرگریکردن لە خواستێکی وەها لە بارودۆخی ئەڵمانیای ئەمڕۆدا کە تیایدا ئازادیی گردبوونەوە و چاپەمەنی بۆ هەمووان هەیە، تەنها پرۆلیتاریا نەبێت، دوو هێندە پووچ و بێمانایە. بەرپاکردنی خەباتی پرۆلیتاریی دژ بە دۆزەخی فاشیستی، لانیکەم لە قۆناغی یەکەمی خۆیدا، لەژێر چەتری وەها دروشمگەلێکەوە ئەنجامدەدرێت: مافی کۆبوونەوە و چاپەمەنی بە ئێمە، بە کرێکارانیش بدەن. هەڵبەت کۆمۆنیستەکان لەم قۆناغەیشدا پروپاگەندە لە بەرژەوەندیی حکومەتیی سۆڤێتیدا دەکەن، بەڵام لە هەمانکاتدا بەرگریی لە هەموو بزووتنەوە جەماوەرییە ڕاستەقینەکان دەکەن، کە خاوەن دروشمە دیموکراتییەکانن و لەهەرشوێنێک بڕەخسێت و بگونجێت پێشڕەویی ناو ئەم بزووتنەوانە بەدەستەوە دەگرن.

لەنێوان سیستەمە دیموکراسییە بۆرژوازییەکان و دیموکراسییە پرۆلیتارییەکاندا، سیستەمی سێیەم بوونی نییە کە ناوەکەی بریتی بێت لە «دیموکراسیی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار»، بەڵێ، دروستە کە کۆماری ئیسپانیا، تەنانەت لە دەقی دەستوورەکەیدا، خۆی ناودەنێت «کۆماری چینی کرێکار»، بەڵام ئەم فۆرمولە بۆ شارلاتانیزمی سیاسییە. پێدەچێت فۆرمولی براندلەری دیموکراسیی «تەنها بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار»، بەتایبەت بە یەکگرتنی لەگەڵ «یەکێتیی هەموو چینەکان»دا، بەدیاریکراوی بۆ بەلاڕێدابردن و

گومڕاکردنی پێشڕەویی شۆڕشگێڕییە لە گرنگترین پرسی داڕێژراوی خۆیدا: «کەی و بە چ ڕادەیەک خۆمان بۆ بزووتنەوەی وردە بۆرژوازی و توێژە دواکەوتووەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار تەرخان بکەین؟ لە پەیوەندیدا بە ڕیتمی بزووتنەوە و دروشمەکانی ڕۆژدا، چ ئیمتیازاتێک بەوان بدەین تا لەڕێگای کۆکردنەوەی پرۆلیتاریا لەژێر ئاڵای دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕیی خۆماندا سەرکەوتوو بین؟»

لە کۆنگرەی حەوتەمی حزبی کۆمۆنیستیی ڕووسیادا، لە مارسی 1918، لە باسوخواسی بەرنامەی حزبدا، لینین دەستیکرد بە خەباتێکی یەکلاییکەرەوە دژ بە بوخارین کە دەیوت پەرلەمانتاریزم، جارێک و بۆ هەمیشە، لەناوچووە و لەڕووی مێژووییەوە «بەکۆتایی هێڵەکە گەیشتووە». لینین وەڵامی دایەوە: «ئێمە دەبێت بەرنامەیەکی نوێ بۆ دەسەڵاتی سۆڤێتەکان (شوراکان) بنووسین، بێ ئەوەی بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە پەرلەمانتاریزمی بۆرژوازیی مەحکوم بکەین. ئەو باوەڕە لە خۆش خەیاڵییەک بەو لاوە هیچی دی نییە، کە دەڵێت ئێمە بۆ دواوە ناگەڕێینەوە... دوای هەر پاشەکشەیەک، ئەگەر هێزە چینایەتییە دژ و نەیارەکان لەگەڵ ئێمەدا، ئێمە بەرەو ئەم دۆخە کۆنە فڕێبدەن، ئەوا بەرەو ئەو شتە دەڕۆین، کە لە ئەزموونیدا دەستی بەسەردا گیراوە - دەسەڵاتی سۆڤێتەکان...».

لینین، لە چوارچێوەی وڵاتێکدا دژ بە پەرلەمانتاریزمی دۆگماتیستی دەوەستایەوە، کە ئێستا گەیشتبوو بە حکومەتی سۆڤێتی: لینین ئەوەی فێری بوخارین کرد، کە ئێمە نابێت لە پێشەوە دەستەکانمان ببینین، چونکە ڕەنگە بەرەو هەڵوێست و دۆخێک فڕێ بدرێین کە پێشتر دەستمان بەسەردا گرتبوو. لە ئەڵمانیا، هیچ باسێکی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا نەبووە و نییە. لە بەرانبەردا، ئەوە دیکتاتۆریی فاشیزمە لەسەر کارە؛ ئەڵمانیا تەنانەت لە دیموکراسیی بۆرژوازییشدا فڕێدراوەتە دواوە. لەم هەلومەرجەدا،

مەحکومکردنی لەپێشەوەی بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە دروشمە دیموکراتییەکان و پەرلەمانتاریزمی بۆرژوازیی واتا کردنەوەی ڕێگا بۆ جۆرێک سۆسیال دیموکراسیی نوێ.

پرینکیپۆ (دوورگەیەک لە ئەستەمبوڵ)، 14ی تەممووزی 1933

**5. پروپاگەندەی دژەئایینی**

ڕێگەم بدەن جارێکی دیکە بگەڕێمەوە سەر بابەتی پروپاگەندەی دژەئایینی، وەک یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی بواری ژیانی ڕۆژانە. لێرەدا ئیقتیباسێک لە بڕیارنامەی کۆنگرەی سێزدەهەم دەهێنمەوە. ئەم ئیقتیباسە، کورتە: «پێویستە سەرنجێکی ورد لە پروپاگەندە باوەکانی زانستە سروشتییەکان بدرێت (پروپاگەندەی دژەئایینی)». لەبیرم نییە ئایای ئەم جۆرە فۆرمولەبەندییە کە پروپاگەندەی دژە ئایینی لە کەوانەدا دوای «پروپاگەندەی باوی زانستە سروشتییەکان» دادەنێت، لە ڕابردووشدا بەکارهێنراوە یان نا، تەنانەت ئەگەر بەکاریش هێنرابێت، ئەمە ئێستا بەشێوەیەکی ڕەسمی جێگیرکراوە. ئەم قسەیە، پێویستی بە ئاراستەیەکی تازە و جیاواز هەیە بۆ بابەت و مەسەلەیەکی کۆن.

لەژێر کاریگەریی ئەرێنیی هێزی بزوێنەردا، کە کۆنگرەکەی ئێوە و بەتایبەت بەستنەکەی، دروستیکرد، ناچارکراوم لە بابەتێکی زۆر گەورە و بەرفراوانی بڵاوکراوە بڕوانم کە بەشێوەیەکی باو دەرفەتی پێداچوونەوەیانم نەبووە، بەتایبەت بڵاوکراوەی کاریکاتۆری «بزبۆژنیک» (بێ خوا) کە تیایدا کاریکاتۆرگەلێکی زۆر و زەوەندی کاریگەری هەندێک لە باشترین کاریکاتۆرە باوەکانی هەیە؛ گۆڤارێک کە بێگومان ڕۆڵێکی ئەرێنیی بۆ هەیە لە ناوەندە تایبەت و لە بنەڕەتدا شارییەکان، بەڵام سەرەڕای ئەمە زۆر بە زەحمەتی ڕەوتێکی دروست دەگرێتە بەر بۆ خەباتکردن دژ بە خورافات

و وەهمپەرستییەکان. لەم میانەیەدا لاپەڕەی ژمارە بە ژمارەکانی دەکرێت دۆئلێکی ماندوونەناس لەگەڵ یەهوە، مەسیح و ئەڵلادا ببینینەوە، جەنگێکی ڕووبەڕوو لەنێوان کاریکاتۆریستەکاندا بە لێهاتووییەوە، «دیمیتری مۆر» و خوا. هەڵبەت ئێمە بەتەواوی لە بەرەی مۆرداین، بەڵام ئەگەر بڕیار بێت ئەم گشتە شتێک بێت کە ئەنجامیدەدەین، یان ئەگەر بڕیار بووایە ئەمە ئەرکی سەرەکیی ئێمە بێت، لەو حاڵەتەدا بەداخەوە ئەم دوئێلە بە کێبڕکێیەکی یەکسان کۆتایی دێت...

بەهەرحاڵ، ئەمە تەواو ڕوون و مشتومڕهەڵنەگرە کە لە کاتی ئێستادا ئێمە ناتوانین بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و دروست دژ بە خوا شەڕ بکەین. ئەمە بۆ ئێمە بەس نییە. ئێمە ماتریالیزم دەکەینە جێگرەوەی عیرفان، بەر لە هەرشتێک ئەزموونی دەستەجەمعیی کۆمەڵانی خەڵک فراوانتر دەکەین، هەژموون و نفوزی چالاکییەکەی لە کۆمەڵگادا دەبەینە سەرەوە، ئاسۆی زانینی ئەرێنییەکەی پەرە پێدەدەین و بەم پێیە، لێدانێک لە دەمارگرژییە ئایینییەکان (لەهەر شوێنێکدا پێویست بێت)، دەدەین.

مەسەلەی ئایین، گرنگییەکی گەورە و زۆرترین نێکەڵاویی بە کاری کولتووری و بونیادی سۆسیالیزمەوە هەیە. مارکس لەلاوێتیدا وتی: «ڕەخنەی ئایین، بنەڕەتی هەر ڕەخنەیەکی دیکەیە». بە چ مانایەک؟ بەو مانایە ئایین جۆرە مەعریفەیەکی وەهم و خەیاڵیی جیهانە. ئەم خەیاڵە دوو سەرچاوەی هەیە: لاوازیـی ئینسان لە بەرانبەر سروشت و نەگونجانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان؛ ترس لە سروشت، یان گرنگی پێنەدانی، بێتوانایی لە شیکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یان فەرامۆشکردنیان، ئینسانی والێکرد تا بە خوڵقاندنی وێنە خەیاڵییەکان هەوڵبدات پێداویستییەکانی لە کۆمەڵگەدا دابینبکات و بیانکاتە قوربانی ئەم حەقیقەتە وەهمییە و لەبەردەم خوڵقێنراوەکانی خۆیدا، سوژدە بەرێت. ڕیشەی ئەم خوڵقاندنە

لەنێو پێداویستیی پراکتیکیی ئینسان دایە بۆ دۆزینەوە و جێگیرکردنی خۆی - کە لە هەلومەرجی ململانێ بۆ مانەوە سەرچاوە دەگرێت -.

ئایین، سازشکردنێکی ئامانجدارە لەگەڵ ژینگەی دەوروبــەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرکەوتووانە لەگەڵ ململانێی مانەوەدا. لەم سازشەدا، یاساگەلێکی سوودمەند و گونجاو هــەن، بــەڵام ئەمە سەرتاپا ئێکەڵی ئەفسانەکان، وەهمەکان، خەیاڵات و مەعریفە ناواقیعییەکان بوون. دروست وەک ئەو فۆرمەی گەشەکردنی کولتوور، کەڵەکەکردن و زەخیرەی مەعریفە و کۆنترۆڵکردنە، ڕەخنەی ئایینیش بنەڕەتی هەر ڕەخنەیەکی دیکەیە. بۆ هەموارکردنی ڕێگایەک بۆ مەعریفەی دروست و حەقیقی، دەبێت مەعریفەی تەزویر و خەیاڵی لەناوبەرین. ئەگەرچی ئەمە تەنها کاتێک دروستە کە مەسەلەکە لە گشتێتییەکەیدا لەبەرچاوبگرین. لەڕوانگەی مێژووییەوە، نە تەنها لە بوارگەلێکی تاک و تەنهادا، بەڵکو لە پەرەسەندنی کۆی چینەکاندا، مەعریفەی حەقیقی لە فۆرمەکان و گونجانە جیاوازەکانیدا ئێکەڵی دەمارگیرییە ئایینییەکان بــووە. خەبات دژ بە ئایین و کۆی فۆرمەکانی ئەفسانە و وەهمەکان بەگشتی کاتێک سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر ئایدیۆلۆژیای ئایینی دژ بە پێداویستییەکانی چینێکی دیاریکراو لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی نوێدا بێت. بە دەربڕینێکی دیکە، کاتێک کەڵەکەکردنی مەعریفە و پێداویستیی بۆ مەعریفە، نەکەوێتە نێو چوارچێوەی حەقیقەتە ناواقیعییەکانی ئایینەوە، لێدانێک بە تیغی ڕەخنە بەسە تا پەردەی ئایین بدڕێنێت.

سەرکەوتنی فشاری دژەئایینی، کە بەدرێژایی چەند ساڵی ڕابردوو پیادەم کردووە، بەم حەقیقەتەوە ڕوون دەکرێتەوە، کە توێژە پێشڕەوەکانی چینی کرێکار، ئەو کەسانەی چوونە نێو قوتابخانەی شۆڕشەوە، واتە ئاراستەیەکی چالاکیان بەرانبەر بە حکومەت و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان گرتەبەر، زۆر بە ئاسانی مەیدانی دەمارگیرییە ئایینییەکانیان لەناوبردووە،

که خۆی بە شێوەیەکی تەواو بە گۆڕان و وەرچەرخانەکانی پێشوو، لاواز بووبوو، بەڵام دۆخەکە کاتێک بەشێوەیەکی بەرچاو جیاواز دەبێت، کە پروپاگەندەی دژەئایینی نفوزی خۆی بۆ توێژە کەمتر چالاکەکانی دانیشتووان، نەک تەنها گوندەکان، بەڵکو بۆ شارەکانیش فراوان بکرێت. مەعریفە و زانستی واقیعی، کە ئەوان بەدەستیان هێناوە، زۆر بەرتەسک و سنووردارە، بەجۆرێک دەکرێت ماڵ بە ماڵ دەمارگیریی ئایینی بوونی هەبێت. ڕەخنەی ڕاستەوخۆ لەم دەمارگیرییانە، کاتێک پەناگا و سەپۆرتێکی لە ئەزموونی فەردی و دەستەجەمعیدا نەبێت، هیچ ئەنجامێکی لێناکەوێتەوە، کەواتە پێویستە لە گۆشەیەکی دیکەوە لێی نزیک ببینەوە و مەیدانی ئەزموونی کۆمەڵایەتی و مەعریفەی واقیعی فراوان بکەین.

ئامرازەکانی گەیشتن بەم ئامانجە، جیاوازن. هۆڵەکانی نانخواردنی گشتی و دایەنگاکان ڕەنگە بزوێنەرێکی شۆڕشگێڕی بە ئاگایی ژنی ماڵەوە بدەن و پرۆسەی دابڕان لە ئایین بەجۆرێک لەودا بەهێز و خێرا بکەن. میتۆدە ئاوڕشێنە ئاسمانییەکان بۆ وێرانکردنی ژەنگە میوەییەکان لەوانەیە ڕۆڵێکی وەها بۆ جوتیاران بگێڕێت، هەر ئەوەی کرێکاری پیاو و ژن لە ئەنجوومەنەکاندا بەشداریدەکەن - ئەو ئەنموومەنانەی ئەوان بۆ دەرەوەی قەفەسی بەرتەسک و بچووکی خێزان، لەگەڵ ئەو چوارچێوەیەی وێنەی مەسیح و چرا بەردەستەکەی، ڕێنمایی دەکات - یەکێک لە ڕێگاکان بۆ ڕزگاربوون لە دەمارگیرییە ئایینییەکان دەکاتەوە و هتد. ئەم ئەنجوومەنانە دەتوانن و دەبێت بە وردییەکەوە توانای بەرهەڵستییکردنی دەمارگیرییە ئایینییەکان هەڵبسەنگێنن و ڕێگاگەلێکی ناڕاستەوخۆ بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم دەمارگیرییانەدا بە فراوانکردنی ئەزموون و مەعریفە، پەیدا بکەن، کەواتە لە خەباتی دژەئایینیدا، هەندێکجار قۆناغەکانی هێرشبردنی ڕووبەڕوو و ڕاستەوخۆ شوێنی خۆیان چۆڵدەکەن بۆ قۆناغگەلێکی ئابلوقە، ماسکپۆشین

و مانۆرە ناڕاستەوخۆکان. بەگشتی، ئێمەیش ئێستا چووینەتە نێو قۆناغێکی وەهاوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە لە داهاتوودا هیچ هێرشێک ناکەین، تەنها ئەوەندە پێویستە بۆ ئەوە ئامادە بین.

هێرشی ئێمە بۆسەر ئایین دروستبووە، یان نادروست؟ دروستبووە. ئایا ئەنجامی هەبووە؟ بەڵێ. چ کەسانێکی بەرەو ئێمە هێناوە؟ ئەوانەی بەپێی ئەزموونی پێشوو، ئامادە کراون تا خۆیان سەرتاپا لە دەمارگیرییە ئایینییەکان پاک بکەنەوە. سەرەڕای ئەمە، هێشتاش کەسانێک هەن، تەنانەت ئەزموونی گەورەی شۆڕشگێڕیی ئۆکتۆبەر ئەوانی لە کۆت و بەندی ئایین ڕزگار نەکردووە. لێرەدا، میتۆدە ڕەسمییەکانی ڕەخنە، هەجو، کاریکاتێری دژەئایینی و هتد، توانا و کاریگەرییەکی زۆر کەمیان هەیە؛ و ئەگەر فشار، بەهێزتر بێت، ڕەنگە ئەنجامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە.

دەبێت کەسێک بەردەکە کون بکات - کێ دەزانێت، ئەم بەردە چەندە ڕەقە! - دینامیتەکان بەکاربێنە، فتیلەکە پێ بکە و بڕۆ دواوە... و پاش ماوەیەک تەقینەوەیەکی نوێ و وردوخاشبوونێکی نوێ پەیدا دەبێت، واتا توێژێکی دیکەی خەڵک لە جەماوەری بەرفراوان جیادەبنەوە... بڕیارنامەی کۆنگرەی حزب، پێماندەڵێت لەم بوارەدا، ئێمە دەبێت ئێستا لە تەقینەوە و هێرشبردن، بچینە نێو کارێکی درێژماوەتری ماسکپۆشینەوە، ئەویش بەر لە هەرشتێک بە پەرەپێدانی زانستە سروشتییەکان.

بۆئەوەی دەریبخەم چۆن هێرشێکی ڕووبەڕوو و بێ ئامادەکاری، دەتوانێت هەندێکجار ئەنجامی تەواو ناچاوەڕوانکراوی بـەدواوە بێت، نموونەیەکی سەرنجڕاکێش دەهێنمەوە، کە پەیوەندیی بەم دواییانەوە هەیە و تەنها لەسەر زاری هاوڕێیانەوە بیستوومە، چونکە بەداخەوە لە چاپەمەنییەکاندا نەهاتووە. ئەم ئەزموونە پەیوەندیی بە حزبی کۆمۆنیستی نەرویژییەوە هەیە. وەک ڕەنگە لەبیرتان بێت، لە ساڵی 1923دا ئەم حزبە

دابەشبوو بەسەر زۆرینەیەکی ئۆپۆرتۆنیست بەڕێبەرایەتیی «ترانمائیل» و کەمینەیەکی شۆڕشگێڕیی بە وەفا بۆ ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیست. لە هاوڕێیەکم پرسی کە لە نەرویژ دەژیا: چۆن «ترانمائیل» توانی زۆرینە بەدەستبهێنێت – هەڵبەت تەنها بۆ ماوەیەکی کاتی. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو، کەسایەتیی ئایینیی ماسیگرانی نەرویژییەوە بوو. وەک دەزانن ڕاوی ماسی بازرگانییەکە ئاستێکی زۆر نزمی تەکنەلۆژیای هەیە و تەواو سەر بە سروشتە، هەر ئەم بونیاتەیە بۆ دەمارگیرییەکان و خورافاتەکان؛ و ئایین بۆ ماسیگرانی نەرویژ، وەک ئەوەی ئەم هاوڕێیە بە گاڵتەوە پێیگوتم، شتێکە وەک «زرێپۆشێک» وایە.

لە ئەسکەندەناڤیایشدا کەسانێک هەبوون لە ڕیزی ڕۆشنبیران و ئەکادیمییەکاندا گاڵتەیان بە ئایین دەکرد. بەڕاستی ئەوان کەوتنە بەر هێرشی بێڕەحمانەی مارکسیستەکانەوە و حەقیشیان بوو وایان لێبێت. ئۆپۆرتۆنیستەکانی نەرویژ بە شارەزاییەوە سوودیان لەم هەلە وەرگرت، تاکو ماسیگران بخەنە بەرانبەر ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستەوە، کەواتە ماسیگرێکی شۆڕشگێڕ، بە سیمپاتییەکی قوڵەوە بۆ یەکێتیی سۆڤێت، بەرگریکاری ئەنتەرناسیۆنال کۆمۆنیست، ڕاستگۆیانە بەخۆی دەگوت: «دواجار ئەمە بابەتەکەیە؛ یان دەبێت بۆ ئەنتەرناسیۆنال کۆمۆنیست بم و بێ خوا بڕۆم ڕاوی ماسی بکەم، یاخود دەبێت بە دڵێکی پڕ لە کەسەرەوە لێی جیاببمەوە» و جیاش بووەوە. ئەم حیکایەتە دەریدەخات، کە چۆن ئایین دەتوانێت هەندێکجار بە تیغێکی تیژ و بڕندەوە تەنانەت بێتە نێو سیاسەتی پرۆلیتاریاشەوە.

دیارە ئەمە بەجۆرێک زیاتر بۆ جوتیارەکانی ئێمە ڕاستە، کە سروشتی ئایینیی نەریتیی ئەوان پەیوەندییەکی نزیکی بە هەلومەرجەکانی کشتوکاڵیی دواکەوتووی ئێمەوە هەیە. ئێمە تەنها بەهێنانی کارەبا و کەرەستەی کیمیایی بۆ کشتوکاڵیی جوتیاری دەتوانین بەسەر دەمارگیرییە ئایینییە

ڕیشەداکوتاوەکاندا زاڵبین. هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە، کە ئێمە نابێت سوود لە هەر باشبوونێکی تەکنیکی و هەر ساتێکی گونجاوی کۆمەڵایەتیی بەشێوەیەکی گشتیی بۆ پروپاگەندەی دژەئایینی، بۆ گەیشتن بە دابڕان و چاڵێکی بەشەکی و پارتیکولار لە ئاگایی ئایینیدا وەربگرین. نەخێر، هەموو ئەمانە وەک پێشوو زەروورین، بەڵام ئێمە دەبێت ڕوانگەیەکی گشتیی دروستمان هەبێت.

تەنها بە داخستنی دەرگای کڵێساکان، وەک لەهەندێک ناوچەدا ئەم کارە کراوە، و یان بە هەموو توندڕەوی و زیادەڕەوییە حکومییەکانەوە، نەک تەنها ناتوانین هیچ سەرکەوتنێکی یەکلاییکەرەوە بەدەستبهێنین، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕێگاکە بۆ گەڕانەوەیەکی بەهێزتری ئایین خۆشدەکەین.

ڕاستە کە ڕەخنەی ئایین، بناغەی هەر ڕەخنەیەکی دیکەیە، ئەمەش ڕاستە، کە لە سەردەمی ئێمەدا، گەیاندنی کارەبا بۆ کشتوکاڵ بناغەی لەناوچوونی خورافاتەکانی جوتیارانە. دەمەوێت لە پەیوەندییدا بە گرنگی گەیاندنی کارەباوە بۆ کشتوکاڵ، چەند دەستەواژەیەکی بەرزی ئەنگڵس بگوازمەوە، کە تا ماوەیەک پێش ئێستا نەزانرابوون.

بەم دواییانە هاوڕێ ڕیازانۆڤ نامەکانی ئەنگڵسی لەگەڵ بێرنشتاین و کائۆتسکیدا بۆ یەکەم جار بڵاوکردەوە. نامەگەلێک کە سەرسوڕهێنەرن. گرنگی ئەنگڵسی پیر دوولایەنە، هەرچەند بابەتی زیاتر و زیاتری ئەو دەچنە بواری گشتییەوە، کەسایەتیی ئەویش زیاتر لە پێشوو هەم لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە و هەم شەخسییەوە ئاشکراتر دەبێت. من ئیقتیباسێک دەهێنمەوە، کە ڕاستەوخۆ باس لە مەسەلەی گەیاندنی کارەبا و زاڵبوون بەسەر درزی نێوان شار و گوند دەکات.

ئەنگڵس ئەم نامەیەی لە ساڵی 1883دا بۆ بێرنشتاین نووسیوە. لەبیرتان بێت لە ساڵی 1882دا، ئەندازیاری فەڕەنسی، «دوپرە» ڕێگایەکی

دۆزییەوە بۆ گواستنەوەی وزەی کارەبا لەڕێگای تەلەوە. ئەگەر هەڵە نەبم، لە پێشانگایەکدا لە میونشن – یان بەهەرحاڵ لە هەر شوێنێکی ئەڵمانیادا – گواستنەوەی وزەی کارەبای بە پێودانگی یەک یان دوو ئەسپی هەڵمی بۆ پێنج کیلۆمەتر نمایشکرد. ئەمە، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئەنگڵس هەبوو، کە بە قوڵی حەزی لە هەموو داهێنانێک کردبوو لە بواری زانستە سروشتییەکان و هتددا. ئەو بۆ بێرنشتاین دەنووسێت:

«نوێترین داهێنانی دوپرە... پیشەسازیی لە هەموو بەرتەسکبوونەوەو سنووردارێتییەکی لۆکاڵی ئازاد دەکات، تەنانەت بەکارهێنانی دوورترین توربینی ئاو دەڕەخسێنێت. تەنانەت ئەگەر لە سەرەتادا تەنها لە شارەکاندا بەکاربهێنرێت، دواجار دەبێت بە بەهێزترین هەڕەم بۆ نەهێشتنی ململانێ و ناکۆکیی نێوان شار و گوند بگۆڕێت».

ڤیلادیمێر ئیلیچ (لینین) ئاگای لەم هێڵانە نەبوو. ئەم نامەیە بەم دواییانە ئاشکرا بووە و دەرکەوتووە. ئەم نامەیە لە ئەڵمانیا و لەنێو موڵک وماڵەکانی بێرنشتایندا شاردرابووەوە، تا ئەو کاتەی هاوڕێ ڕیازانۆڤ توانی دەستی پێبیگات و بیدۆزێتەوە. نازانم ئایا هاوڕێیان ئێوە لەوە تێدەگەن، کە لینین خووی بە چ وردبوونەوەیەکی دەقیق و چ حەزێکی بەهێزەوە گرتبوو، کە لە بەرهەمەکانی مامۆستایان و پێشینانی خۆیدا، مارکس و ئەنگڵس، قوڵ ببێتەوە، و بەڵگەیەکی نوێ بۆ تێگەیشتنی ئەوان، گشتێتی و گەردوونیی بیرکردنەوە و توانای ئەوان بە ڕوانگەیەکی پێشتر لە کاتی خۆی، بدۆزێتەوە. گومانم نییە ئەگەر لینین ئەم قسەیەی بینیبایە – کە ئەنگڵس تیایدا، ڕۆژی دوای خستنەڕووی مینۆد و ڕێگایەک، ئەویش لە بنەڕەتدا بەشێوەیەکی تاقیگەیی، بۆ گواستنەوەی وزەی کارەبا بۆ مەوداگەلێکی دوور و درێژ، لە داهاتووی پیشەسازیی دەڕوانێت، گوند دەبینێت و دەڵێت ئەم داهێنانە تازەیە بەهێزترین هەڕەمە بۆ نەهێشتن و لابردنی ناکۆکیی نێوان

شار و گوند – ئەمەی دەکرد بە ئەکسیۆمی بیرکردنەوەی حزبەکەی ئێمە. کاتێک ئەم قسەیە یان ئیقتیباسە دەخوێننەوە، وەک بڵێیت ئەنگڵسی پیر تووڕەیی دەریا (ئەو بە خواستی خۆی سووتێنرا و خاکوخۆڵەکەی ڕژێنرایە ناو دەریاوە) لەگەڵ لینین لە «مەیدانی سوور»دا دەخاتە بەرباسەوە.

هاوڕێیان! پرۆسەی لابردنی ئایین، پرۆسەیەکی دیالەکتیکییە. لەم پرۆسەیەدا، قۆناغگەلێک بە ڕیتمگەلێکی جیاوازەوە بوونیان هەیە، کە هەلومەرجی گشتیی کولتووریی ئەوانە دیاریدەکات. کۆی ئەنجوومەنەکانی ئێمە دەبێت چاو و گوێی ئێمە بن. ئەوان هەمیشە دەبێت کۆمەک بە حزب بکەن، تاکو ڕێگای خۆی لەم ئەرکەدا پەیدا بکات، ساتێکی دروست بدۆزێتەوە یان بە ڕیتمێکی ڕاست و دروستەوە بجوڵێتەوە.

لابردنی سەرتاپای ئایین کاتێک بەدیدێت، ئەگەر سیستەمێکی سۆسیالیستیی تەواو پێشکەوتوو بوونی هەبێت، واتا تەکنەلۆژیایەک لەئارادا بێت ئینسان لە هەموو جۆرە وابەستەییەکی ترسێنەرانە بە سروشتەوە ڕزگار دەکات. ئەمە تەنها لەژێر پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییدا بەدەستدێت، کە بەتاڵ بووبێتەوە لە هەموو جۆرە عیرفانێک، پەیوەندیگەلێکی تەواو شەفاف، کە مرۆڤ سەرکوت ناکات. ئایین، وەرگێڕانی بێ نەزمی و ناڕێکیی سروشت و ناڕێکیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ زمانی وێنە خەیاڵییەکان. تەنها نەمانی ناڕێکییە زەمینییەکان، دەتوانێت بۆ ئەبەد کۆتایی بە ڕەنگادنەوەی ئایینی بهێنێت. ڕێنماییەکی پلان بۆداڕێژراو، ئاگایانە و عەقڵانی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، لە کۆی ڕەهەندەکانی خۆیدا، هەموو جۆرە عیرفانییەتێکی ئیلاهی و خراپەکارییەکی ئەهریمەنی بۆ هەمیشە دەسڕێتەوە.

**6. دەربارەی تیرۆریزم**

ئەم وتارە یەکەم جار لە نۆڤەمبەری 1911 لە دێر کامپف (Der Kampf)، گۆڤاری تیۆریی مانگانەی سۆسیال دیموکراسیی نەمسا، چاپکرا. ترۆتسکی ئەم وتـارەی لەسەر داوای فرەدریک ئادلەر، سەرنووسەری گۆڤارەکە نووسی.

دوژمنانی چینایەتیی ئێمە خوویان بەوەوە گرتووە، گلەیی لەدەست تیرۆریزمی ئێمە بکەن. ئەوانەی ئەوان لەم بارەیەوە لەبەرچاوی دەگرن بەڕادەیەک ناڕوونە. ئەوان وایان پێباشە مۆرکی تیرۆریزم لە هەموو چالاکییەکی پرۆلیتاریا دژ بە بەرژەوەندییەکانی دوژمنە چینایەتییەکەی خۆیان بدەن. ئەوان چالاکیگەلێکی وەک هەڕەشەی مانگرتن، ڕێکخستنی ڕیزی مانگرتووان، گەمارۆی ئابوری خاوەن کار، کە وەک خاوەن کۆیلەکان دەجوڵێنەوە، گەمارۆی ئەخلاقیی خائینێک لە ڕیزەکانی خۆماندا و زۆر کاری دیکە، ناودەنێن تیرۆریزم. ئەگەر مەبەست لە تیرۆریزم هەموو جۆرە کردەوەیەک بێت، کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ترس، یان هەرجۆرە زیانێک بۆ دوژمن، هەڵبەت لەم حاڵەتەدا کۆی خەباتی چینایەتی شتێک نییە، جگە لە تیرۆریزم. ئێستا تەنها ئەو پرسیارەی دەمێنێتەوە ئەوەیە، کە ئایا سیاسەتمەدارە بۆرژواییەکان مافی ئەوەیان هەیە، کۆی ئازارە ئەخلاقییەکانی خۆیان دەربارەی تیرۆریزمی پرۆلیتاریا بە کۆمەڵگە بسپێرن، لەکاتێکدا کۆی دەزگای دەوڵەتیی ئەوان بە هەموو یاساکان، پۆلیس و سوپاکەیانەوە شتێک نییە، جگە لە دەزگایەک بۆ بەرەوپێشەوەبردنی مۆدێلی تیرۆری سەرمایەداری!

بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، ئەو کاتەی ئەوان ئێمە بەهۆی تیرۆریزمەوە سەرزەنشت دەکەن، باوەڕیان بە چەمکێکی زۆر ڕاستەوخۆتر و سنووردارتر بۆ ئەو وشەیە هەیە، ئەگەرچی هەمیشە

بەئاگاییەوە ئەم کارە ناکەن. بۆ نموونە کاتێک کرێکاران ئامێرێک وێران دەکەن و تێکیدەدەن، ئەم کارەی تیرۆریزم بەم مانایە ڕاستەوخۆتر و سنووردارتر، یان بەرتەسکترە. کوشتنی خاوەن کارێک، یان سەرۆکی کارگەیەک، هەڕەشەی سوتاندنی کارگەیەک، یان هەڕەشەی کوشتن لە خاوەنی کارگەکە، جوڵانەوەی چەمکدارانە بۆ کوشتنی وەزیرێک، هەموو ئەمانە کردەوەگەلی تیرۆریستین بە مانای تەواو و ڕەسەنی وشەکە، بەڵام هەرکەسێک کە ئاگای لە سروشتی ڕاستەقینەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیال دیموکرات هەبێت، دەبێت بزانێت ئەم ڕێکخراوە هەمیشە بەجۆرێکی سەرسەخت دژ بەم مۆدێلەی تیرۆریزم بووە.

بۆچی؟

«تۆقاندن» لەڕێگای هەڕەشە بۆ مانگرتن، یان هەنگاوی ڕاستەقینە بۆ مانگرتن ئەو پراکتیکەیە، کە تەنها کرێکاران و جوتیارانی پیشەسازیی دەتوانن ئەنجامی بدەن. گرنگی کۆمەڵایەتی مانگرتنێک یەکەم پەیوەندیی هەیە، بە گەورەیی یەکەی پیشەسازیی و لقەکانی لە پیشەسازیدا، کە دەکەونە ژێرکاریگەرییەوە، دووەم پەیوەندیی هەیە بە ئاستی ڕێکخستن، دیسپلینکردنی ئەو کرێکارانەی لە مانگرتندا بەشداریی دەکەن و ئاستی ئامادەیی ئەوان بۆ چوونە نێو کردە و پراکتیکەوە. ئەم بابەتە بەو ڕادەیەی بۆ مانگرتنی ئابووریی ڕاستە، هەروەها بۆ مانگرتنی سیاسییش ڕاستە و دەسندەدات. ئەم مێتۆدەی خەباتکردن ڕاستەوخۆ لە ڕۆحی بەرهەمهێنانی پرۆلیتاریا لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا سەرچاوە دەگرێت و سەرهەڵدەدات.

سەرمایەداری بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی خۆی، پێویستی بە سەرخانێکی پەرلەمانتاریستی هەیە، بەڵام مادام ناتوانێت پرۆلیتاریای سەردەمی نوێ لەنێو کەلاوەنشینێکی سیاسییدا زیندانی بکات، درەنگ یان زوو، دەبێت ڕێگا بدات کرێکاران بچنە پەرلەمانەوە. خەسڵەتی جەماوەرئاسای

پرۆلیتاریا و ئاستی گەشەکردنە سیاسییەکەی، ئەو چۆنایەتییانەی دووبارە دەبێت بڵێین، کە بەپێی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت ڕۆڵی لە بەرهەمهێناندا دیاری بکرێن، لە هەڵبژاردنەکاندا خۆیان لەسەر سەکۆکە دەردەخەن.

مێتۆد، ئامانج و دەرەنجامی خەبات لە هەڵبژاردنەکانیشدا وەک مانگرتن هەمیشە پەیوەندیی بە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی پرۆلیتاریاوە هەیە وەک چینێک.

تەنها کرێکاران دەتوانن مانگرتن و خۆپیشاندان بەرپا بکەن. ئەو پیشەوەرانەی کارگە پیشەسازییەکان شەکەت و ئیفلیجی کـردوون، ئەو جوتیارانەی کارگەکان ئاوی دێهاتەکانیانی ژەهراوی کردووە، ئەو لۆمپەنانەی بەدوای دەستبەسەرداگرتنی شتەکانەوەن، دەتوانن ئامێرەکان وێران بکەن، کارگەیەک گڕ بدەن، یان خاوەنەکەی بکوژن.

تەنها چینێکی کرێکاری وشیار و ڕێکخراو، دەتوانێت ئەنجوومەنێکی نوێنەرایەتیی بەهێز بنێرێتە پەرلەمانەوە، کە ئارەزووی بۆ بەرژەوەندییەکانی پرۆلیتاریا هەبێت، بەڵام بۆ کوشتنی بەرپرسێکی ناسراو، پێویست بە هەبوونی پارێزگاری خەڵکی ڕێکخراو ناکات. ڕێکاری دروستکردنی بۆمب و کەرەستەکانی بۆمب لەبەردەستی هەمووواندا هەیە، لە هەموو شوێنێک دەکرێت دەمانچە بەدەست بهێنین.

بابەتی یەکەم بریتییە لە خەباتێکی کۆمەڵایەتی، کە مێتۆدەکان و ئامرازەکانی بە زەرووری لە سروشتی نەزمی کۆمەڵایەتیی باڵادەستەوە سەرچاوە دەگرێت. بابەتی دووەم تەنها کاردانەوەیەکی میکانیکییە، کە لە هەموو شوێنێک وەک یەک وان - لە چین وەک لە فەرەنسا هەیە - لە فۆرمی دەرەکیدا زۆر بەرچاو و بینراوە (کوشتن، تەقینەوە، و شتگەلێکی لەم چەشنە)، بەڵام تا ئەو شوێنەی پەیوەندیی بە سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بێ زیانە.

مانگرتنێک، تەنانەت ئەگەر ڕەهەندگەلی گەورەیشی نەبێت، گەلێک ئاکامی کۆمەڵایەتیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت: بەهێزکردنی متمانەبەخۆبوونی کرێکاران، گەشەکردنی سەندیکای کرێکاری، و لە هەندێک بواردا، تەنانەت باشتربوونی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی لێدەکەوێتەوە. کوشتنی خاوەن کارگەیەک، تەنها چەند دەرەنجامێکی پۆلیسی بەدوادا دێت، یان گۆڕینی خاوەن کارگەی لێدەکەوێتەوە، هەر چۆنێک بێت هیچ گرنگییەکی کۆمەڵایەتی نییە.

کاتێک دەوترێت ئایا هەوڵێکی تیرۆریستی، تەنانەت گەر «سەرکەوتوو»یش بێت، دەتوانێت چینی باڵادەست گێژ بکات و لاییبات یان نا، لەو ساتە تایبەتییەدا پەیوەندیی بە هەلومەرجی باڵادەستەوە هەیە بەسەر کۆمەڵگەدا. هەرچۆنێک بێت، گێژبوونی چینی باڵادەست زۆر ناخایەنێت؛ دەوڵەتی سەرمایەداریی ژیانی خۆی بەپێی ژیانی وەزیرەکانی حکومەتەکەی بونیاد نانێت و لەگەڵ ئەواندا لەناو ناچێت. ئەو چینانەی دەوڵەت خزمەتکاریانە، تاکگەلێکی تازە دەهێننە پێشەوە؛ میکانیزمی کارکردنی ئەو سیستەمە بە دەست لێنەدراوی دەمێنێتەوە و درێژە بە ژیانی خۆی دەدات.

بەڵام ئەو پەرێشانی و ئاڵۆزییەی وادەکات لەنێو ڕیزی خودی زەحمەتکێشاندا هەنگاوی تیرۆر هەڵبهێنرێت، بەجۆرێک زۆر قوڵترە لەمانە. ئەگەر بشێت تەنها بە خۆپڕچەککردن بە دەمانچەیەک، بگەین بە ئامانجەکانی خۆمان، ئیتر بۆچی دەبێت هەوڵ بدەین بۆ بەرەوپێشەوەبردنی خەباتی چینایەتی؟ ئەگەر گەردێک باروت و چەند گوللەیەک بەس بێت بۆ تەقەکردن لە دوژمن، ئایا چیتر پێویستمان بە ڕێکخستنی چین دەبوو؟ ئەگەر عەقڵ بڕیار دەدات، کە دەکرێت بە دەنگی بەرزی تەقینەوە پلەباڵاکان و بەرپرسەکان بتۆقێنرێن، کەواتە چ پێویستییەکمان بە حزب هەیە؟ ئەگەر بکرێت لە پێگەی سەردانکەراندا لە پەرلەمان تەقە لە کورسی وەزیران بکرێت، چ

پێویستییەکمان بە گردبوونەوەکان و ئامادەکردنی کۆمەڵانی خەڵک دەبوو، هەڵبژاردن بەکەڵکی چی دێت؟

لەڕوانگەی ئێمەوە تیرۆری فەردی، قابیلی قبوڵ نییە، دەقاودەق بەهۆی ئەوەی ڕۆڵی کۆمەڵانی خەڵک لە زەینی خۆیاندا بچووک دەکاتەوە، ئەوان لەگەڵ نەبوون و بێ دەسەڵاتی خۆیاندا ئاشت دەکاتەوە، و چاوەکانیان و ئومێدەکانیان بەرەو تۆڵەسەندنەوەیەک دەبات، کە ڕۆژێک دەگات و ئەرکەکەی خۆی ئەنجام دەدات.

بێڵن ئانارشیستەکان کە پەیامبەرانی «بەناوبانگی گردارگەرا»ن، دەربارەی بەرهەمەکان بەرزەفڕی بکەن و بزوێنەری تیرۆر بەسەر کۆمەڵانی خەڵدا هەرچێکیان دەوێت بیڵێن، بەڵام لێکۆڵینەوە تیۆرییەکان و ئەزموونە سیاسییەکان پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنن. هەرچەند کردەوە تیرۆریستییەکان «کاریگەرتر» بن، هەرچەندێک ئاسەواریان گەورەتر بێت، چەندە سەرنجی کۆمەڵانی خەڵک بەرەو ئەوان وەربچەرخێت، بە ڕادەی ئەوان دەبنە هۆی ئەوەی پەیوەندیی کۆمەڵانی خەڵک بە ڕێکخستن و خۆفێرکردن کەمتر ببێتەوە.

دواجار ئەو دوکەڵەی لە تەقینەوەوە دروستبووە، پەرتەوازە دەبێت، ترس و تۆقاندن نامێنێت، جێگرەوەی ئەو وەزیـرە دەردەکـەوێـت، کە تیرۆرکراوە، ژیان دووبارە هەمان بارودۆخی پێشووی خۆی دەستپێدەکاتەوە، ڕۆڵە و بۆڵبەڕینەکانی چەوساندنەوەی سەرمایەداریی، هێشتا هەر دەچەرخێن و دەخولێنەوە و کاردەکەن؛ تەنها شتێک ڕوودات ئەوەیە، کە پۆلیس دڕندانەتر و بێ چاوڕووتر لە پێشوو خەریکی خنکاندن و سەرکوتکردن دەبێت. لە کۆتاییدا، هەموو ئەو ئارەزووە درەوشاوە و هەڵچووەی بە شێوەیەکی دەستکرد دروستکرابوو، شوێنی خۆی بە نائومێدی و ساردبوونەوە دەدات.

هەوڵگەلی کۆنەپارێزانە بۆ کۆتاییهێنان بە مانگرتنەکان و بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکاران بەشێوەیەکی گشتی هەمیشە لەهەموو شوێنێکدا

هەرەسیهێناوە. کۆمەڵگەی سەرمایەداریی پێویستی بە پرۆلیتاریایەکی چالاک، پڕجوڵە و زیرەک هەیە؛ کەواتە ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ پێی پرۆلیتاریا بەستێنەوە. لەلایەکی دیکەوە «پراکتیگەرای ئانارشیستەکان هەموو جارێک دەریانخستووە، کە دەوڵەت بەجۆرێک لەڕووی هەبوونی ئامرازی وێرانکردن و سەرکوتکردنی میکانیکییەوە زۆر بەهێزترە لە گروپە تیرۆریستییەکان.

ئەگەر ئاوا بێت، ئەی ئەرکی شۆڕش چییە؟ ئایا ئەم دۆخە نیشانەی نەفیکردنەوە و مەحاڵبوونی شۆڕش نییە؟ نەخێر، هەرگیز! چونکە شۆڕش تەنها بریتی نییە لە کۆمەڵێک ئامرازی میکانیکی. شۆڕش تەنها دەتوانێت لەڕێگای بەهێزبوونی خەباتی چینایەتییەوە سەرهەڵبدات و تەنها شتێک کە سەرکەوتنەکەی دەستەبەر دەکات ئەرکی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریایە. مانگرتنی سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک، ڕاپەڕینی چەکدارانە، داگیرکردنی دەسەڵات، هەموو ئەمانە بەستراونەتەوە بە ئاستی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی بەرهەمهێنان، ڕیزبەستنی هێزە چینایەتییەکان، کێش و قورسایی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریا و دواجار چینایەتیی سوپاوە، چونکە سوپا هۆکارێکە لە کازیوەی شۆڕشدا، چارەنووسی دەسەڵاتی دەوڵەتی دیاریدەکات.

سۆسیال دیموکراسی بەڕادەیەک واقیعبینە، نەهێڵێت ئەو شۆڕشەی کە بەپێی هەلومەرجی مێژوویی هەنوکەیی خەریکە دروستدەبێت، لەبەرچاوانی نەمێنێت، بەپێچەوانەوە بەجۆرێک دەجولێنەوە، کە بتوانێت بە چاوانی تەواو کراوەوە بەرەو شۆڕش هەنگاو بنێت، بەڵام بەپێچەوانەی ئانارشیستەکان و لە خەباتی ڕووبەڕوو لەگەڵیاندا، سۆسیال دیموکراسی هەموو میتۆدەکان و ئامرازەکان بەکاردەهێنێت، تاکو بەجۆرێکی دەستکرد کۆمەڵگا بە گەشەکردن و بەرەوپێشچوون ناچار بکەن و ئامادەکارییە کیمیاییەکان دەکەنە جێگرەوەی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕیی ناکافیی پرۆلیتاریا.

تیرۆریزم پێش ئەوەی بۆ ئاستی میتۆدێکی خەبات بەرز ببێتەوە، سەرەتا لە فۆرمی پیادەکردنی تۆڵەسێنانەی فەردیدا، خۆی دەردەخات. لە ڕووسیا، نیشتمانی تیرۆریزمی کلاسیک، بەمجۆرە بوو. ئەو قامچییانەی لە زیندانییە سیاسییەکان دەدران وای لە ڤێرا زاسۆلیچ کرد هەستی تووڕەیی گشتی لەڕێگای هەوڵ بۆ تیرۆرکردنی ژەنەڕاڵ تریپۆڤ بهێنێتە مەیدانەکەوە. بازنە شۆڕشگێڕییەکانی ڕۆشنبیران، کە هیچ پارێزگاری و سەپۆرتێکی جەماوەریان نەبوو، ئەو مۆدێلەی ئەویان هەڵگرتەوە، کە بەجێی هێشتبوو. ئەوەی وەک کردەوەیەکی تۆڵەسێنانەی بیرلێنەکراوە دەستیپێکرد، لە ساڵەکانی 1879 تا 1881 گەشەیکرد بۆ سیستەمێکی پێرفێکت و تەواو. زۆربوونی هەوڵە ئەنارشیستییەکان بۆ تیرۆرکردن لە سەرتاسەری ئەوروپای خۆرئاوایی و ئەمریکای باکووری هەمیشە دوای دڵڕەقی و بێ بەزەییەکانی حکومەتەوە، لەپێشەوە بە تەقەکردن لە مانگرتووان، یان لەداردانی ئۆپۆزیسیۆنە سیاسییەکان، دەستیپێکردووە. گرنگترین سەرچاوەی دەروونیی تیرۆریزم هەمیشە هەستی تۆڵەکردنەوەیە، کە بەدوای ڕێگای دەرچووندا دەگەڕێت.

پێویست بەوە ناکات بەردەوام پێداگریی لەسەر ئەم خاڵە بکەین، کە سۆسیال دیموکراسی هیچ ڕوویەکی هاوبەشی لەگەڵ مۆرالیستە ملکەچەکان، کە لە کاردانەوەدا بەڕووی هەر جۆرە کردەوەیەکی تیرۆریستی ئامۆژگاریی ڕاهیبانە دەربارەی «بەهای موتڵەق»ی ژیانی هەموو ئینسانێک دەدەن. ئەمانە هەر ئەو کەسانەن، کە لە کات و ساتی دیکەدا بەناوی بەها باڵا و موتڵەقەکانی دیکەوە – بۆ نموونە، شانازیی نەتەوەیی و متمانە و بەهای پاشایەتییەوە – ئامادەن ملیۆنان مرۆڤ بۆ ناو دۆزەخ بەرن. ئەمڕۆ پاڵەوانی نەتەوەیی ئەوان ئەو وەزیرەیە، کە بۆ تەقەکردن لە کرێکارانی بێ چەک، بەناوی موقەدەسترین بابەتەوە، واتە خاوەندارێتیی تایبەتییەوە،

فەرمان دەردەکاتْ. سبەینێش کاتێک کرێکارانی داڕماو و بێچارە و بێکار دەستەکانی خۆیان بەشێوەی کۆڵەمشتْ بەرزدەکەنەوە، یان چەک هەڵدەگرن و دەستدەکەن بە وتنی جۆرەها قسەوباس، دەربارەی ئەوەی لەهیچ جۆرە توندوتیژییەک خۆش نابین.

سەرباری ئەوەی خەسێنراوەکانی حەرەم و زاهیدفرۆشانی ڕیاکار هەرچییەک بڵێن، هەستی تۆڵەکردنەوە لەسەرحەقە. ڕوانین لە دنیایەکی باشتر، گەورەترین ئیعتیباری ئەخلاقیی چینی کرێکارە. نەک تەنها نابێتْ هەستی تۆڵەکردنەوەی دەوڵەمەندنەبووی پرۆلیتاریا جێگیر بکەین، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێتْ دووبارە و دووبارە ئەمە بدرەوشێنینەوە، قوڵایی پێببەخشین و دژ بە هۆکارە ڕاستەقینەکانی هەموو ناعەدالەتییەکان و سوکایەتیکردن بە ئینسان بەکار بهێنین - ئەمەیە ئەرکی سۆسیال دیموکراسی.

ئەگەر ئێمە دژ بە کردەوە تیرۆریستییەکان دەوەستینەوە، تەنها و تەنها بەهۆی ئەوەوەیە، کە تۆڵەکردنەوەی فەردی، ئێمە ڕازیناکاتْ. ئەو حسابەی کە ئێمە دەبێتْ لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداریدا بەتاڵی بکەینەوە، زۆر گەورەترە لەوەی بیخەینە ئەستۆی کارمەندێک، کە ناوی وەزیری لێنراوە. فێربوونی ئەوەی هەموو ئەو تاوانانەی دژ بە مرۆڤایەتی دەکرێتْ وەک زیادبوون و هەڵکشانی بەدبەختی و بەدفەڕییەکان و دەرخەری سیستەمی کۆمەڵایەتیی باڵادەستْ ببینین، هەروەها ئەو بێ ڕێزییانەی بەجەستە و دەروونی مرۆڤەکان دەکرێتْ؛ و فێربوونی ئەوەی کۆی وزەی خۆمان بۆ خەباتی دەستەجەمعیی دژ بەم سیستەمە بەکار بهێنین، ئەمەش باشترین ڕێگایەکە کە ئارەزووی درەوشانەوەی تۆڵەکردنەوە، دەتوانێتْ گەورەترین ڕەزامەندیی ئەخلاقیی خۆمانی لێبکەوێتەوە.

## رۆژمێری رووداوە گرنگە فەلسەفییەکان

| ساڵ | زانیاری |
| --- | --- |
| سەدەی شەشەمی پ. ز. | سەرەتای فەلسەفەی رۆژئاوا لەگەڵ تالس ملتی. |
| کۆتایی سەدەی شەش پ.ز. | مردنی فیساگۆرس. |
| 399 پ. ز. | سوقرات لە ئاتن (یۆنان) مەحکوم بە مردن دەکرێت. |
| 387 پ. ز. | ئەفلاتوون «ئەکادیمی» یەکەم زانکۆی جیهانی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 335 پ. ز. | ئەرستۆ (لوکیون) خوێندنگەی رکابەری ئەکادیمی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 324 ز | کۆنستانتینی ئیمپراتۆر، پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆمی لە بیزەنت، دەگوازێتەوە. |
| 400 | ئاگوستینی پیرۆز دانپێدانانەکانی دەنوسێتەوە. فەلسەفە کێش دەکرێتە ناو ئیلاهیاتی مەسیحەوە. |
| 410 | تالانکردنی رۆم بەدەستی (ویزیگوت)ەکان، هەواڵی سەرەتای (سەدەی تاریکی) دەدات. |

| زانیاری | ساڵ |
| --- | --- |
| داخستنی ئەکادیمیا لە ئاتن (یۆنان) بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستی نیان) کۆتایی بە بیری یۆنانی دێنێت. | 529 |
| تۆماس ئاکویناس شیکردنەوەکانی ئەرستۆ دەنەخشێنێت. سەردەمی حیکمەتی وانەبێژی. | ناوەندی سەدەی 13 |
| روخانی بیزەنت بەدەستی تورکەکان و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی بیزەنت. | 1453 |
| کۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمەریکا. ڕێنیسانس لە فلۆرانس و دوبارە روکردنە زانستی یۆنانی. | 1492 |
| کۆپەر نیک (لەبابی گەڕانی تەنە ئاسمانیەکان) بڵاودەکاتەوە و بەبیرکاری دەیسەلمێنێت زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. | 1543 |
| کلێسا، گالیلو ناچار دەکات تیۆری ناوەند بوونی خۆر ئینکار بکات. | 1633 |
| دیکارت، (رامان)ی بڵاوکردەوە کەسەرەتای فەلسەفەی نوێیە. | 1641 |
| مردنی (سپینوزا) بڵاوبونەوەی (رەوشتەکان) دەرەخسێنێت. | 1677 |
| نیوتن بەبڵاوکردنەوەی (یاساوڕێسا) تێگەیشتنی کێشکردنی خستەڕوو. | 1687 |
| لۆک، (وتاری لەبابی تێگەیشتنی مرۆڤ) بڵاوکردەوە، سەرەتای ئەزمونگەرایی. | 1689 |
| بێرکلی رەگوریشەی زانستی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و چوارچێوەیەکی نوێ بە ئەزمونگەری دەبەخشێت. | 1710 |
| مردنی لایبنتز. | 1716 |

| زانیاری | ساڵ |
| --- | --- |
| هیوم (نامەی لە سروشتی مرۆڤایەتی) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەری تا سنوری لۆژیک بەرەو پێش دەبات. | 1739 |
| کانت، بەخەبەر هاتوو لە خەو بە یارمەتی (هیوم)، (رەخنەی هزری پاک) بڵاودەکاتەوە. سەردەمی فەلسەفەی گەورەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. | 1781 |
| هیگڵ (دیاردەناسی Phenomenology هـزری) بەرزترین فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی بڵاوکردەوە. | 1807 |
| شۆپنهاور (جیهانی وەک ئیرادە و وێنا)ی بـڵاوکـردەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی پێشنیار دەکات. | 1818 |
| کاتێک نیتچە رایگەیاندبوو (خوا مردووە) لە (تۆرین) تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت. | 1889 |
| وینگنشتاین (نامەی لۆژیکی ـ فەلسەفی) بڵاودەکاتەوە کە داواکاری وەڵامی کۆتایی بۆ بابەتە فەلسەفیەکانە. | 1921 |
| بازنەی ڤین پۆزەتیڤیزمی رەهـا پێشنیار دەکـات. 1927 هایدگەر (هەستی و کات)ی بڵاوکردەوە کە هەواڵی لاواز بونی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەگەیەنێت. | دەیەی 1920 |
| سارتەر (بون و نەبون «هەستی و نیستی») بڵاودەکاتەوە کە پەرە بە ئەندێشەی هایدگەر دەدات و ئەگزیستانسیالیزم Existentialism بەرێدەخات. | 1943 |
| بڵاوکردنەوەی دوای مردنی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی وینگنشتاین. بەرزترین قۆناغی شیکاری زمان. | 1953 |

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی ڕژێم و شۆڕشەکان ئەو ڕوداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | ڕۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |